بازنەی تەباشیری قەوقاز

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بێرتۆڵت برێشت

بازنەی تەباشیری قەوقاز

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

کەریم پەڕەنگ

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

دانا ڕەئووف

ناوی کتێب: بازنەی تەباشیری قەوقاز – شانۆنامە
نووسینی: بێرتۆڵت برێشت
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٠٣
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٢٧٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

برێشت، ڕووت بێرلاو و بازنەی تەباشیری قەوقاز

دانا ڕەئووف

بازنەی تەباشیری قەوقاز یەکێکە لە شانۆنامە گرینگەکانی برێشت و بەهایەکی گرینگیشی لە ڕەوتی شانۆی جیهانیدا هەیە. ئەم شانۆنامەیە باسی کودەتا و هەڵگیرسانی جەنگێک دەکا کە دەبێتە هۆی پشێوییەکی گەورە. شاردار هەڵدەواسن، ژنەکەی ڕادەکات بەڵام لە پەلەپەلیدا منداڵە ساواکەیان میخلی لەبیر دەچێت. گروشە منداڵەکە هەڵدەگرێتەوە و لەگەڵ خۆی دەیبات، بەخێوی دەکات و لەو ئاژاوە و شەڕە ڕزگاری دەکات. لەم هەڵایەدا ئازداک دەبێتە دادوەر و بە حوکمی قەرەقۆز، بەشێوەیەکی پرۆدێسکانە یاسا پەیڕەو دەکات. لە بەرئەنجامدا هەردوو کارەکتەرە سەرەکییەکە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و پرسیارەکان دەورووژێنرێت. ڕاست و بێلایەن چییە و کێ و چ شتێک ڕاست و بێلایەنە.

ژنەئەکتەری دانیمارکی ڕووت بێرلاو کە هاوسەر و هاوکاری برێشت بووە، لە نزیکەوە ئاگای لە پرۆسەی لەدایکبوونی ئەو شاکارە بووە و بە بۆچوونە ڕاستەوخۆکانیشییەوە هاریکاری برێشتی کردووە.

ڕووت بێرلاو لە یاداشتەکانیدا بەم شێوەیە باسی برێشت و شانۆنامەی (بازنەی تەباشیری قەوقازیی) دەکات. " بۆ من گرینگترین هاوکارییەکانم لەگەڵ برێشت شانۆنامەی بازنەی تەباشیری قەوقازە. برێشت لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٤٣ دا هات بۆ

نیویۆرک و بۆ ماوەی چوار مانگ مایەوە. وەک جاران برێشت لەلای من مایەوە. ئەو لە یەک کاتدا کاری لەسەر چەندین پرۆژە دەکرد و هەروەها کۆنتراکتێکی سەبارەت بە شێوازێکی بازنەی تەباشیر مۆر کرد. ئەم کۆنتراکتەش بە یارمەتی لویسە راینەری کچە ئەکتەر ئامادە کرابوو. لویسە راینەر ژنی شانۆنامەنووس Klifford Odets بوو، ئەمیش پێوەندییەکی بەهێزی بە بەرهەمهێنەرە پێگە بەرزەکانی شانۆوە هەبوو کە لە برۆدوای کاریان دەکرد. ئەمەش شانسێکی گرینگ و بە بەها بوو بۆ برێشت.

برێشت هەر لە سەرەتاوە لە نیویۆرک دەستی کرد بە کارکردن لە شانۆنامەی بازنەی تەباشیری قەوقازدا. لەم کاتەدا من دووگیان بووم لە برێشت. من زۆر بەختیار بووم، هەروەها برێشتیش، هەرچەندە ئەو بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئەدا ئەو ڕەوشەی من بە نهێنی بهێڵێتەوە.

ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین کە منداڵەکەمان ناوبنێین چی. سۆزانە ئەگەر کچ بێت، ئەگەر کوڕیش بێت ئەوا ناوی دەنێین (میخل)، هەروەک منداڵەکەی بازنەی تەباشیر. هەر دوای ئەوەی برێشت شانۆنامەکەی تەواو کرد، لە سێی مانگی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٤٤ میخل لە دایک بوو. برێشت لە ڕووپەڕی یاداشتی ڕۆژانەی کارەکانیدا نووسیویەتی کە من لە نەخۆشخانە لە لۆس ئەنجلس نەشتەرگەرییەکم بۆ کراوە.

ئەوەی ڕاستی بێت من زۆر نەخۆش بووم و تایەکی بەرزم لێ هاتبوو. پزیشکەکان داوای بڕیارێکی کۆتاییان دەکرد: دایکەکە یان منداڵەکەی؟ من وتم:" منداڵەکە ڕزگار بکەن!"، لەهەمان چاوترووکاندا، برێشت بە ڕۆبێکی سپی دکتۆرەکانەوە هاتە ژوورەوە و وتی:" من

لێرەم، من هاتم.'' برێشت هەموو ڕۆژێک سەردانی دەکردم. بەڵام من هیچ بەو سەردانانەی ئەوم نەدەزانی، لەبەرئەوەی من لە ژووری چاودێری تایبەتمەنددا کەوتبووم، زیاتر مردوو بووم وەک لەوەی زیندوو. برێشت کوڕەکەمانی لەو هۆڵەدا بینیبوو کە تەرخان کرابوو بۆ ئەو منداڵانەی کە زووتر لە وادەی خۆیان لەدایک دەبن. برێشت دواتر بۆی گێڕامەوە کە من هەمیشە هەر بانگی میخل- م کردووە و تەنیا شتێک کە بەلای منەوە گرینگ بووە ڕزگارکردنی ژیانی منداڵەکە بووە.

ڕۆژێکیان ئەو پزیشکەی کە پێتەر لۆرە ئامادەی کردبوو بۆمان، هات بۆ لام، لەبەرئەوەی ئێمە خۆمان بەهیچ شێوەیەک توانای ئەو بڕە پارە زۆرەمان نەبوو کە بیدەین بە هەقی نەخۆشخانەکە. پزیشکەکە لەسەر لێواری قەرەوێڵەکە دانیشت. تەنیا بۆیمباخەکەیم دەبینی، دواتر زۆر بە ئاگادارییەوە کەوتە قسەکردن و وتی کە شتێک هەیە و پێویستە بۆم بگێڕێتەوە. من وتم:'' ئەزانم، میخل مردووە.'' ئەو تەنیا چەند ڕۆژێک ژیابوو. هەموو شتەکانی تر دواتر هانس ئیسلەر بۆی گێڕامەوە، وتی کە بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا قسە لەگەڵ برێشت بکەیت. '' برێشت بە تەواوەتی سەری لێ تێک چووبوو، من هەرگیز لەوەوبەر برێشتم بەو شێوەیە نەدیبوو.'' ئیسلەر پرسیاری لێ کردبوو:'' بۆ وا پەشۆکاویت؟ چیتە؟ شتێکم کردووە کە بە دڵی تۆ نەبووبێت؟ بە شێوەیەک ڕەفتارم کردووە کە لەڕووی سیاسییەوە بە هەڵە لێکبدرێتەوە؟'' بەڵام برێشت تەنیا وتوویەتی:'' نەخێر، شتێکی تایبەتە بە خۆمەوە.'' دوای ئەوە ئیسلەر بە زویری و دڵشکاوییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لەبەرئەوەی هیچ شتێک نەبووە لەلای برێشت کە ناوی شتی تایبەتییە. دواتر لە ژنەکانەوە هەموو شتێکی بۆ دەرکەوتووە:'' ڕووت بێرلاو منداڵی لە برێشت بووە، بێرلاو زۆر نەخۆشە. منداڵەکە مردووە و ناشزانرێ کە

ئاخۆ بێرلاو دەژی یان نا.

برێشت بەرلەوەی بەتەواوەتی چاک ببمەوە، لە نەخۆشخانە هێنامییە دەرەوە. ئێمە زۆر هەژار بووین و نەماندەتوانی لەوە زیاتر لە نەخۆشخانە بمێنینەوە. بردمی بۆ ماڵی بێرتۆڵد فێرتل، ساڵکەی خێزانی ژوورێکی بچووکی لە ماڵەکەی خۆیاندا تەرخان کردبوو. لەوێ هێدی هێدی بەرەو چاکبوونەوە ڕۆیشتم.

ئەم ڕووداوانە بۆ من بە شێوەیەکی نزیک و ڕاستەوخۆ وابەستەن بە کارکردن لە بازنەی تەباشیری قەوقازدا. برێشت بە منی وت:'' خەم مەخۆ کە میکایل مردووە. هەر ئەوەندەی گەیشتینەوە بەرلین، منداڵێک هەڵدەگرینەوە. ئێستا منداڵێکی زۆر بە بێ دایک و باوک دەژین.'' هەرگیز هیچ منداڵێکمان هەڵنەگرتەوە، بەڵام هەمیشە چەندین منداڵ لەلای من هەبوون. برێشت ڕاست دەکات، من ئەوانەم هەر وەک منداڵی خۆم و برێشت خۆشدەویستن.

برێشت بنەما سەرەتاییەکانی بەسەرهاتی ئازداکی لە دانیمارک بۆ باس کردبووم. هەمیشە دادوەر لە کاتە بێ یاساکانی پشێویدا جێگای سەرنجی برێشت بووە. کارە سەرەکییەکەشی لە ئەمەریکا ئەوە بوو کە گروشە بدۆزێتەوە: منداڵەکە بدزێت، کە منداڵەکەی خۆش بوێت و چیتر نەتوانێ لێی دوور بکەوێتەوە. برێشت لە نیویۆرک دەستی کرد بەو کارە و لە سانتا مۆنیکا بەردەوامی پێ بەخشی.

برێشت هەموو دیمەنێکی تازە، هەر ئەوەندەی تەواوی بکردایە و کاغەزەکەی لە ئامێری تایپەکە دەربهێنایە، دەینارد بۆ من. منیش هەر خێرا و دەستوبرد وەڵامم ئەدایەوە و ڕای خۆیشم بۆ دەنووسی. ئەمە هەر وەک ئەوە وابوو کە ئێمە بەردەوام پێکەوە کاربکەین. هەرچەندە

ئەو لە ڕۆخی خۆرئاوای ئەمەریکا دەژیا و منیش لە ڕۆخی خۆرهەلآت.

برێشت فایلێکی ئامادە کردبوو، لەوێدا لاپەڕەی تێکستی بازنەی تەباشیری، لەگەڵ کۆمەڵێ وێنە کە برێشت کۆی کردبوونەوە، وەک بنەمایەک بۆ بەکارهێنانی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان، بەهەمان شێوە لەگەڵ بۆچوون و تێبینییەکانی من، هەمووی دەلکاند بە ڕووپەڕەکانی ئەو فایلەوە. برێشت ڕێنمایی زۆر لە بۆچوونەکانی من وەردەگرت.''

رووت بێرلاو ١٩٠٦– ١٩٧٤ ئەکتەرێکی ناسراوی دانیمارکی بووە و لە شانۆی پادشایەتی لە کۆپنهاگن کاری کردووە. ئەندامێکی کارای پارتی کۆمۆنیست بووە و شانۆیەکی کرێکاران و چەپڕەوی لە دانیمارک دامەزراندووە. ئەم کیژە ئەکتەرە لە ساڵی ١٩٣٣ دا برێشت ی ناسیوە و لە ساڵی ١٩٣٩ دا هەر لەگەڵ برێشت لە دەستی نازییەکان ڕادەکەن بۆ سوێد، لەوێوە بۆ فینلاند، پاشان بۆ یەکێتی سۆڤێت و دواتریش بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ڕووت بێرلاو یەکێک بووە لە هاوکارە نزیکەکانی برێشت و هاریکاری برێشتی کردووە لەکاتی نووسینی شانۆنامەی (بازنەی تەباشیری قەوقاز)دا.

لە ساڵی ١٩٤٨ دا لەگەڵ برێشت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا و لە بەرلینی ڕۆژهەلآت جێگیر دەبن و هەر لەوێش دەمێنێتەوە تا لە ساڵی ١٩٧٤ دا کۆچی دوایی دەکات.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە (بازنەی تەباشیری قەوقاز) بۆ یەکەم جار لە بەرلینی ڕۆژهەلآت لە ساڵی ١٩٥٤ دا نەمایش کراوە و لە ساڵی ١٩٥٥ یش لە بەرلینی رۆژئاوا نەمایش کراوەتەوە.

پێشەکی

کەریم پەڕەنگ

گومانی تێدا نییە، دەتوانرێ برێشت وەکو گرینگترین و کاریگەرترین شانۆکاری ئەڵمانیزمانی سەدەی بیست لە قەڵەم بدرێ. ئەوەی پێش هەموو شتێک داهێنانی برێشت ناوازە دەکا بەستنەوەی شانۆنامەنووسیی و شانۆکارییە، واتە برێشت تەنیا شانۆنامەنووسی سەر مێزی نووسین نەبوو، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی کاری دەرهێنانەوە، بەلآم نەک هەر تەنیا لەم ڕێیەوە سەرسووڕهێنەرانە داهێنانەکانی بە بینەران و خوێنەران دەگەیاند. لەم ڕوانگەیەوە، بەستنەوەی نووسین و پراوەکاریی، دەتوانرێ برێشت بە کلاسیکییەکانی یۆنان، شەکسپیر یان مۆلێر بەراورد بکرێ.

سەرباری ئەمەیش، کە برێشت وەکو پراوەکار شانۆکارێکی بە سەلیقەو لێهاتوو و بەهرەمەند. دانسقەیی دەستکەوتی برێشت وەکو تیۆریکار دیار و ئاشکرایە. لە لایەکەوە بە هۆی ئاوێتەکردنی ئەو وروژاندنە کاریگەر و سەرسووڕهێنەرانەی لە ڕێی نووسینەوە بەرجەستەی دەکردن، لە لایەکی دیکەوە بەلآم سەبارەت بە ڕۆچوونی بە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی لە کۆمەڵگە. بێگومان برێشت بە پشتبەستن بە داهێنانی شانۆیی چەمکگەلێکی نوێی هێنایە ناو جیهانی شانۆوە، کە لە تۆژینەوە تیۆریکانیدا هەندێ جار بە جێگۆڕکێ، هەندێ جاری تریش لە پاڵ یەکەوە بە کاریان دەهێنان.

برێشت شانۆکارێکە کە حیساب بۆ عەقڵی تێگەیشتنکارانەی بینەر دەکا، لەززەتی تێگەیشتن لە شانۆی برێشتدا پێگەیەکی بەرفراوانی هەیە، بۆیە ڕێکەوت لە شانۆیەکی ئاوادا ئیدی جێی نابێتەوە. لە جیاتی وەهمی گەمە، نمایشێکی جیهانی هونەری سەربەخۆ بە کارەکتەرەوە، دەبێ شانۆیەکی نامۆکار کە ڕووتدەکاتەوەو خۆی کەشف دەکا بەرجەستە بکرێ. تا ئەو ئاستەی برێشت پێوەندی نێوان شانۆو ژیانی ڕاستەقینەی وەکو سەرمەشق بۆ درامای مۆدێرن سەر لە نوێ پێناسە کرد: دیواری چوارەمی وەهم خوڵقێنەر لە شانۆی مەلحەمی برێشدا لە ئارادا نامێنێ و تێگەیشتنێکی نوێی بینەر زاڵ دەبێ. بە پێی بیرکردنەوەی برێشت ئەم بینەرە لە گێڕەرەوەیەکی ناکاراوە دەبێتە ڕەفتارکارێکی کارا.

ئەبستراکتردن هەندێ جار بە یارمەتی گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی بنەماگەی دراماتورگی برێشت پێکدەهێنێ.

«بازنەی تەباشیری قەوقاز» نەک تەنیا هەر یەکێکە لە سەرکەوتووترین شانۆنامەکانی برێشت، بەڵکو لە ساڵەکانی چلی سەدەی بیستەمەوە یەکێکە لە سەرکەتووترین شانۆنامەکان لە ناوەوەو دەرەوەی دەڤەری شانۆی ئەڵمانیزماندا.

«بازنەی تەباشیری قەوقاز» نموونەیەکی زیندووی شانۆی مەلحەمی برێشتە. لەم شانۆنامەیەشدا برێشت نایەوێ ڕووداوێک بەرجەستە بکا و بینەر بکاتە بەشێک لە ڕووداوەکان و لە کردارێکیانەوە تێوەگلێنێ، بەڵکو ڕووداوێک دەگێڕێتەوە و وا لە بینەر دەکا تێ ڕامێنێ و کارایی بێدار بکاتەوە و بە بەڵگە کار دەکرێ و بینەر بۆ مەعریفە دەورووژێنرێ.

ئێمە لەم پێشەکییە کورتەدا ناتوانین شانۆی برێشت و شانۆنامەکانی و تیۆرییەکانی بە تێرو تەسەلی بە خوێنەری کورد بناسێنین، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەگەر بە ئاماژەی کورتیش بێ لەم پڕۆژەیەو لە پرۆژەکانی داهاتووماندا برێشت کەمێک لە خوێنەری کورد نزیک بکەینەوەو بە شانۆنامەو نووسینەکانی پتر ئاشنای بکەین.

ژیننامەیەکی کورت

بێرتۆڵت برێشت یان برێخت لە ساڵی ۸۹۸۱دا لە ئاوگسبورگ لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. برێشت لە ناو خێزانێکی بورژوا گەورە بووە و پاشان مارکسییەکی توندی لێ دەرچووە. هەر لە ساڵەکانی قوتابخانەیدا دەست بە بڵاوکردنەوەی شیعرو چیرۆکەکانی دەکا. پەخشانێک، کە تیایدا دژی جەنگ دەوەستێتەوە و ستایشی ناکا- بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی مامۆستاکانییەوە- خەریک بووە ببێتە هۆی ئەوەی لە قوتابخانەی دواناوەندی وەدەرنرێ. ئەو ئەزمونانەی لە کاتی ئەرکی برینپێچیی لە نەخۆشخانەی سەربازییدا کردوونی، بۆ هەمیشە ڕەتکردنەوەی توندڕەوانەی بۆ جەنگ بەهێزتر دەکەن.

لە دواییدا برێشت دەبێتە یەکێک لە پێشکەوتووخوازترین نووسەرانی کۆماری ڤایمار. سەرەتاکانی ئەدەبیی وەکو ڕەخنەگری شانۆ، کورتە چیرۆکنووس و کارکردن لە کابەرێتدا دەست پێ دەکا. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا خەڵاتی کلایستی دەدرێتێ. میونیخ، دواییتر بەرلین دەبنە چەقی کارکردنی. لە ناوەڕاستی بیستەکاندا لە ڕێی خوێندنەوەی مارکسەوە پاڵنەری کارە ڕەخنەیییەکانی هەتا ئەو کاتەی لە کۆمەڵگە باشتر دەبینێتەوەو ڕوانگە و جیهانبینییەکانی پتر بۆ دەسەلمێ. شانۆیی وەکو «ئۆپێرای سێ قروشی» یان «سەرکەوتن و

نشوستی شاری ماهاگۆنی» ناوو دەنگێکی زۆری بۆ پەیدا دەکەن. لە ساڵی ١٩٢٧دا لە ژنی یەکەمی جیا دەبێتەوە؛ دوو ساڵ دواییتر هێلینە ڤایگڵی ژنە ئەکتەر دەخوازێ، کە دواییتر دەبێتە یەکێک لە نمایشکارە بە ناوبانگەکانی دایکە ئازاو زۆر شانۆگەری دیکەیشی.

دوای دەستەڵات گرتنە دەستی هیتلەر ئاسۆی ئەڵمانیا بۆ برێشتی کۆمۆنیست تەنگ دەبێتەوە. ڕۆژێک پاش سووتانی ڕایخستاگ (پەرلەمانی ئەڵمانیا) برێشت وڵات بەجێ دەهێڵێ و ڕوو دەکاتە تاراوگە. بە سەر پراگ، ڤێنا و سویسرادا دەچێ بۆ دانیمارک، نزیکی سڤێندبۆرگ لە گوندێک خانوویەک بە کرێ دەگرێ، لەوێ گرینگترین کارەکانی سەرهەڵدەدەن، وەکو «دایکە ئازا». هەڕەشەی نزیکبوونەوەی جەنگ لە دواییدا بۆ سوێد، فینلەندا، شورەوی و لە ساڵی ١٤٩١دا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕاوی دەنێ، کە لە دواییدا لە سانتا مۆنیکا (کالیفۆرنیا) جێگیر دەبێ. لەوێ ناسیاویی لەگەڵ تاراوی دیکەدا (وەکو هاینریش مان و ئەلفرێد دوێبلیندا) پەیدا دەکا. دەست بەوە دەکا، سیناریۆ بۆ هۆلیوود بنووسێ. لەو سەروبەندەدا کتێبەکانی لە ئەڵمانیا سووتێنراون و مافی هاونیشتمانێتیی لێ سەندرایەوە سەیریش نییە، برێشت بە درێژایی کات وەکو شەڕەنگێزێکی پڕ وشە و کردار دژی هیتلەر، ناسیۆنال سۆسیالیزم و جەنگ خۆی سەلماندووە.

لە پاش جەنگ برێشت دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیاو لە بەرلینی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ دەبێ. لە ساڵی ١٩٤٩دا لەگەڵ هێلینە ڤایگڵدا ئەنسەمبڵی بەرلین دادەمەزرێنن، کە لە ساڵانی پاشدا کار لە مۆدێلی نمایشکردنی شانۆنامەکانی خۆیدا دەکا. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە بەرلین بە دڵوەستان کۆچی دوایی کردووە.

دەروازەیەک

هەموو کێشەیەک کۆمەڵایەتییە
جیهان (بە مرۆڤیشەوە) لە گۆڕاندایە.
بار و دۆخ(نەک ڕەوشت) پەرچەکرداری
مرۆڤ دیاری دەکەن.
شانۆگەرییەکان بە خۆشی و لەززەتەوە
بەرەو مەعریفەمان دەبەن.
"بێرتۆڵد برێشت"

ئەم وتەیەی سەرەوەی برێشت بۆ هەموو کارە درامایییەکانی دەگونجێن، بە تایبەتی بۆ بازنەی تەباشیری قەوقاز.

لە پێشەکیی «دایکە ئازادا» هەوڵمان دا نەک هەر خودی شانۆنامەکە، بەڵکو بیرتۆڵت برێشت خۆیشی کەم تاکورتێک بە خوێنەری کورد بناسێنین و ئاماژە بۆ ڕەوتی شانۆکەی بکەین. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین خۆمان لە دووبارەکردنەوە بە دوور بگرین و چەقی قورسایی نووسینەکەمان لە ناساندن و خوێندنەوەی شانۆنامەی «بازنەی تەباشیری قەوقاز» و ڕاڤەی کەسایەتییەکاندا چڕ بکەینەوە، ئەگەر لە شوێنێکیشدا پێویستی کرد ئاماژە بە ژیاننامەو ڕەوتی کاری شانۆی برێشت دەکەین.

گەر ئاوڕێک لە دراماکانی برێشت بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ لە ململانێیەیەکی سەخت لەگەڵ پرسیارەکانی کات، نەریتی ئەدەبی و زمان و ئەگەری شانۆ سەریان هەڵداوە. لە سەر بنەمایەکی مەبەستداری کاریگەریی سیاسی- ئیستاتیکی بینا کراون.

بۆ برێشت شانۆ ئەو جێگایەیە کە پرسیارەکانی بیر و ئەقڵ و خاوەندارێتی مادی دەخرێنە ڕوو. ئەمە مۆدێلگەرا دەخرێتە گەڕ، بەوەی کە هۆکارو کاریگەریی تاقە یەک حاڵەت یان چەند حاڵەتێک لە نێوان مرۆڤەکاندا دەنەخشێنرێ و بۆ حوکمدان دەخرێنە بەردەم بینەر یان خوێنەر.

ئێمە هەوڵ دەدەین لەم پێشەکییەدا تیشک بخەینە سەر بنەمای دراماکەو پێکهاتەی کارەکتەرەکان. لە پێشەکی «دایکە ئازا»دا ئاماژەمان بۆ تەکنیکی نامۆکردن لە شانۆی برێشدا کرد و ئەوەندەی لە توانای پێشەکییەکی کورتدا بێ هەوڵمان دا بە خوێنەری کوردی بناسێنین. لەم بەشەدا، لەو شوێنانەی پێویست بکا پەنجەنومای ئەو تەکنیکەی برێشت دەکەین.

«بازنەی تەباشیری قەوقاز» یەکێکە لە دەقە نایابەکانی ئەدەبی ئەڵمانی. لە سەرەتاوە بە هۆی جەنگی ساردەوە ئابڵووقەی خرایە سەر، بەڵام هەر زوو جێگای شایانی خۆی لە سەر شانۆ بینییەوە. ئەم دەقە زۆر بە کورتی تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنانی بەرهەمهێنەرانەی شت، مرۆڤ و بیرۆکە.. پرسیار لە ڕێی سێ گێڕانەوەوە لێی دەکۆڵرێتەوە، کە لە ژێر چەتری بازنەی تەباشیردا کۆ کراونەتەوە. تێیدا ڕوون دەبێتەوە، کە دایکایەتیی، لە جیاتی ئەوەی کۆمەڵایەتی بێ بایۆلۆژییە، واتە ئەو دایکەی منداڵەکەی دەبێ ئیدی وەکو دایکی هەتا هەتایی تەماشا دەکرێ و ڕۆڵی ئەو دایکە لە بیر دەکا کە منداڵەکە پێدەگەیەنێ و گەورەی دەکا.

برێشت بەم بابەتە لە ڕێی نمایشێکی ئامادەکاریی کلابووند (١٨٩٠–١٩٢٨)ی شانۆی ئەڵمانی لە بەرلین ئاشنا بووە. بابەتی

بازنەی تەباشیر کە لە گەمەیەکی مەتەڵی چینییەوە وەرگیراوە، باسی دۆزینەوەی دایکی شەرعی منداڵێک دەکا لە بنەچەدا چینییە. لە دیمەنی یەکەمی شانۆنامەکەدا برێشت پەنجەنومای دەکا: «یەکێکی (داستانێکی) زۆر کۆن. ناوی «بازنەی تەباشیرە» لە بنەچەدا چینییە. بێگومان ئێمە لە شێوەیەکی گۆڕاودا پێشکەشی دەکەین.» کلابوند ئەم درامایەی سەدەی سیازدەی نووسەر لی هسینگ- تاو بە بینەرانی ئەڵمان ناساند. لە دەقە چینییەکەدا منداڵەکە لە ناو بازنەیەکەوە ڕاناکێشرێ، بەڵکو بە سەر هێڵێکی بە تەباشیر کێشراودا ڕادەکێشرێ. بەڵام لای برێشت زۆر کەم لە دەقە چینییەکە ماوەتەوە.

برێشت ئەو پرسیارەی لە مەڕ خوێن و خاک، کە لەو سەردەمەدا باو بوو، نازییەکان بە درێژکردنەوەی هونەری گەل لەگەڵ بە ناو داهێنانی-خوێن -و-خاکدا بەم شانۆنامەیە وەڵام دایەوە، بە هۆی گۆڕینی جیهانبینییەوە بە هاوپێوەندی لەگەڵ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەم شانۆنامەیە ڕەهەندێکی یوتۆپی وەردەگرێ.

برێشت هەندێ ئەنجامگیریی دەکا، کە بە نیگای یەکەم سەیرو سەمەرە دێنە بەرچاو. گروشە، کە دایکانە ڕەفتار دەکا، بە ڕێکەوت ئاگاداری منداڵێک دەبێ، بەڵام وەکو مرۆڤێکی بەرهەمهێن و میهرەبان دەیکاتە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگە. بەستەگی خوێن بە تەنیا بەس نییە. چونکە نەک تەنیا سروشت بە تەنیا، بەڵکو پتر پێکەوەیی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەخەملێنێ.

شانۆ ئەو پانتاییەیە، کە ئەم قەناعەتە سیمای تێدا دەنەخشێ، چونکە گوزارشتی تیۆریی بە تەنیا بەس نییە. ئەم نمایشە ئاوێتەیەکە لە جدیەت و گەمە، کە ئەم مەعریفەیە بە شێوەیەکی لەززەتبەخش شیاو

دەکا، بەڵام دەبێ خوێنەر (بینەر) ڕاڤەی خۆی بخاتە گەڕو خوێندنەوەکان بەراورد بکاو حوکمی خۆی بدا.

لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستەوە برێشت خۆی بە تێمای بازنەی تەباشیرەوە سەرقاڵ کردبوو. برێشت پاش ئەوەی لە یەکەم ڕەشنووسی ساڵی ١٩٤٤ بووەوە، لە یاداشتنامەکانیدا نووسیویەتی «بازنەی تەباشیری قەوقاز لەوانەیە سی و یەکەم هەوڵ بێ». بێگومان وێنەی دادوەرە حەکیمەکە بۆ برێشت بناغەی بینای درامی بوو، کە شەڕی دوو ژن لە سەر منداڵێک لە بەرژەوەندی دایکە ڕاستەقینەکە (واتە ئەو دایکەی شەونخوونی پێوە کێشاوە و گەورەی کردووە) بڕیار دەدا، نەک لە بەرژەوەندی دایکە شەرعییەکە،. هەر لە سەرەتاوە ڕوو بە ڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم تێمایەدا لە بەردەوامبوونێکی دیالەکتیکی نووسینەوەدا بوو.

چەند ساڵ دواییتر، واتە لە ساڵانی ١٩٣٨-١٩٣٩دا، واتە لە ساڵانی سڤێندبۆرگدا برێشت دەستی بە نووسینەوەی وێنەی بازنەی تەباشیر کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان قووڵتر، بنەماییترو شێلگیرانەتر. لە سەرەتاوە ویستوویەتی پشتینەی چینی گێڕانەوەکە بهێڵێتەوە. بەم شانۆنامەیە برێشت لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەست دەداتە بەهای سەرەکی بەرهەمهێنەرانەی کۆمەڵگە. بە دوای دیمەنی یەکەمدا (پێش نمایش) پێنج دیمەنی دیکە دێن، کە گێڕانەوە ڕاستەقینەکەی گەمەی بازنەی تەباشیرە. نموونەی سەرمەشق بۆ ئامانجی پشتگیریی کردنی تاک بۆ بەرهەمهێنان لێرەدا وزەی ئاڕاستەکەری ڕەفتار کردنی گروشەو ئەزداکە. وەکو جوتیارەکانی کوڵخۆزەکان ئامادەیی بۆ بەرهەمهێنان پێشان دەدەن. لە بەر ئەوە شەڕ لەسەر پێدەشتەکە

کاریگەریی بە سەریانەوە هەیە. بەڵام هەر یەک لە هەڵوێستەکان بۆ گۆشەنیگای جیاواز ئاراستە دەکرێ. لە حاڵەتی بازنەی تەباشیری گروزنیدا مەرجی خوێناوی سەروەرە.

لەم شانۆنامەیەدا لە چەند شوێنێک پیشان دەدرێ، کە داواکاریی هەر لە سەرەتاوە لە ئارادا نییە، بەڵکو لە ڕێی ڕەفتاری بەرهەمهێنەرانەی کۆمەڵایەتییەوە وە دەست دەهێنرێ. نەریت، دەستەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی مافی مولکایەتی ناسەپێنن، بەڵکو تەنیا ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بە سوود شوێنگەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکەن.

برێشت لە لا یەکەوە بە دادگاییکردنی میللی نموونەکاریی دەکا، لە لایەکی دیکەوە بە دایکایەتی قەناعەتپێکەری لەلەکەوە. بەڵام ئەمە بۆ دراماتووس بەس نەبوو بۆ پێشاندانی مۆدێلی چوارچێوەی کار لە یەکتر کردنی بەرهەمهێنەرانەی کۆمەڵایەتی. برێشت نموونەی چارەسەرکردنی عەقڵانی و هەرەوەزیی شەڕی دوو کۆڵخۆزی لە سەر پێدەشتێک لە قەوقاس بینییەوە، پاش کشانەوەی سوپای هیتلەر. یەکێتی سۆڤیەتی ئەو کاتە نەک هەر تەنیا هەڵگری سەرەکی خەباتی دژە فاشیزم بوو، بەڵکو وڵاتی ئەزموونی سۆسیالیزمیش بوو. برێشت لەگەڵ ڕەتکردنەوەی شێلگیرانەی ستالینزمیدا سوور بوو لە سەر هێشتنەوەی پێشنمایشتەکە. وەکو وزەیەکی مێژوویی یەکێتی سۆڤیەت بۆ برێشت شوێنی ئومێدی گەشەکردن و خەملانی سۆسیالیزم مایەوە. لەبەر ئەوە زۆر بە ئاگاییەوە شانۆنامەکەی درێژ کردەوە بۆ سێبەری «تراکتۆری سۆڤیەت».

گۆرانیبێژ وەکو چەقی بازنە

یەکێک لە کەسە سەرەکییەکانی ئەم شانۆنامەیە ئارکادی چایدزەی گۆرانیبێژە. بەوە دەچێ برێشت بەمە پەنجەنومای ئەوە بکا کە چیرۆکی تەباشیر خەیاڵییە نەک ڕاستی، ئەوەی ئارکادی چایدزە پێمان دەڵێ لە پیشاندانی دیمەندا دەبێتە وشە لە پانتایی و گەمە لە گەمەدا. بە ڕێکەوتیش نییە دوا وشە لە شانۆنامەکەدا هی گۆرانیبێژە. برێشت بە ئاگاییەوە لە گۆشەنیگای ڕاپۆرتوانێکەوە ڕووداوەکە دەخەملێنێ. بە ڕاستی ئەمە نموونەیەکی زیندووی شانۆی مەلحەمییە. گۆرانیبێژ (حیکایەتخوان) دراماکەمان پێ ڕادەگەیەنێ.

پێگەی گۆرانیبێژ وەکو هونەرمەند شوێنگەیەکی تایبەتی پێ دەبەخشێ. ئەو نەوەک تەنیا وەکو بەڕێوەبەری گەمە هەمیشە ئامادەیە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەست وەردەداتە ڕەگەزەکانی ڕووداو و کەسەکانیشەوە. تەنانەت هەندێ جار بیرە مەنەلۆگییەکانی بەشدارانمان پێ ڕادەگەیەنێ. بە کورتی، پانتایی گەمە بۆ حیکایەتخوان لە سەرتاپای شانۆنامەکەدا ئامادە و بەرفراوانە. بەڵام ئەو داستانەی ئارکادی چایدزە و گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنەکانی نمایشی دەکەن شانۆنامەیەکی گۆرانی نییە. گرینگیی بڕیاردەر پتر لە ڕەهەندی داهاتووی کردەی گێڕانەوەی درامادایە. بەمەیش ویستوویەتی بەسەرهاتێکی هونەرییانە پێشکەشی بینەر یان خوێنەر بکا. هونەر لە گۆشەنیگای برێشتەوە نموونەی گرینگی کۆمەڵایەتی بە دەستەوە دەدا. ڕوو بە ڕووبوونەوەیەکی بە جەغدەوە لە شتی ڕۆژانە هەڵاوێردراو ڕەوشێکی کلیل ئاسای پێ دەبەخشرێ. برێشت لە ناو بەسەرهاتی بەشەکانی گۆرانیبێژدا ناڕاستەوخۆ بیرو ڕای خۆی

دەربارەی وەزیفەی بەرزی هونەر لە نەزمی کۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا دیاری دەکا.

گۆرانیبێژ لە هەموو بەشەکانی شانۆگەرییەکەدا بەشدارەو لە کۆتایی دیمەنی یەکەمدا دەهێنرێتە ناوەوەو بە درێژایی دەقەکە یاوەریی فیگورە سەرەکیی و لاوەکییەکان دەکا. وەزیفەی سەرەکیی گۆرانیبێژ ڕوونە، ئەویش پێگەی بەستنەوەی بەشەکانە بە یەکەوە. لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانی و ئەندامانی کۆڵخۆزدا حیکایەتی بازنەی تەباشیرمان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم حیکایەتە کۆنە، بەڵام گۆڕانکاریی تێدا کراوە، مرۆڤ بۆی دەردەکەوێ «کە ئێوە وا ببینن دەنگی شاعیرە پیرەکە لە سێبەری تراکتۆری سۆڤیەتیدا زایەڵەی دێ». لەگەڵ ئەوەیشدا بە دەمامکی کۆنەوە نمایش دەکرێ، بەڵام لە حیکایەتەکەدا «حیکمەتی کۆن و نوێ» زۆر نایاب تێکەڵ دەکرێن.

گۆرانیبێژ لە بەشی یەکەمەوە هەتا شەشەم دەستمان دەگرێ و لایەنی ڕووداوەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ڕاڤەیان دەکا و حوکمی خۆیان لە سەر دەدا، گێڕانەوەکەی بە نمایشی دیمەنەوە، دوو ساڵی ژیانی گروشە دەگرێتەوە. لە سەرەتاوە، ڕۆژی یەکشەمەی جەژنی هەستانەوەی عیسا، هەتا ئەو کاتەی منداڵەکە دەهێنرێتەوە بۆ شار. لە کۆتاییدا جارێکی دیکە ئەو کاتە تەی دەکاتەوە، لە پنتی دەستپێکەوە دەست وەردەداتە دادوەریی ئەزداکەوە: «لە یەکشەمەی جەژنی ڕاپەڕینە گەورەکەوە» و چیرۆکی دادوەرەکە دەگێڕێتەوە، هەتا هەردوو داوی پراوەی بازنەی تەباشیر بە یەکەوە کۆتاییان دێ.

ئەو فرە جەمسەرییەی برێشت مەبەستی بووە لێرەدا بە ڕوونی

دەردەکەوێ. لە کۆتاییدا لە پەرەگرافێکی کورتدا کەوانەکە بەرەو دیمەنی یەکەم ئاڕاستە دەکرێ.

لەم ڕوانگەیەوە بۆ نووسەر هاوپێوەندییەک لە نێوان مەبەستی یوتۆپیاو واقیع و یوتۆپیای ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێ. بە یارمەتی ستراتیژیای شانۆی نموونەیی مەلحەمییەوە برێشت تۆژینەوەی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی زانستە سروشتییەکان دەکا. لە لابۆری شانۆیی کۆمەڵگەدا دەبێ لە ڕێی نموونەی خەیاڵ، بیرکردنەوەی نائاسا بگەیەنرێ. بەم هۆیەوە یوتۆپیای ئەدەبی وەکو بلێی دەخرێتە بارێکی نوێی گشتییەوە. ئەمە ئیدی تەنیا تەوژمێکی کەم و زۆر بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکتی ئارەزوو، خەونی لە ڕاستیی هەڵاتن یان وێنەیەکی ئیدیلی دڵنەوایی نییە، بەڵکو دەستپێشکەرییەکی ڕووتە. داڕشتنی ئیستاتیکی وزەی پێویست دەبەخشێتە ئەم دەستپێشکەرییە. لە تۆکمەیی ئەدەبیدا یوتۆپیای واقیع پێوەندی نارەزامەند لە ئێستاو لە ڕابردوودا دەخوڵقێنێ. لە بەر ئەوەیە یوتۆپیای ئەدەبی و پرۆگرامزەدەیی سیاسی هەمیشە بۆ برێشتی مارکسی بەر یەک دەکەون. ئەم کۆتاییە خۆشنوودەی شانۆگەرییەکە بۆ برێشتی مارکسی مایەی سەرسووڕمان نییە، کە هەمیشە خەونی بە جیهانێکی جوانترەوە بینیوە. دەرۆستیی برێشت بۆ مەسەلە مرۆڤایەتییەکان بە زەقی بە شانۆنامەیەوە دیارە.

ژیان وەکو باخچەیەکی یوتۆپی

ئەوەی برێشت بیری لێی دەکردەوە، خەملاندنی یوتۆپیایەکی ئەدەبی بوو وەکو بنەمایەک بۆ یوتۆپیای کۆمەڵایەتی. لە دراماکانیدا هەوڵی داوە ئەم یوتۆپیایە وەکو گەمە گەشە پێ بدا. نموونەکاریی بۆ ئەم

ئامانجە دەتوانین لە وێنەیەکدا بخوێنینەوە، کە بۆ تێگەیشتن لە بازنەی تەباشیری قەوقاز نموونەییە: وێنەی «باخچەکەی ئازداک». لە دوا بڕیاریدا دادوەری ناوازە ماڵ و موڵکی خێزانی شاردار دەکاتە موڵکی «شار، بۆ ئەوەی باخچەیەکیان بۆ منداڵان لێ دروست بکرێ، پێویستییان پێیەتی، من بڕیار دەدەم، کە بە ناوی منەوە ناوی بنرێ «باخچەی ئازداک». برێشت ئاوا لە کردەنی حیکمەت تێدەگەیشت. ئەم مانای وێنەی باخچەیە بینەر یان خوێنەر بە پێویستییەوە گەشەی پێدەدا. بۆ ئەوەی وای لێ بکا بیری لێ بکاتەوە، بێگومان ئامانجی سەرەکی برێشت بووە.

لێرەدا باخچە دەبێتە وێنەی جیهانێکی میهرەبانتر و مرۆڤانەتر. لە خوازەی شیعریدا ئەم مۆدیلە بە واقیعکراوە دەردەکەوێ. لە بازنەی تەباشیریدا ئەم وێنە یوتۆپییە بە ڕوونیی ڕەوشێکی مەتەڵئامێزی هەیە.

وێستگەکانی دایکایەتی

چیرۆکی گروشە زۆر بەرفراوانترە لە چیرۆکی ئازداک. لێرەدا بە وردیی ئەو گرفتە دەخەملێنرێ، کە لە پراوەی بازنەی تەباشیردا بە سەرپەرشتی ئازداک چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە. لە سەرەتادا گروشە بە هیچ جۆرێک ڕەمزو نموونەی سۆزو خۆشەویستیی دایک نییە. چونکە چیرۆکەکەی بە خۆشەویستی بۆ سیمۆن خاخاڤا دەست پێدەکا. ئەمە ئەو خۆشەویستییەیە کە هەر لە سەرەتاوە دەیەوێ و بیرو هەستی ئاراستە دەکەن:

«لە ژێر ئەو نارەوەنە سەوزەدا چاوەڕوانت دەبم

له ژێر ئەو نارەوەنە ڕووتەدا چاوەڕوانت دەبم
چاوەڕوان دەبم، تا دوا کەس دەگەڕێتەوە
دوای ئەوە.»

له سەرو بەندی شپرزەییدا، ئەو پشێوییەی بە هۆی ڕووخانی سەرۆکی پێشووەوە دێتە ئاراوە، سیمۆن و گروشە پەیمانی خۆشەویستیی بە یەک دەدەن: «سیمۆن: خاچەکە هی دایکمە، گروشە [...] تکات لێ دەکەم لە ملی کەی.» بەڵام لەم چرکەساتەدا نەک تەنیا بیر لە خۆیان، بەڵکو بیر لە ئەرکەکانیشیان دەکەنەوە: سیمۆن سەربازەو گروشە کارەکەرە لە کۆشکی شاردارداو هیچیان دەستبەرداری کارەکانیان نابن.

گروشە هەست بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەکا و کارەکەی خۆی زۆر بە جیدی ڕادەپەڕێنێ: «سیمۆن: ئەوە زانراوە. ئەگەر پێوەندی بەوەوە هەبێ کێ لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکشەمەی جەژنە قاز دەهێنێ، ئەوا ئەوە.»، بەڵام گروشە وەکو ساکار و کاڵفامیش سەیری دەکرێ.

«لەلەکە: ئەی منداڵەکە؟ (بۆ منداڵەکە ڕادەکا، هەڵی دەگرێ). منداڵەکەیان بەجێ هێشتوە. ئەم حەیوانانە. (منداڵەکە دەداتە دەستی گروشەوە). کەمێک بیگرە. (بە درۆ): سەیری گالیسکەکە دەکەم. (بە دوای ژنی شارداردا ڕادەکا).»

دوودڵیش ناکەن لەوەی ڕووی بە ڕوو پێی بڵێن:

«ژنە ئاشپەزەکە: زیاتر بە دوای منداڵەکەوە دەبن وەکو بە دوای خانمەوە. ئەم میراتگرە. گروشە تۆ مرۆڤێکی باشی، بەڵام خۆت دەزانی، کە ئاقڵترین کەس نیت.»

بەڵام بە پێچەوانەی فیگورەکانی تری شانۆنامەکەوە گروشە

منداڵەکە دەگرێتە خۆی کە دراوەتە دەستییەوە ئاگاداری بێ، لێپرسراوێتی:

«گروشە: (ڕکەبەرانە): منداڵەکە گول نییە. سەیرکردنی بە جۆرێکە وەکو سەیری مرۆڤ بکا.»

پاڵنەری ناوەوەی چەندە ساکارن هێندەیش قەناعەت پێکەرن: منداڵەکە بۆ ئەو مرۆڤێکە، کە کۆمەکی پێویستە و وەکو مرۆڤ وا هەست دەکا ئەرکی سەر شانی ئەم بێ، کۆمەکی بکا. بە دنەدانی ئەوانی دی لە سەرەتاوە منداڵەکە دادەنێ و دەیشارێتەوە، بەڵام کاتێ گوێی لێ دەبێ، میرە قەڵەوەکە، کە باوکی منداڵەکەی کوشتووە ئێستا هەڕەشەی کوشتن لە میخلیش دەکا و پارەی بۆ کوشتنی تەرخان کردووە، دزە دەکات و دەگەڕێتەوەو لە لای منداڵەکەوە دادەنیشێ هەتا هەلێک بۆ هەڵاتن دەدۆزێتەوە.

جیهانێک کە ڕەفتاری مرۆڤانەی گروشە وەکو گەمژەیی سەیر دەکرێ شایانی ئەوەیە بگۆڕدرێ، چونکە ئەم چەمکی "گەمژەیی"یە لە نرخی گروشە وەکو تاک کەم ناکاتەوە، بەڵکو بنەمای ئەم چەمکە نەزمی کۆمەڵایەتییە کە مۆری گەمژەیی لە ڕۆحی یارمەتیدەر دەدا. گروشە دەبێ لە نێوان دوو بەرژەوەندی دژوازدا بڕیار بدا: خۆی یان منداڵەکە. بڕیار دەدا بۆ منداڵەکە، چونکە دەزانێ، کە ژیانی منداڵەکە وابەستەی ئەمەو ناتوانێ خۆی لە داوای منداڵەکە بۆ کۆمەککردنی بدزێتەوە:

گۆرانیبێژ: خانم، بزانە، ئەوەی گوێی لە هاواری کۆمەک نەبێ
بەڵکو بە تەکیدا تێپەڕێ، بە گوێی شێواوەوە: هەرگیز
گوێی لە بانگکردنی ئەسپایی ئازیزی نابێ [...]

ئومێدی ئەوەیە کە دایکی منداڵەکە یان هەر کەسێکی دیکە بێ و ئەو بارە گرانەی لە کۆڵ بکاتەوە، بەڵام شتێک بۆ خواردنەوە دەداتە منداڵەکەو هەتا بەیانی ئێشکی بە دیارەوە دەگرێ. ئەمجا بۆی دەردەکەوێ کە ناتوانێ منداڵەکە بە تەنیا بە جێ بهێڵێ. بەناچاریی لەگەڵ خۆیدا دەیبا، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەنجامی ئەم بڕیارە باش دەزانێ.

لە سەرەتاوە سۆزی دایکایەتی لە گروشەدا ناورووژێ، بەڵکو لە ڕێی ئەو واقیعەوەی، کە مرۆڤێکی دیکە کۆمەکی دەوێ، بۆ یارمەتیدان لاس دەدرێ. کۆمەککردن بە پێچەوانەی بەرژەوەندی خۆیەوە ڕێ دەکا، چونکە هەڵگرتنەوەی منداڵەکە پێوەندی و پەیمانی خۆشەویستی لەگەڵ سیمۆن و ژیانیشی دەخاتە مەترسییەوە.

گروشە بڕیارەکە هەڵدەبژێرێ، بەڵام بڕیارەکە بۆ جیهانەکەی دەوروبەری ئازادتری دەکا، کە لە بەر منداڵەکە دەبێ هەمیشە پتر ڕوو بە ڕووی ببێتەوە، لەگەڵ ئەو ئەرکەدا دەژی، کە خۆی کردوویەتیە بار بە سەر خۆیەوە. لە کاتی هەڵاتنیدا بۆ چیاکان هەندێ قۆناغی بەرجەستە دەکرێن، «کە پیشانی دەدەن، دەکەوێتە چ مەترسییەکەوەو بڕیارەکەی چ قوربانییەکی لێ داوا دەکا. ژیان و بوونی خۆی بۆ منداڵەکە دەخاتە مەترسییەوە. هەتا گروشە پتر لە پشتی مانەوەی منداڵەکە بێ، پتر ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، بەرهەمهێنانی (واتە بەخێوکردنی منداڵەکە) بە ئاڕاستەی خۆ وێرانکردن کار دەکا، وەکو برێشت خۆی دەڵێ. برێشت لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: «گروشە بە کاوەخۆ، لە ڕێی قوربانیدان و بە هۆی قوربانیدانەوە دەبێتە دایک بۆ منداڵەکە، لە کۆتاییدا، پاش ئەو هەموو قوربانییانەی سەرچڵیی پێوە کردوون یان داویەتی، لە گەورەترین قوربانیی دەترسێ، ئەویش لە

دەستدانی منداڵەکە خۆیەتی».

لێرەدا ئەم هەڵوێستە درێژە لە سەر کەسایەتی گروشە دەکەم، بۆ ئەوە نییە لەم پێشەکییەدا پێش خوێنەر بکەوم و ڕێگای خوێندنەوەی ئەم شانۆنامەیەی بۆ ڕووناک بکەمەوە. نەخێر، بەڵکو مەبەستم پێشاندانی ئەو ڕەوتەیە کە برێشت لە نووسینی شانۆنامەکانی یان لە نمایشی شانۆگەرییەکانیدا پێڕەوی کردووە.

لە سەرەتای شانۆنامەکەدا گروشە سادەو ساکارە، هەستی پێناکا چۆن هەڵدەخەڵەتێنرێ. بەڵام هەتا پتر هەڵاتنەکە درێژە دەکێشێ، ئەوەندە پتر لێپرسراوێتی و بەرپرسیارێتی پەرە پێ دەدا. بە هۆی ئەوەوەی کە مرۆڤێک پێویستی بە کۆمەکە، بۆ یارمەتیدان لاس دەدرێ و ئێستا بە ئارەزووی خۆی و شێلگیرانە ئەو ئەنجامانە هەڵدەگرێ، کە ئەم «دایکایەتی»یە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. لە کۆتاییدا پڕکێشی ئەوە دەکا، ڕاشکاوانە ڕای خۆی بە دەنگی بەرز بە ئەزداکی دادوەر بڵێ. لە بەرئەنجامدا گروشە ئەو ژنە گەمژەیە نەماوە، وەکو برێشت دەڵێ. فێربوون پروسێسێکی ناوەکییە، مەبەستی ئێمەیش لەم قووڵبوونەوەیە لە کەسایەتی گروشە پێشاندانی ئەم فێربوونەیە لە حیکایەتی گروشەدا کە برێشت مەبەستی بووە.

برێشت دیاردەی گۆڕانی مرۆڤی زۆر بە لاوە گرینگ بووە، لە ڕێی گروشەوە ئەم گۆڕانە بە شێوەیەکی نموونەیی بەرجەستە دەکا.

حەکیمی شێت یان شێتی حەکیم

گرێچنی کەسایەتی گروشە پێچەوانەی گرێچنی کەسایەتی ئەزداکە، کە گرێچنی گروشە ڕوون دەکاتەوە و تەواوی دەکا. ئەم دوو گرێچنییە لە دیمەنی شەشەمی درامای "بازنەی تەباشیر"دا دەڕژێنە ناو یەکەوە.

گروشە بۆ درێژە پێدانی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی کە «دایکایەتی»یە و پێی دراوە پێویستی بە یارمەتی ئەزداکە.

ئازداک تەنیا لە ژێر سێبەری جەنگی ناوخۆ توانی بگاتە ئەو پێگەیە، کاتێ میری گەورە دەستەڵات لە دەست دەداو پشێوی سەروەرە و دەستەڵاتی میری نوێ جێی گومانە. ئەزداک دەگەڕێتەوە بۆ شار بۆ ئەوەی سەر بۆ دادگای گەل کەچ بکا، لە بەر ئەوەی بە هەڵە پەنای میری گەورەی داوە، زۆر درەنگ تێدەگا، کە بە ڕووخانی ئەو خوێنمژە بە هیچ جۆرێک قۆناغێکی نوێ دەستی پێ نەکردووە و دەستەڵاتدارە نوێیەکان هەڵگری پەیامێکی نوێ نین، تەنیا قۆناغێکی خوێنمژی نوێ دەستی پێکردووە. سوارە زرێپۆشەکان لەم کێشمەکێش و پشێوییەدا دەیکەنە دادوەر، هەر لەگەڵ دەبێتە دادوەر وزەی خۆی بۆ کرێکاران و هەژاران دەخاتە گەڕ.

نووسیاری گوند ئەزداک دەبێتە دادوەری خەڵکی هەژار– مرۆڤێکی گومانلێکراو و دوو فاقە. ڕەوشتی جەوهەری ئازداک کاتێک بە دەردەکەوێ کە میری گەورە لە لای ئەزداک بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕێ و ئەزداکیش جێی دەکاتەوە. برێشت ئەزداک وەکو مرۆڤێکی زۆر ئاڵۆز دەنەخشێنێ، لە هەمان کاتدا لووتبەرز و گوێڕایەڵ، ژیر و گەلحۆ، بە فیز و ملکەچ، تەوسبازو گاڵتەچی، ئاشنا و دوورەپەرێز. لە لایەکەوە خۆی ڕەق پیشان دەدا و. زەینی بە سەریدا زاڵ دەبێ، لە بەر ئەوەی دوای زەینی دەکەوێ، مرۆڤانە دەمێنێتەوە.

ئەزداک لە ململانێی بواری وزە د ژەکان جێی بۆ کراوەتەوە. برێشت دەربارەی ئەزداک دەنووسێ: «پیاوێکی زۆر ڕاشکاوە، شۆڕشگێڕێکی نائومێد بوو، کە مرۆڤێکی شڕو پڕ کەوتوو نمایش دەکا، وەکو لای

شەکسپیر حەکیم شێت نمایش دەکا.» لە شوێنێکی تردا پێی دەڵێ: «نزمترین، داوەشاوەترینی هەموو دادوەرەکان»، کە «وەکو حەربا خۆی لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجێنێ».

لەم ڕوانگەیەشەوە ئاساییە، کاتێ هەست دەکا پەنای میری گەورەی داوە خۆی دەداتە دەستی شاوڤای پۆلیسەوە و داوای لێ دەکا بیبا بۆ شار بۆ بەردەم دادگا. ئەزداک بە خۆ گرینگ کردن و لووتبەرزیی ڕووناکبیرێک، کە خێرا خۆی بە شۆڕشی گەلەوە دەبەستێ، دەیەوێ بەرەو ڕووی هەموو کەسێک بچێ و دڵی کەس نەیەشێنێ و خۆی تاوانبار دەکا. ئەزداکی نووسیاری شڕو پڕ کەوتووی گوند هەواداری شۆڕشە، بەڵام شۆڕشگێڕ نییە. خۆ تاوانبارکردن تەنیا دەبێتە مایەی تەوس و پێکەنین و خەریکە ملی خۆی بە پەتی سێدارەوە بکا.

کاتێ سوارە زرێپۆشەکان دەستپێکەریی «پراوە»ی بیزرگان کازبێکی، برازای میرە قەڵەوەکە دەکەن، ئازداک سەلیقەی خۆی دەنوێنێ، بە فڕوفێڵەوە ڕاستیی بڵێ. خۆی دەخاتە بەرگی شکات لێکراو، میری گەورەوەو بەمە دەتوانێ بە ئاشکرا بەشە تاوانباریی بارودۆخەکە بخاتە ئەستۆی بەرپرسە نوێیەکان. بە بڕوا بە خۆبوون و ڕەوانبێژییەوە میرەکان ڕووت دەکاتەوە. بێگومان پەنجە نوماکردنی میرە نوێیەکان وەکو گوناهبار بەرگری نییە لە سیستەمی دەستەڵاتی پێشوو، بەڵکو دانە دادگای دەستەڵاتە بە شێوەیەکی گشتی. هەموو جارێک کە داوای میرە گەورەکە وەکو شایەت دەکا، برازاکەی ڕەتی دەکاتەوە، یان خۆی لە مەبەست لا دەدا. گەمەی دادگا لە دواییدا دەبێتە نمایشێکی کردەیی هەتا ئێستا پیادە کراو، یاسا نەک بە

مەبەستی دادپەروەریی، بەڵکو پتر بۆ مکۆمکردنی پێوەندییەکانی دەسەڵاتە. دوای ئەوەی ئەزداک میرە قەڵەوەکە تەنگەتاو دەکا، ئێستا ئیتر میری قەڵەو دەگاتە کونەلووتی و وەکو زۆردارێک سەرپەرشتی و بڕیارەکانی دادگا دەگرێتە دەست. هێشتا لەو باوەڕەدایە، خۆی سەروەری دادگایەو یاساکانی خۆی پێڕەو دەکا. سوارە زرێپۆشەکان مەبەستەکانیان بۆ دەردەکەوێ و ئەزداک وەکو دادوەر دادەنێن.

وەکو دادوەر ئەزداک فۆرمە نەریتییەکانی دەرەوە وەکو خۆی دەهێڵێتەوە: سوارە زرێپۆشەکان لە بەردەم دەروازەکەدا پاسەوانی دەگرن، کورسی دادوەر وەکو دەلالەتی دەسەڵات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێ. لە هەمان کاتدا تەوس و لاقرتێ بەم فۆرمانە دەکا، کە ئامانجیان ئەوەیە، مرۆڤ لە دادگا بترسێن و ئەوەیان بە بیردا نەیەت دژی ئەم ستەمکارە ڕاپەڕن. ئەزداک کتێبی کاریگەری یاسای بۆ هەڵدانەوەو گەڕان بە دوای پەرەگراف و بەندی یاسادا نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیەتی لە سەری دانیشێ. لە هەمان کاتدا چەند کەیسێک بە یەکەوە دادەوریی دەکا، بە ڕووکەش لە بەر کەم کاتیی. بڕیارەکانی نائاسایی، هەوەسکاریی و بەرتیل خۆرانە دەردەکەون. خۆ ویستانە بەرتیل وەردەگرێ، بەڵام بە ئەرکی خۆی نازانێ بۆ بەرامبەرەکەی شتێک بکا و بڕیارەکان بە پێی کەمی و زۆری پارە دراوەکە نادا، بەڵکو بە ئارەزووی دڵی خۆی.

بڕیارەکانی بە نیگای یەکەم جێگای بڕوا نین، بەڵام مرۆڤناسیی و تێگەیشتنی تەندروستی مرۆڤانەی دەردەخەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ڕووکەش بڕیارەکانی بە ڕێکەوت دەردەکەون، هەمیشە جەوهەری کێشەکان دەپێکێ، بەوەی بە یارمەتی عەقڵ بڕیار دەدا، پشتگیریی لە

چەوساوەکان دەکا؛ بەوەی بە ئاشکرا پشتگیریی چەوساوەکان دەکا، بڕیاری عا قڵانە دەدا. نایەڵێ نەریت و قەناعەتە بە ڕووکەش مکۆمەکان ڕێبەری بکەن، بەڵکو بڕیار دەدا، بەوەی ڕۆ دەچێتە ڕاستییەوە. پشتی گەل دەگرێ و دوای قەناعەتەکانی خۆی دەکەوێ.

بڕیار و بەڵگە هێنانەوەی بۆ بڕیارەکانی سەرکێشانەن، بەڵام لە جەوهەردا ڕەوا دەردەکەون، دەشزانێ تەنیا جارو بار لە یاسا کۆنەکان لادەداو شتەکان تەنیا کەمێک و کاتیی بگۆڕێ. بەڵام ئەمە بۆی بەسە بۆ ئەوەی بۆ گەل وەکو دادوەری خەڵکی هەژار دەربکەوێ. ئەوەندەی دەسەڵاتدارەکان ڕێگای بدەن پێگەکەی بێ ویژدانانە بۆ ئامانجەکانی خۆی بە کار دەهێنێ، گەلیش لەمە تێدەگاو لێشی دەبوورێ.

گەمەی جوغزە داخراوەکان

هەموو سەرەداوەکانی دراماکە لە دوا دیمەندا یەک دەگرنەوە: بازنەی تەباشیر. بڕیاری گروشەو منداڵەکە دادوەرێک دەیدا، کە لە وێنەی باوی دادوەر چۆتە دەرێ.

هەر بە یەکەم نیگا جیاوازی گرینگ لە نێوان هەردوو لایەنی دادگایی کردندا دەردەکەوێ. گروشە پشتگیریی پسپۆڕی یاسایی نییە. تەنیا لە لایەن ژنە ئاشپەزەکەو سیمۆنەوە بە دڵ و بە گیان پشتگیریی دەکرێ، ئەوانیش ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ڕووداوەکەوە هەیە. بە پێچەوانەوە ناتێلا دوو پارێزەر بەرگریی لێ دەکەن. بەڵام ئەم پێوەندییە تەنیا بازرگانییە.

کاتێ میخل دەهێنرێتە ژوورەوە، گروشە تەنیا نیگای بۆ ئەو هەیەو دەبێ بە توێزی ڕایگرن، بۆ ئەوەی بۆ لای منداڵەکە ڕا نەکا. ناتێلا بەوە

ناچێ دڵی بۆ منداڵەکەی لێ بدا. بۆنی ناخۆشی بینەران بۆ ئەو لەو کاتەدا لە هەموو شتێک گرینگترە، هەوڵ نادا لە منداڵەکەی نزیک ببێتەوە. بۆ ناتێلا جێگای بڕوا نییە خۆی بخاتە ئاستی گروشەوە. بەوە دەچێ وا بیر بکاتەوە کە کارەکەری پێشووتر نابێ ویست و ئارەزووی خۆی هەبێ.

ئەزداک دەیەوێ سەلماندنی دایکی ڕاستەقینە لە ڕێی پراوەیەکەوە جێبەجێ بکا، بەوەی منداڵەکە دەخرێتە نێو بازنەیەکی تەباشیرەوە، هەر یەک لە ژنەکان دەبێ هەوڵبدا منداڵەکە بۆ خۆی ڕابکێشێ. بۆ ژنی شاردار دەلوێ منداڵەکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، لە بەر ئەوەی گروشە دەستی منداڵەکەی بەرداوە. دەستبەرداری مافی خۆی دەبێ، تەنیا بەو مەرجەی بتوانێ منداڵەکە فێری زمان بکا. ئەزداک بە هەمان ئەنجامەوە پراوەکە دووبارە دەکاتەوە. بەمەیش دایکی ڕاستەقینەی منداڵەکە دەناسێتەوە: ئەزداک منداڵەکە دەداتە گروشە.

چەند ئامازەیەک بۆ کۆتایی

ئامانجی شانۆی مەلحەمی برێشت گۆڕانکاریی سیاسییە. بۆ ئەوەی پەردە لە سەر هێزە بزوێنەرەکانی کۆمەڵگە هەڵبداتەوە، زۆر جار گێڕانەوە یان شانۆنامەی فێرکاریی بە کار دەهێنێ. بە گێڕانەوە یان بە مۆدێل بە شێوەیەکی گشتیی بە کەرەستەی نامۆبوون شتێکی گرینگ نمایش دەکرێ. لە ڕێی بە وەگەڕخستنی حیکایەتخوان یان بەکارهێنانی گۆرانییەوە دەبێ ڕەوتی شانۆگەرییەکە بپچڕێنرێ بۆ ئەوەی بینەر دوورمەوداییەک لە نمایشکراوەکە وەرگرێ. دەستتێوەردان لە ڕەوتی ڕووداوەکان دەبێ بۆ بەرژەوەندیی فێرکاریی بە کار بهێنرێن: بینەر دەبێ مەرجداریی کۆمەڵگە و گۆڕینی ئەوەی

نمایش دەکرێ تاو بداتەوەو بۆ کارایی سیاسی دنەی بدرێ. شانۆی مەلحەمی خۆی بە دژوازی فۆرمی درامایی شانۆ دەزانێ.

بە کورتی دەتوانین ڕەوشەکانی شانۆی مەلحەمی لەم خاڵانەدا کۆ بکەینەوە: فۆرمی شانۆی مەلحەمی ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، بینەر دەکاتە چاودێر، بەڵام بۆ کارایی بێداری دەکاتەوە، ناچاری بڕیاردانی دەکا، مەعریفەی پێدەدرێ، ڕوو بە ڕووی ڕووداو دەکرێتەوە، بە بەڵگەوە کار دەکرێ، بەرەو مەعریفە پاڵدەنرێ، مرۆڤ چەقی تۆژینەوەیە، هەموو دیمەنێک سەربەخۆیە.

برێشت ئەم دوو فۆرمە جیاوازەی شانۆی لە ساڵی ١٩٦٣دا بەمجۆرە بەرامبەر یەک داناوە:

«**بینەری شانۆی درامایی دەڵێ**: بەڵێ، منیش ئاوا هەستم کرد. من وام. ئەمە تەنیا سروشتییە. ئەمە هەمیشە وا دەبێ. ئێش و ئازاری ئەم مرۆڤە دەمهەژێنێ، چونکە هیچ ڕێگاچارەیەکی نییە. ئەمە هونەرێکی گەورەیە: هەموو شتێک لێرەدا بەڵگەنەویستە. من لەگەڵ ئەوانەدا دەگریم کە دەگرین، لەگەڵ ئەوانەدا پێدەکەنم کە پێدەکەنن.

بینەری شانۆی مەلحەمی: من ئەمەم بە خەیاڵدا نەدەهات. مرۆڤ نابێ ئاوها بکا. زۆر سەرنجڕاکێشە، خەریکە بڕوای پێ نەکرێ. ئەمە دەبێ کۆتایی پێ بێ. ئێش و ئازاری مرۆڤ دەمهەژێنێ، لە بەر ئەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو هەیە. هونەری گەورە ئەوەیە: لێرەدا هیچ شتێک بەڵگەنەویست نییە. بەوانە پێدەکەنم کە دەگرین، بۆ ئەوانە دەگریم کە پێدەکەنن.»

کەسەکان

جوتیارێکی پیرەمێرد لە لای ڕاست

ژنە جوتیارێک لە لای ڕاست

جوتیارێکی لاو

کرێکارێکی هەرزەکار

جوتیارێکی پیرەمێرد لە لای چەپ

ژنە جوتیارێک لە لای چەپ

ژنە چاودێری کشتوکاڵ

کچە تراکتۆرئاژووە گەنجەکە

سەربازە بریندارەکەو چەند ژن و پیاوێکی جوتیاری کۆڵخۆز[١]

پسپۆڕەکەی پایتەخت

ئارکادی چایدزەی گۆرانیبێژ

مۆسیقاژەنەکانی

گیۆرگی ئەباشڤیلی، شاردار

ناتێلای ژنی

میخلی کوڕی

شالڤا، جێگر

(١) کۆخۆز: لە سۆڤیەتی جاراندا بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی هەرەوەز. بەفەرمانی ستالین لە ساڵی ١٩٢٩ەوە دامەزراوە (وەرگێڕ).

ئارسەن کازبێکی، میرە قەڵەوەکە

سوارەی تەتەری پایتەخت

نیکۆ میکادزە و میکا لۆلادزە، پزیشک

سیمۆن خاخاڤای سەرباز

گروشە ڤاخنادزە، کچە بەردەستی ئاشپەزخانەکە

سێ بەنا

چوار کارەکەر: ئاسیا، ماشا، زولەیخا، نینای قەڵەو

لەلە

ژنی ئاشپەز

ئاشپەز

مەیتەر

چەند کارمەندێک لە کۆشکی شاردار‌دا

چەند سوارێکی زرێپۆش و چەند سەربازێکی شاردارو میری قەڵەو

سواڵکەرو تکاکار

جوتیارە پیرە شیرفرۆشەکە

دوو ژنی نەجیب

خانچی

خزمەتچی

بەروان

«سەردارین»ی سەرباز

ژنە جوتیارێک و مێردەکەی

سێ بازرگان

لاڤرێنتی ڤاخنادزە، برای گروشە

ئانیکۆی ژنی لاڤرێنتی

خزمەتکارەکەی ماڵی لاڤرێنتی

ژنە جوتیارەکە، بە کاتیی خەسووی گروشە

یوسوپی کوڕی

برا ئەناستازیۆز، قەشەیەک

میوانانی زەماوەند

منداڵان

نووسکاری گوند، ئازداک

شاوڤای پۆلیس

هەڵاتوویەک، میری گەورە

پزیشکەکە

کەمئەندامێک

پیاوێکی شەل

فشارهێنەر

لودۆڤیکا، بووکی خانچییەکە

پیرەژنە جوتیارێکی هەژار

ئیراکلی شووبرای، جەردەیەک

سێ ئاغا

ئیلۆ شوبۆلادزە و ساندرۆ ئۆبۆلادزە، پارێزەران

ژن و مێردە زۆر پیرەکە

١

شەڕ لە سەر پێدەشتەکە

(لە نێوان وێرانەی گوندێکی بە تۆپ بێژراوی قەوقازییەوە، بە دەم شەراب خواردنەوە و جگەرەکێشانەوە ئەندامانی دوو گوندی کوڵخۆز بە بازنەیی دانیشتوون، زۆربەیان ژن و پیرەمێردن؛ بەڵام چەند سەربازێکیشیان لە نێواندایە. پسپۆڕێکی لێژنەی ئاوەدان کردنەوەی دەوڵەتییان لە لایە، کە لە پایتەختەوە هاتووە).

ژنە جوتیارێک لە چەپەوە:

(ئاماژە دەکا): لەوێ لە گردۆڵکەکان سێ تانکی نازییەکانمان ڕاگرت، بەڵام بەستەنەی سێوەکە وێران بووبوو.

جوتیارێک لە ڕاستەوە:

کێڵگە جوانەکەمان: وێرانەیەکە بۆ خۆی!

کچە تراکتۆرئاژوو گەنجەکەی چەپ:

هەڤاڵ، من ئاگر م تێ بەردا.

پسپۆڕ:

ئێستا گوێ لە پرۆتۆکۆڵەکە بگرن: نێردراوەکانی کوڵخۆزی «گالیسنک»ی بزن بەخێوکردن لە نوخا ئامادە بوون. بە فەرمانی میری کۆڵخۆزەکە، کاتێ سوپای هیتلەر هێرشی هێنا، مێگەلە بزنەکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات ئاژۆت. ئێستا بیر لە

گەڕانەوە دەکاتەوە بۆ ئەم پێدەشتە. نوێنەرەکانیان سەردانی گوندو دەشت و دەرەکەیان کردو ئاستێکی بەرزی وێرانکارییان بۆ دەرکەوت. (نوێنەرەکانی دەستە ڕاست سەر دەلەقێنن). کۆڵخۆزی «ڕۆزا لوکسەمبورگ»ی میوەچاندنی دراوسێ (بەرەو چەپ) ئەو داوایە دەخاتە بەردەست، کە لەوەڕگای پێشووی کۆڵخۆزی »گالیسنک«، پێدەشتێک کە گژو گیای کەم لێ دەڕوێ لە کاتی بینا کردنەوەدا بۆ ڕواندنی میوەجات و ڕەز تەرخان بکرێ. وەکو پسپۆڕی لێژنەی بیناکردنەوە داوا لە هەردوو گوندە کۆڵخۆزە دەکەم، خۆیان ڕێک بکەون لە سەر ئەوەی، ئایا کۆڵخۆزی «گالیسنک» بگەڕێتەوە بۆ ئێرە یان نا.

پیرەمێردەکەی ڕاست:

لە سەرەتادا دەمەوێ جارێکی دیکە دژی سنووردارکردنی کاتی قسەکردن نارەزایی دەرببڕم، ئێمە لە کۆڵخۆزی «گالیسنک»ەوە سێ ڕۆژو سێ شەو بە ڕێگای ئێرەوە بووین و، ئێستاش تەنیا دەبێ نیو ڕۆژ مشتومڕ بکرێ!

سەربازێکی برینداری لای چەپ:

هەڤاڵ، ئێمە هێندە گوندمان نەماوە و هێندە دەستی کارمان نەماوە و هێندە کاتیشمان نەماوە.

کچە تراکتۆرئاژووە گەنجەکە:

هەموو لەزەتەکان دەبێ سنووردار بکرێن، تووتن سنووردار کراوە و شەراب و مشتومڕیش دەبێ سنووردار بکرێن.

پیرەمێردەکەی ڕاست:

(هەناسە هەڵدەکێشێ): مەرگ بۆ فاشییەکان! ئاوها دێمە ناو

بابەتەکەوەو ئاوا بۆتان ڕوون دەکەمەوە، بۆچی ئێمە دەمانەوێ پێدەشتەکەمان وەرگرینەوە. کۆمەڵێ هۆی زۆر هەیە، بەڵام من دەمەوێ بە یەکێکی زۆر ئاسان دەست پێبکەم. ماکینێ ئەباکیدزە، پەنیری بزنەکە بکەرەوە.

(ژنە جوتیارێک لە لای ڕاستەوە لە سەبەتەیەکی گەورەوە پارچە پەنیرێکی گەورەی بە پەڕۆیەک پێچراو دەردەهێنێ. چەپڵەو پێکەنین).

فەرموون، هەڤالان، دەست بەرن.

جوتیارە پیرەمێردەکەی چەپ:

(بەد گومانە): ئەمە وەکو کارتێکردن بیری لێ کراوەتەوە؟

پیرەمێردەکەی ڕاست:

(لە کاتێکدا ئەوانی دیکە پێی پێدەکەنن): چۆن وەکو کارتێکردن بیری لێ کراوەتەوە، سوراب، جەردەی پێدەشت! مرۆڤ دەزانێ، کە تۆ پێدەشتەکە دەبەیت و پەنیرەکەش. (پێکەنین). هەموو ئەو شتانەی من داوات لێ دەکەم، وەڵامێکی ڕاشکاوانەیە. پەنیرەکەت پێ خۆشە؟

پیرەمێردەکەی چەپ:

وەڵامەکە: بەڵێ.

پیرەمێردەکەی ڕاست:

ئاوها. (بەغەمگینییەوە): دەبوو بزانم تۆ هیچ لە پەنیر تێناگەی.

پیرەمێردەکەی چەپ:

بۆچی نا؟ کە من پێت بڵێم بە تامە.

پیرەمێردەکەی ڕاست:

لە بەر ئەوەی ناکرێ بۆ تۆ تامی خۆش بێ. لە بەر ئەوەی ئەوە نییە وەکو لە ڕۆژانی کۆندا هەبوو. ئەی لەبەر چی وەکو جاران نەماوە؟ لە بەر ئەوەی بزنەکانمان گیا نوێیەکەیان پێ بە تام نییە. پەنیر پەنیر نییە، چونکە گیا گیا نییە، ئەمە مەسەلەکەیە. تکایە ئەمە لە پرۆتۆکۆڵەکەدا بنووسە.

پیرەکەی چەپ:

بەڵام پەنیرەکەتان زۆر نایابە.

پیرەکەی ڕاست:

نایاب نییە، هەر مامناوەندیش نییە. لەوەڕگا تازەکە هیچ نییە، با لاوەکان هەر بۆ خۆیان بڵێن. من دەڵێم، مرۆڤ ناتوانێ لەوێ بژی. لەوێ تەنانەت بەیانییان بۆنی بەیانییانی لێ نایە.

(هەندێکیان پێدەکەنن).

پسپۆڕ:

تووڕە مەبە، کە پێدەکەنن، لێت تێدەگەن. هەڤالان، مرۆڤ بۆچی وڵاتی خۆشدەوێ: لەبەر ئەوەی لە وڵات نان تامی خۆشترە، ئاسمان بەرزترە، هەوا لەوێ بۆندارترە، دەنگەکان زایەڵەیان بە هێزترە، ئاسانتر بە سەر زەویدا دەڕۆی. وا نییە؟

پیرەمێردەکەی ڕاست:

ئەم پێدەشتە هەمیشە هی ئێمە بووە.

سەربازەکە:

«هەمیشە» یانی چی؟ هیچ کەس هەمیشە هیچ شتێکی نییە. کاتێ تۆ گەنج بووی، تۆ خاوەنی خۆیشت نەبووی، بەڵکو هی

میر کازبەکی بووی.

پیرەمێردەکەی ڕاست:

بە پێی یاسا پێدەشتەکە هی ئێمەیە.

کچە تراکتۆرئاژووە گەنجەکە:

دەبێ لەهەموو حاڵەتێکدا یاساکان بپشکنرێن، ئایا هێشتا دروستن.

پیرەمێردەکەی ڕاست:

بێگومان. ئایا ئەوە وەکو یەک وایە، چی درەختێک لە پاڵ ئەو ماڵەوەیە، کە مرۆڤ تیای لە دایک بووە؟ یان مرۆڤ چ دراوسێیەکی هەیە، ئەمە وەکو یەک وایە؟ ئێمە دەمانەوێ بگەڕێینەوە، تەنانەت، بۆ ئەوەی ئێوەمان لە تەنیشت کۆڵخۆزەکەمانەوە هەبێ، ئێوە جەردەی پێدەشت. ئێستا جارێکی دیکە دەتوانن پێبکەنن.

پیرەمێردەکەی چەپ:

(پێدەکەنێ): ئەی بۆچی بە هێمنیی گوێ لە «ژنە هاوسێکەت»، کاتۆ ڤاختانگ ناگری، ژنە کشتوکاڵزانەکەمان، چی هەیە دەربارەی پێدەشتەکە بیڵێ؟

ژنە جوتیارێک لە ڕاستەوە:

ئێمە هێشتا هەموو ئەو شتانەمان دەربارەی پێدەشتەکەمان نەگوتووە کە دەمانەوێ بیڵێین. خانووەکان هەموو نەڕووخاون، بە لای کەمەوە بینای شیرەکە هێشتا بناغەکەی ماوە.

پسپۆڕ:

ئێوە مافی یارمەتی دەوڵەتتان هەیە– لێرەو لەوێش، ئەوە دەزانن.

ژنە جوتیاری ڕاست:

هەڤاڵی پسپۆڕ، ئەمە سەوداو مامەڵە نییە. من ناتوانم کڵاوەکەت لە سەر دابکەنم و کڵاوێکی دیکەت بۆ ڕاگرم و پێت بڵێم «ئەمە باشترە»، ئەوی دیکە لەوانەیە باشتر بێ، بەڵام تۆ ئەوەی خۆت زیاتر بە دڵە.

کچە تراکتۆرئاژووە گەنجەکە:

پارچەیەک زەوی وەکو کڵاوێک نییە، لەوڵاتەکەی ئێمەدا نا، هەڤاڵ.

پسپۆڕ:

تووڕە مەبن. دروستە، ئێمە دەبێ پارچە زەوییەک پتر وەکو ئامرازێکی کار تەماشا بکەین، کە مرۆڤ بەو ئامرازە شتێکی بە سوود دروست دەکا، بەڵام ئەوەیش ڕاستە، کە ئێمە دەبێ دان بە خۆشەویستی بۆ پارچە زەوییەکی تایبەتدا بنێین. پێش ئەوەی درێژە بە مشتومڕ بدەین، پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ئێوە بۆ هەڤالانی کۆڵخۆزی «گالینسک» ڕوونی بکەنەوە، ئێوە دەتانەوێ چی لەم پێدەشتە کێشە لە سەرە بکەن.

پیرەمێردەکەی ڕاست:

ڕازین.

پیرەمێردەکەی چەپ:

بەڵێ، بیەڵێن کاتۆ قسە بکا.

پسپۆڕ:

هەڤاڵی پسپۆڕی کشتوکاڵ!

ژنە پسپۆڕی کشتوکاڵ لە چەپەوە:

(هەڵدەستێتە سەر پێ، جلی یەکپۆشی سەربازیی لە بەرە):

هەڤالان، لە زستانی ڕابردوودا، کاتێ ئێمە لە گردۆڵکەکاندا خەباتمان دەکرد، باسی ئەوەمان کرد، ئێمە پاش وەدەرنانی ئەڵمانەکان چۆن دەتوانین بەرهەمهێنانی میوەجات دە هێندە گەورەتر وەبەر بهێنین. من پرۆژەیەکی ئامێری ئاودێریم ئامادە کردووە. لە ڕێی بەنداوێکەوە لە سەر جۆیباری چیاکەمان دەتوانرێ ٣٠٠ هێکتار زەوی بێ پیت ئاو بدرێ. کۆڵخۆزەکەمان دەتوانێ نەک هەر، میوەجات، بەڵکو ڕەزیش بکەن. بەڵام پرۆژەکە تەنیا کاتێک بە سوودە، گەر مرۆڤ بتوانێ پێدەشتی کێشە لە سەری کۆڵخۆزی «گالینسک»یشی بخاتە سەر. ئەمە حیسابگەرییەکانن.

(مەلەفێک دەداتە دەستی پسپۆڕ).

پیرەمێردی ڕاست:

لە پرۆتۆکۆڵەکەدا بنووسن، کە کۆڵخۆزەکەمان دەیەوێ، دەست بە بەخێوکردنی ئەسپ بکاتەوە. وا نییە؟

کچە تراکتۆرئاژووە گەنجەکە:

هەڤالان، ئەم پرۆژەیە لەو ڕۆژو شەوانەدا بیری لێ کراوەتەوە، کە ئێمە دەبوو لە شاخەکان بژین و زۆر جار فیشەک نەک هەر بۆ ئەو چەند تفەنگەی هەمان بوون سەخت بوو، بەڵکو پەیداکردنی قەڵەم ڕەساسێکیش سەخت بوو.

(لە هەردوو لاوە چەپڵەی بۆ لێدەدرێ).

پیرەمێردی ڕاست:

سوپاسی ئێمە بۆ هەموو هەڤالانی کۆڵخۆزی «ڕۆزا لوکسەمبەرگ»و هەموو ئەوانەی، کە بەرگرییان لە وڵات کرد!

(دەستی یەکتر دەگوشن و باوەش بە یەکدا دەکەن).

ژنە جوتیارەکەی چەپ:

ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە، کە سەربازەکانمان، پیاوانی ئێمەو ئێوە، بۆ وڵاتێکی بە پیتتر بگەڕێنەوە.

کچە تراکتۆرئاژووە گەنجەکە:

وەکو مایاکۆڤسکی شاعیر گوتوویەتی، «وڵاتی گەلی سۆڤیەت دەبێ وڵاتی عەقڵیش بێ»!

(تەنیا پیرەمێردەکە نەبێ، نێردراوەکانی دەستە ڕاست هەموو هەستاونەتە سەرپێ و لەگەڵ پسپۆڕەکەدا هێڵکارییەکانی ژنە پسپۆڕەکەی کشتوکاڵ دەخوێننەوە. دەنگی گازندە دەبیسترێ وەکو «لە بەر چی بەرزی سۆلافەکە ٢٢ مەترە!» –«ئەم تاوێرە بەردەی ئێرە دەتەقێنرێتەوە!» –«لە ڕاستیدا ئێمە تەنیا پێویستمان بە چیمەنتۆو باروتە!» –«ئاوەکە ناچار دەکەن، لێرەوە بێتە خوارێ، ئەمە عاقڵانەیە!»)

کرێکارێکی هەرزەکار لە ڕاستەوە:

(بە پیرەمێردەکەی ڕاست): ئەوان هەموو کێڵگەکانی نێوان گردەکان ئاو دەدەن، ئەلێکۆ سەیری کە.

پیرەمێرەکەی ڕاست:

من سەیری ناکەم. من زانیم، کە پرۆژەکە باش دەبێ. من نایەڵم دەمانچە لە سنگم توند کەن.

سەرباز:

بەڵام دەیانەوێ تەنیا قەڵەم لە سینەت توند کەن.

(پێکەنین).

پیرەمێردەکەی ڕاست:

(بە خەمبارییەوە هەڵدەستێ دەڕوا، بۆ ئەوەی سەیری وێنەکان بکا): بە داخەوە ئەم جەردانەی پێدەشت زۆر باش دەزانن، کە ئێمە ناتوانین لێرە تەحەمولی مەکینەو پڕۆژە بکەین.

ژنە جوتیارەکەی ڕاست:

ئەلێکۆ بێرەشڤیلی، تۆ خۆت، کە باس دێتە سەر پڕۆژەی نوێ لە هەمووان خراپتری، ئەمە هەموو کەسێک دەیزانێ.

پسپۆڕ:

پڕۆتۆکۆڵەکەم چی بە سەرهات؟ دەتوانم بنووسم، کە ئێوە لە کۆڵخۆزەکەتان پشتگیری دابڕینی پێدەشتە کۆنەکەتان بۆ ئەم پڕۆژەیە دەکەن؟

ژنە جوتیارەکەی ڕاست:

من پشتگیری دەکەم. ئەلێکۆ تۆ دەڵێی چی؟

پیرەمێردەکەی ڕاست:

(بە سەر نەخشەکانەوە): من داواکاری ئەوەم، کۆپی نەخشەکانمان بدەنێ.

ژنە جوتیارەکەی ڕاست:

ئەمجا دەتوانین دانیشین نان بخۆین. گەر ئەو نەخشەکانی هەبێ و بتوانێ مشتومڕیان لە سەر بکات، شتەکە پێکهاتووە. من دەیناسم. ئەوانی دیکەی لە ئێمەش ئاوهان.

(نێردراوەکان جارێکی دیکە بە دەم پێکەنینەوە باوەش بە یەکدا دەکەن).

پیرەمێردەکەی چەپ:

بژی کۆڵخۆزی «گالینسک»، هیوای سەرکەوتن بۆ ئەسپ بەخێوکردنەکەتان دەخوازم!

ژنە جوتیارەکەی چەپ:

هەڤالان، وا پلان دانراوە، بۆ شەرەفی سەردانی نێردراوەکانی کۆڵخۆزی «گالینسک» و پسپۆڕ بە هاوکاریی ئارکادی چایدزەی گۆرانیبێژ شانۆگەرییەکتان بۆ نمایش بکرێ، کە پێوەندی بە پرسیارەکەمانەوە هەیە.

(چەپڵە).

(ژنە گەنجە تراکتۆرئاژۆکە ڕادەکا بۆ ئەوەی گۆرانیبێژەکە بهێنێ).

ژنە جوتیارەکەی ڕاست:

هەڤالان، شانۆگەرییەکەتان دەبێ باش بێ. ئێمە بە پێدەشتێک نرخەکەی دەدەین.

ژنە جوتیارەکەی چەپ:

ئارکادی چایدزە بیست و یەک هەزار کۆپلە شیعری لە بەرە.

پیرەمێردەکەی چەپ:

ئێمە بە سەرپەرشتی ئەو ئەم شۆناگەرییەمان ئامادە کردووە. مرۆڤ زۆر بە زەحمەت ئەوی دەست دەکەوێ. ئێوە لە ئەنجومەنی پلاندانان دەبێ مشووری ئەوە بخۆن، کە خەڵکی لە باکور زیاتر ئەویان دەست بکەوێ، هەڤاڵ.

پسپۆڕ:

ئێمە لە ڕاستیدا پتر خۆمان بە ئابوورییەوە سەرقاڵ دەکەین.

پیرەمێردەکەی چەپ:

(بە دەم زەردەخەنەوە): ئێوە نەزم دەخەنە نێو دابەشکردنی نوێی هێشووە ترێ و تراکتۆرەوە، بۆچی نەزم ناخەنە نێو گۆرانییەوە؟

(کچە گەنجە تراکتۆرئاژۆکە ئەرکادی چایدزەی گۆرانیبێژ دەهێنێتە ناو بازنەکەوە، پیاوێکی تێکسمڕاوی جەوهەر خاکەڕۆ. لەگەڵیدا مۆسیقاژەنەکان بە ئامێرەکانیانەوە. بە چەپڵە پێشوازی لە هونەرمەندان دەکرێت).

کچە گەنجە تراکتۆرئاژۆکە:

ئەرکادی، ئەوە هەڤاڵ پسپۆڕە.

(گۆرانیبێژەکە سڵاو لە خەڵکەکەی دەوروبەر دەکا).

ژنە جوتیارەکەی ڕاست:

زۆر شەرەفە بۆ من بە ناسینتان. هێشتا لە قوتابخانە بووم کە گوێم لە گۆرانییەکانتان بوو.

گۆرانیبێژ:

ئەمجارەیان شانۆگەرییەکە بە گۆرانییەوە، کە نزیکەی هەموو کۆڵخۆزەکە تێدا بەشدارە. دەمامکە کۆنەکانمان لەگەڵ خۆمان هێناوە.

پیرەمێردەکەی ڕاست:

یەکێک دەبێ لە داستانە کۆنەکان؟

گۆرانیبێژ:

یەکێکی زۆر کۆن. ناوی «بازنەی تەباشیرە» لە بنەچەدا چینییە. بێگومان ئێمە لە شێوەیەکی گۆڕاودا پێشکەشی دەکەین. یورا،

ماسکەکان پیشان بدە. هەڤالان شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە، پاش دەمەتەقێیەکی سەخت ئێوە شاد بکەین. ئێمە ئومێدەوارین، کە ئێوە وا ببینن دەنگی شاعیرە پیرەکە لە سێبەری تراکتۆرەکانی سۆڤیەتیشدا زایەڵەی دێ. لەوانەیە هەڵە بێ شەرابی جیاواز تێکەڵ بکەی، بەڵام حیکمەتی کۆن و نوێ زۆر نایاب تێکەڵ دەکرێن. ئێستا، من هیوام وایە، کە ئێمە هەموومان پێش ئەوەی نمایش دەست پێبکا خواردنمان بدرێتێ. ئەمە یارمەتی دەدا.

دەنگەکان:

بێگومان. هەموو بێنە ناو یانەکەوە.

(هەموو بە ئاسوودەیی بۆ خواردن دەچن. لە کاتی هەستاندا پسپۆڕ ڕوو لە گۆرانیبێژەکە دەکا).

پسپۆڕ:

ئەرکادی، ئەم حیکایەتە چەند دەخایەنێ؟ من هەر ئەمڕۆ دەبێ بگەڕێمەوە بۆ تیفلیس.

گۆرانیبێژ:

(بێ دەربەست): لە ڕاستیدا دوو حیکایەتن. چەند سەعاتێک.

پسپۆڕ:

(زۆر بە نهێنییەوە): ناتوانن کورتتری بکەنەوە؟

گۆرانیبێژ:

نەخێر.

٢
منداڵی بەرز

گۆرانیبێژ:

(لە بەردەم مۆسیقاژەنەکانیدا لە سەر زەوی دانیشتووە، عەبایەکی ڕەشی لە پێستی مەڕ بە شانییەوەیەتی، پەڕەی کتێبێکی ژاکاو هەڵدەداتەوە):

لە سەردەمێکی کۆندا، لە سەردەمێکی خوێناویدا

لەم شارەدا، ئەوەی «نەفرەتی» پێدەگوترا حوکمی دەکرد

شاردارێک ناوی گیۆرگی ئەباشڤیلی بوو.

وەکو کروێسوس[٢] دەوڵەمەند بوو.

ژنێکی جوانی هەبوو.

منداڵێکی تەندروستی هەبوو.

هیچ شاردارێکی دیکە لە گروزنیا

بە قەد ئەو ئەسپی لە تەویلەکەدا نەبوو

هێندە دەرۆزەکەر لە ئاستانەکەیدا

هێندە سەرباز لە خزمەتیدا

هێندە تکاکار لە کۆشکەکەیدا.

(٢) کروێسوس (٥٦٠–٥٤٦پ. ز) پادشای لیدیا بە دەوڵەمەندییەکەی ناودار بووە (وەرگێڕ).

من چۆن دەتوانم وەسفی گیۆرگی ئەباشڤیلیتان بۆ بکەم؟

لەزەتی لە ژیان دەبینی.

لە بەیانییەکی یەکشەمەی جەژنی هەستانەوە[٣] دا

شاردار لەگەڵ خێزانەکەیدا چووە کلێسا.

(لە کەوانەی دەروازەی کۆشکێکەوە دەرۆزەکەرو تکاکار جمەیان دێ، منداڵی ڕیوەڵە، کەمئەندام، تکانامەکانیان بەرز کردۆتەوە. لە پشتیانەوە دوو سەربازی زرێپۆش، ئەمجا لە پۆشاکی گرانبەهادا خێزانەکەی شاردار).

دەرۆزەکەرو تکاکار:

بەزەیی، جەنابی بەخشندە، باجەکە زۆرە. من لاقم لە شەڕی فارسەکاندا لە دەست دا، لە کوێ دەستم دەکەوێ... —براکەم بێتاوانە، جەنابی بەخشندە، بەدحاڵیبوونە. ئەو لە برساندا دەمرێ. تکای بەخشینی دوا کوڕمان دەکەین لە خزمەتی سەربازی. تکایە، جەنابی بەخشندە، چاودێری ئاو بەرتیلخۆرە.

(نۆکەرێک تکانامەکان کۆ دەکاتەوە، یەکێکی دیکە لە کیسەیەکەوە لیرە دادەبەشێنێتەوە. سەربازەکان لە دواوە دڕ بە خەڵکەکە دەدەن، بە قامچی چەرمی قورس لێیان دەدەن).

سەرباز:

بگەڕێنە دواوە، دەروازەی کلیسەکە ئازاد بکەن!

(٣) جەژنی یادەوەری هەستانەوەی مەسیح. بەپێی سەرچاوە مەسیحییەکان توانی وەکو کوڕی خوا بەسەر مەرگدا زاڵ بێ. ئاهەنگی هەستانەوە یان زیندووبوونەوە لە یەکشەمەیەکی دوای مانگی بەهار دەکرێ. (وەرگێڕ).

(لە پشتی شاردارو ژنەکەی و جێگرەوە لە گومەزی دەروازەوە منداڵەکەی شاردار لە ناو عەرەبانەیەکی درەخشاوەی بچووکەوە پاڵ دەنرێ. ئاپۆرەکە دیسان دەچێتەوە پێشەوە، بۆ ئەوەی منداڵەکە ببینێ..) لە ئاپۆرەکەوە دەنگ و هاوار بەرز دەبێتەوە: «منداڵەکە» –«من ناتوانم بیبینم، پاڵ مەنێن.» – «گەورەم خوا دەستی بە باڵتەوە بگرێ»).

گۆرانیبێژ:

(لە کاتێکدا ئاپۆرەکە بە قامچی دەگەڕێنرێتە دواوە):
بۆ یەکەم جار لەم جەژنی هەستانەوەیەدا
گەل میراتگری بینی.
دوو دکتۆر هەنگاوێک لە منداڵە بەرزەکە
بیلبیلەی چاوی شاردار دوور نەدەکەوتنەوە.
تەنانەت کازبێکی میری بە دەستەڵات
ڕێزی خۆی بۆ شاردار لە بەردەم دەرگای کلێسەدا سەلماند.
(میرێکی قەڵەو دێتە ناوەوەو سڵاو لە خێزانی شاردار دەکا).

میرە قەڵەوەکە:

جەژنتان پیرۆز بێت، ناتێلا ئەباشڤیلی.

(فەرمانێک دەبیسترێ. سوارێک بە غار دێ، لوولەیەک بە کاغەزەوە بۆ شاردار ڕادەگرێ. بە ئاماژەیەکی شاردار، جێگرەکەی شاردار، کە کوڕێکی گەنجی قۆزە، دەچێ بۆ لای سوارەکەو نایەڵێ بێتە پێشەوە. وچانێکی کورت دێتە ئاراوە، لە کاتێکدا میرە قەڵەوەکە بە بەدگومانییەوە لە سوارەکە ورد دەبێتەوە).

چەند ڕۆژێکی خۆشە! کاتێ دوێنێ شەو باران باری، بیرم کردەوە: ڕۆژانی پشوو باو بۆرانە. بەڵام ئەمڕۆ بەیانی: ئاسمانێکی ساماڵ. ناتێلا ئەباشڤیلی، من حەزم لە ئاسمانی ساماڵە، دڵێکی سادەم هەیە. میخلی بچکۆلە، شاردارێکی گەورە، تیتیتی. (ختۆکەی منداڵەکە دەدا). جەژنت پیرۆز، میخلی چکۆلە، تیتیتی.

ژنەکەی شاردار:

ئارسەن، چی دەڵێن، گیۆرگی بڕیاری داوە، دەست بە بیناکردنی لایە نوێیەکەی لای ڕۆژهەڵات بکا. هەموو قەراغی شار بە کۆخە بێنەواکانەوە بۆ باخچەکە دەڕووخێنرێ.

میرە قەڵەوەکە:

ئەمە هەواڵێکی خۆشە پاش ئەو هەموو هەواڵە ناخۆشانە. گیۆرگی برا، مرۆڤ چی هەواڵی جەنگ دەبیستێ؟ (بە ئاماژەی نەرێنی شاردارەوە): وەکو دەبیستم پاشەکشەیەکی ستراتیژییە؟، بەڵێ، ئەمانە نشوستی بچووکن، کە هەمیشە دەبن. جارێک باشترە، جارێک خراپتر. بەختی جەنگ. مانایەکی کەمی هەیە، وا نییە؟

ژنی شاردار:

دەکۆکێ؟ گیۆرگی، گوێت لێ بوو؟ (بە توندی بە هەردوو پزیشکەکە، دوو پیاوی نەجیب، کە نزیکی عەرەبانەکە وەستاون): دەکۆکێ.

دکتۆری یەکەم:

(بە دکتۆری دووەم): بۆم هەیە جەنابتان ئاگادار بکەمەوە، نیکۆ

میکادزە، کە من دژی حەمامە شلەتێنەکە بووم؟ سەهوێکی بچووک لە کاتی دیاریکردنی پلەی گەرمی ئاوی حەمامەکەدا کراوە، جەنابی بەخشندە.

دکتۆری دووەم:

(ئەویش زۆر نەجیبانە): مەحاڵە بتوانم هاوڕات بم، میخا لۆلادزە، پلەی گەرمیی ئاوی حەمامەکە لە لایەن میشیکۆ ئۆبۆلادزەی ئازیزو گەورەمانەوە دیاری دەکرێ. پتر تەوژمی هەوای شەوانەیە، جەنابی بەخشندە.

ژنی شاردار:

بەڵام سەیرێکی وەزعی بکە. بەوە دەچێ تای بێ، گیۆرگی.

دکتۆری یەکەم:

(بەسەر منداڵەکەوە): هیچ هۆیەک بۆ نیگەرانیی لەئارادا نییە، بەڕێز. کەمێک ئاوی حەمامەکە گەرمتر بکەن و ئیدی ئەمە ڕوونادا.

دکتۆری دووەم:

(بە نیگایەکی ڕقاوییەوە بۆ ئەو): من ئەمەم لە بیر ناچێ، میخا لۆلادزەی ئازیز. پێویست بە نیگەرانیی ناکا، بەڕێز.

میرە قەڵەوەکە:

ئای، ئای، ئای! من هەمیشە دەڵێم: جگەرم دەسووتێتەوە، ٥٠ قامچی بە بن پێی دکتۆردا دەکێشم. ئەمەیش تەنیا لە بەر ئەوەی ئێمە لە چاخێکی ناسکدا دەژین؛ پێشووتر سووک و سانا دەگوترا: ملی بپەڕێنن!

ژنی شاردار:

با بچینە ناو کلیسەکەوە، لەوانەیە تەوژمی هەواکەی ئێرە بێ.

(کۆمەڵە خەڵکەکە، کە لە خێزان و دارو دەستەکەیان پێکهاتبوو، بەرەو دەروازەی کلیسەیەک پێچ دەکەنەوە. میرە قەڵەوەکە بە دوایاندا دەڕوا. جێگرەکە لە ڕەوەکە دەردەچێ و ئاماژە بۆ سوارەکە دەکا).

شاردار:

شالڤا، پێش نوێژ نا.

جێگر:

(بە سوارەکە): شاردار حەز ناکا پێش نوێژ هەواڵی بۆ بهێنرێ، بە تایبەتی وەکو گریمانە دەکەم، هەواڵی بە سروشت خەمۆک بن. بڕۆ بۆ مەتبەخەکە تا خواردنت بدەنێ، هاوڕێ. (جێگرەکە تێکەڵی ڕەوەکە دەبێتەوە، لە کاتێکدا سوارەکە بە جنێوێکەوە دەچێتە ناو دەروازەی کۆشکەوە. سەربازێک لە کۆشکەوە دەردەچێ و لە ناو دەروازەکەدا دەوەستێ).

گۆرانیبێژ:

شار بێدەنگە.
لە گۆڕەپانی کلیسەدا کۆترەکان خۆیان بادەدەن.
سەربازێکی پاسەوانی کۆشک
لەگەڵ کچێکی مەتبەقەکەدا گەمە دەکا
کە بە پریاسکەیەکەوە لە چەمەوە دێ.

(کارەکەرێک دەیەوێ بچێتە ناو دەروازەکەوە دێتە، گورزەیەک گەڵای گەورەی سەوزی لە بن هەنگڵدایە).

سەرباز:

چۆنە، کیژۆڵە لە کلیسە نییە، خۆی لە نوێژ دەدزێتەوە؟

گروشە:

جلم لە بەر کردبوو، بۆ خواردنی جەژن قازێک نوقسان بوو، تکایان لێ کردم من بیهێنم، چونکە من کەمێک لە قاز دەزانم.

سەرباز:

قاز؟ (بە بەدگومانیی پیشاندانەوە): من لە پێشدا دەبێ ئەو قازە ببینم.

(گروشە تێناگا).

مرۆڤ دەبێ لەگەڵ ژناندا ئاگادار بێ. دەڵێن: «من تەنیا قازێکم هێنا»، ئەمجا شتێکی زۆر جیاوازە.

گروشە:

(بە متمانە بەخۆبوونەوە دەچێ بۆ لای و قازەکەی پێشان دەدا): ئەوەتانێ. ئەگەر قازێکی ١٥ پاوەنی نەبێ و گەر گەنمەشامییان دەرخوارد نەدابێ، من پەڕەکەی دەخۆم.

سەرباز:

شاژنێکی قاز! شاردار خۆی دەیخوا. کیژۆڵەکە جارێکی دیکەش لە سەر چەم بوو؟

گروشە:

بەڵێ، لە لای کولانەی پەلەوەرەکان بووم.

سەرباز:

ئاوها، لە لای کولانەی پەلەوەرەکان، لە خوارەوە لە سەر چەمەکە، لە سەرەوە نەبووی لە لای هەندێ لە دار بییەکان؟

گروشە:

من تەنیا کاتێک لە لای داربییەکانم کە کەتان بشۆم.

سەرباز:

(بە ماناوە): وایە.

گروشە:

چی وایە؟

سەرباز:

(چاو دادەگرێ): ئەوە وایە.

گروشە:

بۆچی نابێ لە لای داربییەکان کەتان بشۆم؟

سەرباز:

(بە زیادەڕەوییەوە پێدەکەنێ): «بۆچی نابێ لە لای داربییەکان کەتان بشۆم؟» ئەمە باشە، بە ڕاستی باشە.

گروشە:

من لە جەنابی سەرباز تێناگەم. چێ دەبێ باش بێ؟

سەرباز:

(فێڵبازانە): ئەگەر هەندێ کەس بیانزانیایە، هەندێ کەس چی دەزانێ، ساردی و گەرمی بە لەشیاندا دەهات.

گروشە:

من نازانم، مرۆڤ دەتوانێ چی دەربارەی هەندێ لە دەر داربییەکان بزانێ.

سەرباز:

ئەو کاتەیش نا، ئەگەر لە بەرامبەری دەوەنێک هەبێ و، لەوێوە مرۆڤ بتوانێ هەموو شتێک ببینێ؟ هەموو شتێکی کە لەوێ

ڕوو دەدا، گەر کەسێکی دیاریکراو «کەتان بشوا»!

گروشە:

چی لەوێ ڕوودەدا؟ جەنابی سەرباز نایەوێ بڵێ مەبەستی چییەو ببڕێتەوە؟

سەرباز:

شتێک ڕوو دەدا، کە لەوانەیە بتوانرێ شتێکی لێ ببینرێ.

گروشە:

خۆ جەنابی سەرباز مەبەستی ئەوە نییە، کە لە ڕۆژێکی گەرمدا جارێک پەنجەی پێم بە ئاودا دەکەم، ئەگینا هیچی دیکە نییە.

سەرباز:

زیاتریش. پەنجەی پێ و زیاتریش.

گروشە:

چی زیاتر؟ زۆر زۆر پێ.

سەرباز:

پێ و کەمێک زیاتر. (زۆر پێدەکەنێ).

گروشە:

(بە تووڕەییەوە): سیمۆن خاخاڤا، دەبێ شەرم بکەی. لە دارو دەوەندا دانیشی و چاوەڕوان بی، هەتا کەسێک لە ڕۆژێکی گەرمدا لاقی دەخاتە چۆمەکەوە و لەوانەیە لەگەڵ سەربازێکی دیکەدا! (ڕادەکا).

سەرباز:

(بانگی دەکا): لەگەڵ یەکێکی دیکەدا نا!

(کاتێ گۆرانیبێژ دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکا، سەربازەکە بە دوای گروشەدا ڕادەکا).

گۆرانیبێژ:

شار کپە، بەڵام بۆچی چەکدار هەیە؟
کۆشکی شاردار ئارامە
بەڵام بۆچی بۆتە قەڵا؟

(لە دەروازەی چەپەوە بەهەنگاوی خێرا میرە قەڵەوەکە دەردەچێ. دەوەستێ، سەیری دەوروبەر دەکا. لە بەردەم دەروازەکەی دیکەدا دوو سواری زرێپۆش چاوەڕوانن. میر دەیانبینێ و بە هێواشی بە لایاندا تێدەپەڕێ، ئاماژەیەکیان بۆ دەکا؛ ئەمجا خێرا دەڕوا. سوارێکی زرێپۆش لە دەروازەکەوە دەچێتە ناو کۆشکەوە؛ ئەوی دی وەکو پاسەوان دەمێنێتەوە. لە چەند لایەکی جیاوازەوە دەنگی تاساو دەبیسترێ «ڕاوەستێ»: کۆشک ئابڵۆقەدراوە. لە دوورەوە زەنگی کلێسا دەبیسترێ. لە دەروازەکەوە ڕەوە خەڵکەکە بە خێزانەکەی شاردارەوە لە کلیسە دەگەڕێتەوە).

شاردار گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی
قەڵاکە داوێک بوو
قازەکە ئاوەڕووت کرابوو و سوور کرابووەوە
ئیتر قازەکە نەخورا
نیوەڕۆ ئیتر کات بۆ خواردن نەمابوو
نیوەڕۆ کاتی مەرگ بوو.

ژنی شاردار:

(بە دەم ڕۆیشتنەوە): بە ڕاستی مەحاڵە لەم کوخەدا بژی، بەڵام

گیۆرگی بێگومان تەنیا بۆ میخلە بچووکەکە بینا دەکا، ئەوەک بۆ من. میخل هەموو شتێکە، هەموو شتێک بۆ میخلە!

شاردار:

گوێت لێ بوو، «جەژنێکی پیرۆز» لە کازبەکی براوە! باشە با وابێ، بەڵام ئەوەندەی من بزانم دوێنێ شەو لە نوخا باران نەباریوە. کازبەکی برا لە هەر کوێ بووبێ، لەوێ باران باریوە. کازبەکی برا لە کوێ بوو؟

جێگر:

دەبێ لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ.

شاردار:

بەڵێ، یەکسەر. بەیانی.

(ڕەوەکە بۆ دەروازەکە پێچ دەکاتەوە، ئەو سوارەی کە لەم سەروبەندەدا لە کۆشک گەڕاوەتەوە تووشی شاردار دەبێ).

جێگر:

خاوەن شکۆ، ناتانەوێ گوێ لە سوارەکەی پایتەخت بگرن؟ ئەمڕۆ بەیانی بە کاغەزی نهێنییەوە گەیشت.

شاردار:

(بە دەم ڕۆیشتنەوە): شالڤا، پێش خواردن نا!

جێگر:

(لە کاتێکدا ڕەوەکە دەچێتە ناو کۆشکەوەو لە بەرچاو دیار نامێنێ و تەنیا دوو سواری زرێپۆش لە بەر دەروازەکە دەمێننەوە، بە سوارەکە): پێش نانخواردن شاردار نایەوێ هەواڵی سەربازیی پێ بگەیەنرێ و پاش نیوەڕۆ خاوەن شکۆ

کاتی خۆی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەنا پایە بەرزەکاندا تەرخان دەکا، کە بۆ خواردن بانگهێشت کراون. ئەوەتا لێرەن. (سێ پیاو نزیک دەبنەوە. لە کاتێکدا سوارەکە دەڕوا، جێگر سڵاو لە بەناکان دەکا). گەورەکانم. خاوەن شکۆ بۆ خواردن چاوەڕوانتان دەکا. هەموو کاتەکەی تەنیا بۆ ئێوە تەرخانە. بۆ پلانە نوێیە گەورەکان! زوو وەرن!

یەکێک لە بەناکان:

ئێمە ئەمەمان پێ سەیرە، کە خاوەن شکۆی لەگەڵ دەنگۆی وەرچەرخانێکی خراپی جەنگدا لە وڵاتی فارس بیر لە بیناکردن دەکاتەوە.

جێگر:

با بڵێین: لە بەر ئێوە! ئەمە هیچ نییە. وڵاتی فارس دوورە! ئۆردووەکەی ئێرە خۆی بۆ شاردارەکەی پارچە پارچە دەکا.

(لە کۆشکەوە هەراو زەنا دێ. قیژەی زیقنی ژنێک، دەنگی فەرمان. جێگرەکە بە شێواویی و بە شپرزەیی بەرەو دەروازەکە دەچێ. سوارێکی زرێپۆش دێتە دەرێ، ڕمەکەی بەرەو ڕووی ڕادەگرێ).

چی ڕوویداوە؟ سەگە، ڕمەکەت لابە. (بە تووڕەیی بە پاسەوانی کۆشک): چەکی کە! نابینن، شاڵاو بۆ شاردار دەبرێ؟

(سوارە زرێپۆشەکان گوێڕایەڵ نابن. بە نیگایەکی ساردو بێ پەروا سەیری جێگر دەکەن و بە بێ بەشداریکردن دوای ئەوانی دیکە دەکەون. جێگر بە هەوڵ و کۆشش خۆی دەروازەی کۆشکدا دەکا).

یەکێک لە بەناکان:

میرەکان! دوێنێ شەو لە پایتەخت کۆبوونەوەی ئەو میرانە کرا، کە دژی میری گەورە و شاردارەکانین. گەورەکانم، باشتر وایە ئێمە ونبین.

(بە پەلە دەڕۆن).

گۆرانیبێژ:

ئاخ کوێریی گەورەکان!
وەکو نەمر هەڵسوکەوت دەکەن
گەورە بە سەر ئەستۆی چەماوەوە، دڵنیان
بە دەستە بە کرێگیراوەکان، متمانە
بە زەبرو زەنگ، کە هێندە درێژەی خایاند.
بەڵام درێژ هەمیشەیی نییە.
ئاخ گۆڕانی کاتەکان! تۆ ئومێدی گەل!

(لە دەروازەکەوە شاردار دەردەچێ، دەستی بەستراوەتەوە، زەرد هەڵگەڕاوە، لە نێوان دوو سەربازدا، کە چەکێکی زۆریان پێیە).

بۆ هەمیشە، پیاوی گەورە! بەبەزەییەوە، بە سەری بەرزەوە بڕۆ!
لە کۆشکەکەتەوە چاوی دوژمنێکی زۆر بە دواتەوەن!
تۆ پێویستیت بە بەنا نەماوە، تەنیا دارتاشێکت بەسە.
تۆ ئیتر ناچیتە ناو کۆشکی تازەوە، بەڵکو دەچیتە کونێکی بچکۆلەی خاکەوە.

کوێرە، جارێکی دیکە سەیری دەوروبەر کە!
(زیندانییەکە سەیری دەوروبەری دەکا).
ئەوەی هەتبوو، بە دڵت بوو؟ لە نێوان نوێژی جەژن و خواندا
دەچی بۆ ئەو شوێنەی کەس لێی ناگەڕێتەوە.

(دەیدەنە پێش خۆیان. پاسەوانانی کۆشک دوایان دەکەون. شووتی ئینزارێک دەبیسترێ. هەراو زەنا لە پشتی دەروازەوە).

کە ماڵی گەورەیەک دەڕووخێ
خەڵکێکی بچووکی زۆر دەکوژرێن.
ئەوانەی لە خۆشبەسختی دەستەڵاتداران بێبەش بوون
زۆر جار لە بەدبەوتی ئەواندا بەشدارن.
کاتێ گالیسکەیەک دەکەوێ
ئەسپە ئارەقکردووەکان لەگەڵ خۆی
بەرەو خەرەند ڕادەکێشێ.

(لە دەروازەکەوە نۆکەرەکان بە شپرزەیی ڕادەکەن).

نۆکەرەکان:

(بە یەکدا دێن): سەبەتەی بارەکان! هەمووی بەرنە حەوشی تەلاری سێیەمەوە! خواردەمەنی بۆ پێنج ڕۆژ. خانمی بەڕێز بووراوەتەوە. مرۆڤ دەبێ بیباتە خوارێ، دەبێ بڕوا. ئەی ئێمە؟ –ئێمە وەکو مریشک سەردەبڕن، ئەمە دەزانرێ. مەسیحی مریەم، چی ڕوودەدا؟ –گوایە لە شار خوێن ڕێ دەکا. قسەی قۆڕ، شاردار تەنیا بە ڕێزەوە داوای لێ کراوە، لە کۆبوونەوەیەکی میرەکاندا بەشدار بێ، هەموو شتێک بە ئاشتی

چارەسەر دەکرێ، من ئەمەم لە سەرچاوەی یەکەمەوە بیستووە.

(دوو پزیشکەکەش ڕادەکەنە ناو تەلارەکەوە).

پزیشکی یەکەم:

(هەوڵ دەدا بەر بە پزیشکی دووەم بگرێ): نیکۆ میکادزە، ئەرکی سەر شانتە وەکو پزیشک، کۆمەکی ناتێلا ئەباشڤیلی بکەی.

پزیشکی دووەم:

ئەرکی من؟ ئەوە ئەرکی ئێوەیە!

پزیشکی یەکەم:

کێ ئەمڕۆ منداڵەکەی لە لایە، نیکۆ میکادزە، ئێوە یان من؟

پزیشکی دووەم:

میکا لۆلادزە، بە ڕاستی لەو بڕوایەدان، کە من لە بەر ئەو منداڵە لاسارە دەقەیەک زیاتر لەو ماڵە بۆگەنەدا دەمێنمەوە؟

(دەکەونە شەڕەمشت. مرۆڤ تەنیا دەبیستێ «ئێوە ئەرکی خۆتان بە جێناهێنن!» و «چی لە ئەرک بکەم، چیم داوە بە سەر ئەرکەوە!»، ئەمجا پزیشکی دووەم پزیشکی یەکەم دەخاتە سەر زەوییەکە). ئاە، بە لەعنەت بی. (دەڕوا).

نۆکەرەکان:

هەتا ئێوارە کات ماوە، هەتا ئەو کاتە سەربازەکان هێشتا مەست نین. مرۆڤ دەزانێ، ئایا یاخی بوونە؟ -پاسەوانی کۆشک چۆڵی کردووە. هێشتا کەس نازانێ، چی ڕوویداوە؟

گروشە:

مێلیڤای ماسیگر دەڵێ، لە پایتەخت ئەستێرەیەکیان بە کلکێکی

درێژی سوورەوە بینیوە، ئەمە نەگبەتی دەگەیەنێ.

نۆکەرەکان:

گوایە دوێنێ لە پایتەخت ئاشکرا بووە، کە جەنگی فارسەکان دۆڕاوە. میرەکان ناڕەزاییەکی زۆریان دەربڕیوە. دەڵێن، میری گەورە هەڵهاتووە. هەموو شاردارەکانی دەکوژرێن. هیچ لە بچووکەکان ناکەن. من براکەم لە سوارە زرێپۆشەکانە.

(سیمۆن خاخاڤای سەرباز دێ و لە قەڵەباڵغییەکەدا بە دوای گروشەدا دەگەڕێ).

جێگر:

(لە ناو دەروازەکەوە دەردەکەوێ): هەموو بچنە تەلاری سێیەمەوە! هەموو لە ماڵ کۆکردنەوەدا یارمەتی بدەن!

(دەستوپێوەندەکان دەردەکا).

(سیمۆن گروشە دەدۆزێتەوە).

سیمۆن:

گروشە، لێرەی. نیازت هەیە چی بکەی؟

گروشە:

هیچ، لە حاڵەتی مەترسیدا برایەکم لە چیاکان هەیە، زەوی و زاری هەیە. بەڵام ئەی تۆ چی دەکەی؟

سیمۆن:

من هیچ ناکەم. (جارێکی دیکە ڕەسمییانە): گروشە ڤاخنادسە، پرسیارەکەت دەربارەی پلانەکانم ئاسوودەم دەکا. من فەرمانم پێدراوە وەکو پاسەوان یاوەریی ناتێلا ئەباشڤیلی بکەم.

گروشە:

بەڵام پاسەوانانی کۆشک یاخی نەبوون؟

سیمۆن:

(بە جیدی) وایە.

گروشە:

خەتەر نییە یاوەری ژنەکە بکەی؟

سیمۆن:

لە تیفلیس دەوترێ: چەقۆپیاکردن بۆ چەقۆ خەتەرە؟

گروشە:

تۆ چەقۆ نیت، بەڵکو مرۆڤی، سیمۆن خاخاڤا. ئەو ژنە چ پێوەندی بە تۆوە هەیە؟

سیمۆن:

ژنەکە هیچ پێوەندی بە منەوە نییە، بەڵام من فەرمانم پێکراوە و من بە سوارییی دەڕۆم.

گروشە:

جەنابی سەرباز مرۆڤێکی ئەوەندە کەللەڕەقە، چونکە لە هیچ و خۆڕا خۆی دەخاتە مەترسییەوە. (کاتێ لە کۆشکەوە بانگی دەکرێ): من دەبێ بچمە تەلاری سێیەم و پەلەمە.

سیمۆن:

لە بەر ئەوەی پەلەمانە نابێ شەڕ بکەین، چونکە شەڕی باش کاتی دەوێ. ڕێگام دەدەی ئەو پرسیارە بکەم، ئایا کیژۆڵە هێشتا دایک و بابی هەیە؟

گروشە:

نەخێر، تەنیا برایەک.

سیمۆن:

لە بەر ئەوەی کات کورتە– پرسیاری دووەم ئەوەیە: ئایا کیژۆڵە وەکو ماسی ناو ئاو تەندروستە؟

گروشە:

لەوانەیە شان ئێشەیەک لە لای ڕاستەوە، ئەگینا بۆ هەموو کارێک بە هێزم، هەتا ئێستا کەس گازندەی نەکردووە.

سیمۆن:

ئەوە زانراوە. ئەگەر پێوەندی بەوەوە هەبێ لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکشەممەی جەژنە کێ قاز دەهێنێ، ئەوا گروشەیە. پرسیاری سێیەم: کیژۆڵە تەبعێکی بێ تەحەمولانەی هەیە؟ لە زستاندا داوای گێلاس دەکا؟

گروشە:

بێ تەحەمول نا، بەڵام ئەگەر یەکێک بێمانایانە بۆ جەنگ بچێ و هەواڵی نەیەت، ئەوە باش نییە.

سیمۆن:

هەواڵ دێ. (لە کۆشکەوە جارێکی دیکە بانگی گروشە دەکرێ). لە کۆتاییدا پرسیارە سەرەکییەکە...

گروشە:

سیمۆن خاخاڤا، لە بەر ئەوەی دەبێ بچمە تەلاری سێیەم و زۆر پەلەمە، وەڵامەکە »بەڵێ«یە.

سیمۆن:

(زۆر بە شەرمەوە): دەوترێ: «ئەو بایە پەلەیەتی کە بە دەوری داربەستی خانوو سازیدا هەڵدەکا.» بەڵام دەشوترێ: «دەوڵەمەندەکان پەلەیان نییە.» من خەڵکی...

گروشە:

کوتسک...

سیمۆن:

کەواتە کیژۆڵە زانیاری کۆ کردۆتەوە؟ من تەندروستم، کەسم نییە مشووری بخۆم، لە مانگێکدا دە پیاستەر وەردەگرم، وەکو خەزنەدار بیست، لە دڵەوە خوازبێنیت دەکەم.

گروشە:

سیمۆن خاخاڤا، من ڕازیم.

سیمۆن:

(ملوانکەیەکی باریک لە ملی دەکاتەوە، کە خاچێکی پێوە هەڵواسراوە): خاچەکە هی دایکمە، گروشە ڤاخنادزە، زنجیرەکە زیوە؛ تکات لێ دەکەم لە ملی کەی.

گروشە:

زۆر سوپاس، سیمۆن.

(سیمۆن ملوانکەکە لە ملی گروشە دەکا).

سیمۆن:

دەبێ گالیسکەکە بە ئەسپەکانەوە ببەستم، کیژۆڵە لەمە تێدەگا. باشترە کیژۆڵە بچێتە تەلاری سێیەم، ئەگینا تەگەرە دێتە ئاراوە.

گروشە:

بەڵێ، سیمۆن.

(بێ ڕا دەوەستن).

سیمۆن:

تەنیا یاوەریی ژنەکە هەتا ئەو ئۆردووانە دەکەم کە بە دڵسۆزی ماونەتەوە. کاتێ جەنگ کۆتایی دێ دەگەڕێمەوە. دوو یان سێ هەفتە. هیوادارم بۆ دەزگیرانەکەم کات زۆر درێژ نەبێ هەتا من دەگەڕێمەوە.

گروشە:

سیمۆن خاخاڤا، من چاوەڕوانت دەبم.
سەرباز، تۆ بە ئارامیی بڕۆ بۆ جەنگ
جەنگی خوێناوی، جەنگی تاڵ
کە هەموو کەسێک لێی نا گەڕێتەوە:
کە تۆ بگەڕێیتەوە، من لێرانەم.
لە ژێر ئەو نارەوەنە سەوزەدا چاوەڕوانت دەبم
لە ژێر ئەو نارەوەنە ڕووتەدا چاوەڕوانت دەبم
چاوەڕوان دەبم، تا دوا کەس دەگەڕێتەوە
ئەی دوای ئەوە.
لە جەنگ دەگەڕێیتەوە
پێڵاو لە بەر دەرگا نییە
سەرینەکەی تەنیشتم خاڵییە
دەمم هێشتا ماچ نەکراوە

کاتێ دەگەڕێیتەوە، کاتێ دەگەڕێیتەوە

دەتوانی بڵێی: هەموو شتێک وەک جارانە.

سیمۆن:

سوپاست دەکەم گروشە ڤاخنادزە. خواحافیز!

(بە قووڵیی لە بەردەم گروشەدا دادەچەمێتەوە. گروشەش قووڵ لە بەردەمیدا دادەچەمێتەوە. ئەمجا گروشە خێرا ڕادەکا، بە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە. لە دەروازەکەوە جێگر دێتە دەرێ).

جێگر:

(بە ڕەقیی): ئەسپەکان بە گالیسکە گەورەکەوە ببەستە، وا مەوەستێ. هیچ و پووچ.

(سیمۆن خاخاڤا بە قیتیی دەوەستێ و دەڕوا. دوو نۆکەر لە ژێر باری سندووقی قورسدا چەماوە لە دەروازەکەوە دێنە دەرێ. لە پشتیانەوە ناتێلا ئەباشڤیلی لەتر دەدا، ژنە پێشخزمەتەکانی دەیگرن: ژنێک لە دوایەوە منداڵەکەی بۆ هەڵگرتووە).

ژنی شاردار:

ئیتر کەس مشوور ناخوا. من نازانم بیرم لە کوێیە. میخل لە کوێیە؟ هێندە بێسەلیقانە مەیگرە! سندووقەکان بخەنە سەر گالیسکەکە! هیچ هەواڵێکی شاردارتان نەبیستووە، شالڤا؟

جێگر:

(سەری ڕادەوەشێنێ): دەبێ ئێوە یەکسەر بڕۆن.

ژنی شاردار:

هیچ هەواڵێکی شارتان هەیە؟

جێگر:

نەخێر، هەتا ئێستا هەموو شتێک ئارامە، بەڵام نابێ دەقیقەیەک لە دەست بدەین. سندووقەکان لە سەر گالیسکەکە جێیان نابێتەوە. ئەو شتانە جیا بکەنەوە کە دەتانەوێن.

(جێگرەکە خێرا دەچێتە دەرێ).

ژنی شاردار:

تەنیا هەرە پێویستەکان! خێرا، سندووقەکان بکەنەوە، من پێتان دەڵێم، چی لەگەڵ خۆمان دەبەین.

(سندووقەکان نەوی دەکەنەوەو دەیانکەنەوە).

ژنی شاردار:

(ئاماژە بۆ هەندێ پۆشاکی ئاوریشمی بە زێڕو زیو نەخشێنراو دەکا): سەوزەکەیان و بێگومان ئەوەی بە فەروەکەوە! پزیشکەکان لە کوێن؟ دیسان ئەم سەرئێشە سامناکەم بۆ دێ، هەمیشە لە لاجانگەوە دەست پێدەکا. ئەوەی بە قۆپچە مرواریيەکانەوە...

(گروشە دێتە ژوورێ).

خۆت دوا دەخەی، وا نییە؟ یەکسەر جەوەنەکان بهێنە.

(گروشە ڕادەکا، دواییتر بە جەوەنەکانەوە دەگەڕێتەوە و لە لایەن ژنی شاردارەوە بێدەنگ بەملاو بەولادا دەنێردرێ).

(چاودێریی کارەکەرێکی گەنج دەکا): قۆڵەکەی مەدڕە!

کچە گەنجەکە:

فەرموو، خانمی بەڕێز، جلەکە هیچی لێ نەهات.

ژنی شاردار:

لە بەر ئەوەی من گرتمیت. من لە زووەوە سەیرت دەکەم. هیچت لە مێشکدا نییە ئەوە نەبێ چاوبازی لەگەڵ جێگردا بکەی! من دەتکوژم، دەڵەسەگ. (لێی دەدا).

جێگر:

(دەگەڕێتەوە): تکایە پەلە کەن، ناتێلا ئەباشڤیلی. لە شار شەڕە. (جارێکی دیکە دەڕوا).

ژنی شاردار:

(واز لە لێدانی کچە گەنجەکە دەهێنێ): خوای گەورە! تۆ بڵێی دەستم بۆ بەرن؟ بۆچی؟ (هەموو بێدەنگن. دەست بەوە دەکا خۆی بە ناو سندووقەکاندا بگەڕێ). بە دوای چاکەتە زێڕبافتەکەدا بگەڕێ! یارمەتی دە! میخل چی دەکا! خەوتووە؟

لەلەکە:

بەڵێ، خانمی بەڕێز.

ژنی شاردار:

دە بۆ تاوێک داینێ و لە ژووری نووستن چەکمە بریقەدارەکانم بۆ بهێنە، بۆ سەوزەکان دەمەوێن. (لەلەکە منداڵەکە دادەنێ و ڕادەکا. بە ژنە گەنجەکە): تۆ، ئاوا مەوەستێ! (کچە گەنجەکە ڕادەکا). ڕاوەستێ، یان دەڵێم قامچیکارییت کەن. (وچان). ئەی چۆن هەموو شتەکان پێچراونەتەوە، بە بێ خۆشەویستی و بە بێ عەقڵ. گەر مرۆڤ خۆی هەموو شتێکیان پێ نەڵێ... لەو کاتانەدا مرۆڤ دەبینێ چۆن پێشخزمەتێکی هەیە. ماشا! (بە

دەست فەرمانێک دەدا). دەتوانن بخۆن، بەڵام شوکرانەبژێریی نییە. من تێبینی ئەمە دەکەم.

جێگر:

(زۆر شڵەژاو): ناتێلا، یەکسەر وەرن. دادوەری دادگای بەرز، ئیلۆ ئۆربەلیانی هەر ئێستا لە لایەن مافوورچنە ڕابووەکانەوە هەڵواسراوە.

ژنی شاردار:

بۆچی؟ دەبێ زیوینییەکەم هەبێ، بە ١٠٠٠ پیاستەر بوو. ئەمەش و هەموو فەروەکانیش، ئەی شەرابییەکە لە کوێیە؟

جێگر:

(هەوڵ دەدا ڕایکێشێ): لە قەراغی شار پشێویی دەستی پێکردووە. هەر ئێستا دەبێ بڕۆین. (نۆکەرێک هەڵدێ) منداڵەکە لە کوێیە؟

ژنی شاردار:

(بانگی لەلەکە دەکا) مارۆ! منداڵەکە ئامادە بکە! لە کوێی؟

جێگر:

(لە کاتی ڕۆیشتندا): لەوانەیە دەستبەرداری گالیسکەکە بین و بە ئەسپەکان بڕۆین.

(ژنی شاردار بە ناو جلەکاندا دەگەڕێ، چەند پارچەیەک فڕێ دەداتە سەر ئەو کۆمەڵە جلەی دەبێ بیانبا، جارێکی دیکە لایان دەباتەوە. هەراو زەنا دەبیسترێ، دەنگی تەپڵ. ئاسمان سوور دەبێ).

ژنی شاردار:

(بە دڕدۆنگییەوە دەگەڕێ): من ناتوانم شەرابییەکە بدۆزمەوە. (بە شان هەڵقورتاندنەوە بە ژنی دووەم): هەموو ئەم کۆمەڵە جلە بەرەو بیخەرە سەر گالیسکەکە. ئەی مارۆ نا گەڕێتەوە؟ هەمووتان شێت بوون؟ من دەڵێم لە ژێری ژێرەوەیە.

جێگر:

(دەگەڕێتەوە): خێرا، خێرا!

ژنی شاردار:

(بە ژنی دووەم): ڕاکە! فڕێیان بدەرە ناو گالیسکەکەوە!

جێگر:

گالیسکەکە نابەین. وەرن، یان من بە تەنیا بە سواریی ئەسپ دەڕۆم.

ژنی شاردار:

مارۆ! منداڵەکە بهێنە! (بە ژنی دووەم): ماشا، بگەڕێ! نەخێر، یەکەم جار جلەکان بەرە بۆ ناو گالیسکەکە. قسەی قۆڕ، بیر لەوە ناکەمەوە بە سواریی ئەسپ بڕۆم! (ئاوڕ دەداتەوە، سووریی سووتماک دەبینێ و لە شوێنی خۆی وشک دەبێ): دەسووتێ! (ڕادەکا؛ جێگر بە دوایدا. ژنی دووەم بە سەر ڕاوەشاندنەوە کۆمەڵە جلەکەی هەڵگرتووە بە دوایدا دەڕوا. لە دەروازەکەوە پێشخزمەت دێنە ژووری).

ژنە ئاشپەزەکە:

دەبێ دەروازەی ڕۆژهەڵات بێ کە دەسووتێ.

ئاشپەز:

ڕۆیشتن. بە بێ ئەو گالیسکەیەی کە خواردنی تێدا بوو، ئێستا ئێمە چۆن بڕۆین؟

مەیتەر:

بەڵێ ئێرە بۆ ماوەیەک ماڵێکی ناتەندروستە. (بە کارەکەری سێیەم): زولەیخا، من چەند بەتانییەک دەهێنم، ڕادەکەین.

لەلەکە:

(لە ناو دەروازەکەوە، بە چەکمەوە) خانمی بەڕێز!

ژنێکی قەڵەو:

ڕۆیشت.

لەلەکە:

ئەی منداڵەکە؟ (بۆ لای منداڵەکە ڕادەکا، هەڵی دەگرێ). منداڵەکەیان بەجێهێشتوە. ئەم حەیوانانە. (منداڵەکە دەداتە دەستی گروشەوە). کەمێک بۆمی بگرە. (بە درۆ): سەیری گالیسکەکە دەکەم. (بە دوای ژنی شارداردا ڕادەکا).

گروشە:

چییان لە جەناب کردووە؟

مەیتەر:

(ئاماژەی مل پەڕاندن دەکا): فت.

ژنە قەڵەوەکە:

(ئاماژەکە دەبینێ، تووشی هیستیریا دەبێ): ئای خوایە ئۆی خوایە ئۆی خوایە ئۆیخوایە! جەنابی گیۆرگی ئەباشڤیلی!

ئەمڕۆ لە نوێژی بەیانیدا وەکو شیر و خوێن، ئێستایش... لامبەن. ئێمە هەموو کارمان کراوە، دەبێ لە گوناهدا بمرین. وەکو جەنابی گیۆرگی ئەباشڤیلی.

ژنی سێیەم:

(دەیەوێ هێوری بکاتەوە): هێمن بەرەوە، نینا. لات دەبەن. تۆ هیچت لە کەس نەکردووە.

ژنە قەڵەوەکە:

(لە کاتی بردنە دەرەوەیدا): ئای خوایە ئۆیخوایە ئۆی خوایە، خێرا، خێرا، هەموو بڕۆن، پێش ئەوەی بێن، پێش ئەوەی بێن!

ژنی سێیەم:

نینا لە خانم بە پەرۆشترە. تەنانەت گریانیش بەوانی دیکە دەکەن! (منداڵەکە دەبینێ، کە گروشە هێشتا هەر هەڵی گرتووە). منداڵەکە! چی لێ دەکەی؟

گروشە:

منداڵەکە لێرە ماوەتەوە.

ژنی سێیەم:

خانم بەجێی هێشت؟ میخل، کە نەدەبوو تەوژمی بای بەرکەوێ!
(پێشخزمەتەکان لە دەوری منداڵەکە کۆ دەبنەوە).

گروشە:

لە خەو هەستا.

مەیتەر:

تۆ، باشترە داینێی! نامەوێ بیر لەوە بکەمەوە، چی بە سەر

یەکێک دێ، کە لەگەڵ منداڵەکەدا ببینرێ. من شتەکانمان دەهێنم، ئێوە چاوەڕوان بن.
(دەچێتە ناو کۆشکەوە).

ژنە ئاشپەزەکە:

ڕاست دەکا. ئەگەر دەست پێبکەن، خێزان بە خێزان سەر دەبڕن. من شتەکانم دەهێنم.
(هەموو ڕۆیشتوون، تەنیا دوو ژن و گروشە هێشتا وەستاون، گروشە منداڵەکەی بە باوەشەوەیە).

ژنی سێیەم:

گوێت لێ نەبوو، تۆ دەبێ کوڕەکە دانێی!

گروشە:

لەلەکە دایمێ بۆ تاوێک هەڵی گرم.

ژنە ئاشپەزەکە:

خانم ناگەڕێتەوە، گەوجە!

ژنی سێیەم:

دەستی لێ مەدە.

ژنە ئاشپەزەکە:

زیاتر بە دوای منداڵەکەدا دەگەڕێن وەکو لە خانم. ئەو میراتگرە. گروشە تۆ مرۆڤێکی باشی، بەڵام خۆت دەزانی، کە ئاقڵترین کەس نیت. من پێت دەڵێم، گەر منداڵەکە گول بوایە، لەوە خراپتر نەدەبوو، هەوڵ بدە، قورتار بی. (مەیتەرەکە بە بوخچەوە دەگەڕێتەوەو بە سەر ژنەکاندا دابەشی دەکا. جگە لە

گروشە هەموو خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکەن).

گروشە:

(ڕکەبەرانە): منداڵەکە گول نییە. سەیرکردنی بە جۆرێکە وەکو سەیری مرۆڤ بکا.

ژنە ئاشپەزەکە:

دە کەواتە تۆ سەیری ئەو مەکە. تۆ ئەو گەمژەیەی، کە مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێکت لێ بار کا. ئەگەر مرۆڤ پێت بڵێ: ڕاکە کاهووەکە بێنە، تۆ درێژترین لاقت پێوەیە، ئەمجا ڕادەکەی. ئێمە گالیسکەی گامێشەکە دەبەین، تۆ دەتوانی لەگەڵمان سەرکەوی. عیسا. ئێستا هەموو ئەم دەوروبەرە دەسووتێ!

ژنی سێیەم:

هێشتا هیچت نەپێچاوەتەوە؟ کات زۆر بە دەستەوە نەماوە، هەتا سوارە زرێپۆشەکان لە سەربازگەکەوە دێن.

(هەردوو ژنەکەو مەیتەرەکە دەڕۆن).

گروشە:

ئەوا دێم.

(گروشە منداڵەکە دادەنێ، تاوێک لێی ورد دەبێتەوە، لە سندووقەکانی دەوروبەرەوە چەند پارچە جل دەردەهێنێ منداڵە هێشتا نوستووەکەی پێ دادەپۆشێ. ئەمجا ڕادەکاتە ناو کۆشکەوە بۆ ئەوەی شتەکانی بهێنێ. دەنگی سمی ئەسپ و هاوارو قیژەی ژنان دەبیسترێ. میرە قەڵەوەکە لەگەڵ سواری زرێپۆشی سەرخۆشدا دێنە ژوورێ. یەکێک لە سوارەکان سەری شارداری بە نووکی ڕمێکەوە هەڵگرتووە).

میرە قەڵەوەکە:

لێرە، لە ناوەڕاست! (یەکێک لە سەربازەکان دەچێتە سەر پشتی یەکێکی دیکە، سەرەکە دەگرێ و بە ئاگادارییەوە بە سەر کەوانەی دەروازەکەیەوە دەگرێ). ئەوە ناوەڕاست نییە، زیاتر بە دەستی ڕاستدا، ئاوها. ئەوەی دەیکەم، ئازیزانم بە ڕێکوپێکی دەیکەم. (لە کاتێکدا سەربازەکە بە چەکوش و بزمار سەرەکە بە قژ بە دیوارەکەدا هەڵ دەواسێ): ئەمڕۆ بەیانی لە بەردەم دەرگای کلیسەدا بەگیۆرگی ئەباشڤیلیم گوت: «من حەزم لە ئاسمانی ساماڵە»، بەڵام لە ڕاستیدا من زیاتر حەزم لەو برووسکەیەیە کە لە ئاسمانی ساماڵەوە دێ، بەڵێ. تەنیا بە داخەوە، کە منداڵە لاسارەکەیان بردووە، من زۆر پێویستم پێیەتی. لە هەموو گروزنیا بە دوایدا بگەڕێن! ١٠٠٠ پیاستەر!

(لە کاتێکدا گروشە، بە ئاگادارییەوە سەیری دەوروبەر دەکا، میرە قەڵەوەکە لەگەڵ سوارە زرێپۆشەکان دەڕوا. جارێکی دیکە دەنگی سمی ئەسپ دەبیسترێ. گروشە بوخچەیەکی پێیەو بەرەو کەوانەی دەروازەکە دەچێ. خەریکە بگاتە ئەوێ و، ئاوڕ دەداتەوە، بۆ ئەوەی ببینێ، ئایا منداڵەکە هێشتا لەوێیە. گۆرانیبێژ دەست بە گۆرانی گوتن دەکا. گروشە بە بێ جووڵە لە جێی خۆی دەوەستێ).

گۆرانیبێژ:

کاتێ لە نێوانی دەرو دەروازەدا ڕاوەستابوو،
گوێی لێ بوو
یان لەو بڕوایەدا بوو گوێی لە بانگێکی کزە: منداڵەکە

بانگی کرد، نەنووزایەوە، بەڵکو بە ئاشکرا بانگی کرد
بە هەر حاڵ ئاوهای بۆ دەرکەوت، وتی: «خانم، یارمەتیم دە.»
درێژەی پێدا، نەنووزایەوە، بەڵکو زۆر بە ڕوونی قسەی کرد:
«خانم، بزانە، ئەوەی گوێی لە هاواری کۆمەک نەبێ
بەڵکو بە تەکیدا تێپەڕێ، بە گوێی شێواوەوە: هەرگیز
گوێی لە بانگکردنی ئەسپایی ئازیزی نابێ
نە لە کازیوەدا گوێی لە ڕیشۆڵە دەبێ
یان گوێی لە هەناسەی ترێچنەوە دەبێ لە کاتی نوێژی بەیانیدا.»
ئەمەی گوێ لێ بوو
(گروشە چەند هەنگاوێک لە منداڵەکە نزیک دەبێتەوەو بە سەریدا دادەچەمێتەوە).
گەڕایەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە منداڵەکە ببینێ.
تەنیا بۆ چەند چاوترووکانێ
لە لای دانیشێ، تەنیا هەتا یەکێکی تر دێ–
لەوانەیە دایکی یان هەر کەسێکی تر–
(بەرامبەر منداڵەکە دادەنیشێ، پشت بە سندووقەکەوە دەدا).
پێش ئەوەی بڕوا، چونکە مەترسییەکە گەورە بوو
شار پڕ بوو لە سووتماک و شیوەن.
(ڕووناکییەکە کزتر دەبێ، وەکو ئێوارە و شەو دابێ. گروشە چۆتە ناو کۆشکەوەو چرایەک و شیری هێناوە، کە بە منداڵەکەی دەدا).

گۆرانیبێژ:
(بە دەنگی بەرز):
دنەدان بۆ دڵباشیی سامناکە!
(بە ئاشکرا دیارە گروشە بە درێژایی شەو بە دیار منداڵەکەوە بە بێداری دانیشتووە. جارێک چراوگەکە دادەگیرسێنێ، بۆ ئەوەی لای منداڵەکەی پێ ڕووناک بکاتەوە، جارێک منداڵەکە بە پاڵتۆیەکی چنراو گەرمتر دادەپۆشێ. لە نێواندا گوێ دەگرێ و سەیری دەوروبەر دەکا بزانێ کەس نایەت).
زۆر لای منداڵەکە دانیشت
هەتا ئێوارە داهات، هەتا شەو داهات
تا کازیوە هات. لە ڕادەبەدەر دانیشت
لە ڕادەبەدەر تەماشای کرد
هەناسەی بێدەنگ، دەستە بچووکەکان
هەتا دەمەوبەیانی دنەدان بەهێز بوو
هەستا، بە دەم هەناسەدانەوە داچەمییەوە
منداڵەکەی هەڵگرت و
لەگەڵ خۆیا بردی.
(گروشە ئەوە دەکا، کە گۆرانیبێژ دەیڵێ، وەکو ئەو چۆن وەسفی دەکا).
وەک نێچیرێک لەگەڵ خۆی بردی
هەر وەکو دزێک دزەی کرد.

٣

هەڵاتن بەرەو چیاکانی باکوور

گۆرانیبێژ:

کاتێ گروشە ڤاخنادزە لە شار دەرچوو
بە سەر جادەی سەربازیی گروزنیدا
بە دەم ڕێوە بەرەو شاخەکانی باکوور
گۆرانیی چڕی، شیری کڕی.

مۆسیقاژەنەکان:

چۆن مرۆڤ دەتوانێ قورتاری بێ
لە سەگە چەشەکان، لە داونەرەوەکان؟
چوو بەرەو چیا لە مرۆڤ خاڵییەکان
بە سەر جادەکانی گروزنیدا ڕۆشت
گۆرانییەکی چڕی، شیری کڕی.

(گروشە ڤاخنادزە ڕێ دەکا، لە پشتەکۆڵێکدا منداڵەکەی هەڵگرتووە، بوخچەیەک بە دەستێکییەوە و گۆچانێکی گەورە بە دەستەکەی دیکەیەوە.)

گروشە:

(گۆرانی دەڵێ):
چوار ژەنەراڵ

چوون بۆ ئێران.
یەکەمیان جەنگی نەکرد
دووەمیان سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا
بۆ سێیەمیان کەش و هەوا خراپ بوو
بۆ چوارەم سەربازەکان بە ڕاستی تێنەدەکۆشان.
چوار ژەنەراڵ و کەسیان نەگەیشت.
سۆسۆ ڕۆباکیدزە
بەرەو ئێران مارشی کرد.
جەنگێکی توندو تیژی کرد
سەرکەوتنێکی خێرای بە دەست هێنا
کەش و هەوای زۆر بۆ باش بوو.
سەربازەکانی باش بۆی تێکۆشان.
سۆسۆ ڕۆباکیدزە
پیاوی خۆمانە.
(کوخی ماڵە جوتیارێک دەردەکەوێ).

گروشە:

(بە منداڵەکە): نیوەڕۆیە، خەڵکی نان دەخۆن. بە کونجکارییەوە لە ناو سەوزە گیایەکەدا بە ئاگادارییەوە دادەنیشین، هەتا گروشەی دڵباش قۆرییەک شیر دەکڕێ. (منداڵەکە لە سەر زەوییەکە دادەنێ و لە دەرگای کوخەکە دەدا؛ جوتیارێکی پیر دەرگای کوخەکە دەکاتەوە). باپیرە، دەتوانن قۆرییەک شیرو کولێرەیەکی گەنمەشامیم بدەنێ؟

پیرەمێردەکە:

شیر؟ ئێمە شیرمان نییە. سەربازە بەڕێزەکانی شار بزنەکانمانیان برد. ئەگەر شیرتان دەوێ بڕۆن بۆ لای سەربازە بەڕێزەکانی شار.

گروشە:

بەڵام قۆرییەک شیرتان بۆ منداڵێک هەیە، باپیرە؟

پیرەمێردەکە:

تەنیا بۆ «خوات لێ ڕازیبێتێک!»، وا نییە؟

گروشە:

کێ باسی «خوات لێ ڕازیبێتی!» کردووە؟ (جزدانی پارەکەی دەردەهێنێ). لێرە وەکو لای مێرێک پارە دەدرێ. سەر لە هەوراو قوون لە ئاودا! (جوتیارەکە بە بۆڵەبۆڵ شیر دێنێ). ئەو قۆرییە شیرە بە چەندە؟

پیرەمێردەکە:

سێ پیاستەر. شیر گران بووە.

گروشە:

سێ پیاستەر؟ بۆ ئەو تۆزە؟ (پیرەمێردەکە بە بێ قسە دەرگاکەی بە ڕوودا دادەخا). میخل، گوێت لێ بوو؟ سێ پیاستەر! ئێمە ناتوانین ئەمە بکڕین. (دەگەڕێتەوە، دادەنیشێ و مەمک بە منداڵەکە دەدا). دەبێ جارێکی دیکە ئاوا هەوڵ بدەین، بیمژە، بیر لە سێ پیاستەرەکە بکەرەوە! هیچی تێدا نییە، بەڵام تۆ وا بیر دەکەیتەوە، کە دەخۆیتەوە، ئەمەش لە هیچ باشترە.

(بە سەر ڕاوەشاندنەوە دەبینێ، کە منداڵەکە ئیتر نامژێ. هەڵدەستێ، دەچێ بۆ لای دەرگاکەو جارێکی دیکە لە دەرگا دەدا).

باپیرە، دەرگا بکەرەوە، پارە دەدەین! (بە دەنگی نزم): بەر برووسکە بکەوی. (کاتێ پیرەمێردەکە جارێکی دیکە دەرگا دەکاتەوە): وام زانی بە نیو پیاستەرە، بەڵام منداڵەکە دەبێ شتێک بخوا. چی دەڵێن بە یەک پیاستەر؟

پیرەمێردەکە:

دوو.

گروشە:

جارێکی دیکە دەرگا دامەخە. (لە کیسەکەیدا زۆر بە دوای پارەدا دەگەڕێ). ئەوە دوو. بەڵام شیرەکە دەبێ تێری بکا، ئێمە هێشتا ڕێگایەکی درێژمان لە پێشە. ئەمە فرتوفێڵ و گوناهە.

پیرەمێردەکە:

سەربازەکان بکوژن، ئەگەر شیرتان دەوێ.

گروشە:

(بە منداڵەکەی دەدا بیخواتەوە): ئەمە گەمەیەکی گرانە. قووتی دە، میخل، ئەمە نیوەی هەفتانەیەکە. خەڵکەکەی ئێرە لەو بڕوایەدان ئێمە پارەکەمان بە قوون دەست کەوتووە. میخل، میخل، بە تۆوە بەزمم بۆ خۆم ناوەتەوە. (سەیری پاڵتۆ زێڕبافتەکە دەکا، کە منداڵەکەی پێ پێچراوەتەوە): پاڵتۆیەکی زێڕبافت بە ١٠٠٠ پیاستەر و یەک پیاستەرمان بۆ شیر نییە.

(ئاورِ دەداتەوە). بۆ نموونە ئەوە گالیسکەکەی پەناهەندە دەوڵەمەندەکانە لەوێ، دەبێ سواری ئەو گالیسکەیە بین.

(لە بەردەم کاروانسەرایەکدا. گروشە دەبینرێ، پاڵتۆ زێرِبافتەکەی لە بەرە، دەچێ بۆ لای دوو ژنی نەجیب، منداڵەکەی بە باوەشەوەیە.)

ئەه، ئەم خانمانەش حەز دەکەن لێرە بخەون؟ چەند سامناکە، هەموو شوێنێ پرِەو، گالیسکەش دەست ناکەوێ! گالیسکەوانەکەم سووک و سانا گەرِایەوە، نیو میل بە پێ رِێم کرد، بە پێی خاوس! پێڵاوە ئێرانییەکانم- پاژنە بەرزەکان دەزانن! بەڵام بۆچی کەس بۆ ئێرە نایەت؟

خانمە پیرەکە:

خانچییەکە خۆی دوا دەخا. لەوەتەی لە پایتەخت ئەم شتانە رِوویانداوە، لە هەموو وڵات خووی جوان نەماوە.

(خانچییەکە دێتە دەرێ، پیاوێکی زۆر بەرِێز، پیرەمێردێکی رِیش درێژ، خزمەتکارەکەی بە دواوەیە).

خانچی:

لە پیرەمێردێک ببوورن، کە دوای خستن، خانمانم. کورِەزا بچووکەکەم دارقۆخێکی پێشاندام کە خەریکە گوڵ دەگرێ، لە بەرزاییەکە، لەودیوی کێڵگەی گەنمەشامییەکانەوە. ئێمە لەوێ داری میوەجات دەرِوێنین، چەند دارگێلاسێک. لە رِۆژئاوایەوە – پێشاندەدا- کە زەوییەکە بەردینتر دەبێ، جوتیارەکان مەرِەکانیان بۆ ئەوێ دەبەن. دەبێ گوڵی قۆخەکە ببینن، رِەنگە پەمەییەکەی بێ هاوتایە.

خانمە پیرەکە:

دەشت و دەرێکی بە پیتتان هەیە.

خانچی:

لە خوا بە زیاد بێ. گوڵکردنی دارەکانی پایینتر لە چیدایە، گەورەکانم؟ ئێوە لە باشوورەوە دێن؟

خانمە گەنجەکە:

من دەبێ بڵێم، بە ئاگادارییەوە لە دەشت و دەرەکەم نەرِوانی.

خانچی:

(بە رِێزەوە): تێدەگەم، تەپ وتۆز. زۆر باشتر وایە، لە سەر جادە سەربازییەکە خێراییەکی هێدی هەڵبژێری، بە مەرجێک مرۆڤ پەلەی نەبێ.

خانمە پیرەکە:

ئازیزترین، ملپێچەکە بە ملتەوە بئاڵێنە. بەوە دەچێ بای ئێواران لێرە سارد بێ.

خانچی:

خانمەکانم. ئێوە لە بەستەڵەکەکانی یانگا- تاوەوە دێن.

گروشە:

بەڵێ، دەترسم کورِەکەم لە سەرما نەخۆش کەوێ.

خانمە پیرەکە:

کاروانسەرایەکی گەورەیە! دەتوانین بچینە ژوورەوە.

خانچی:

ئای، خانمان ژووریان دەوێ؟ بەڵام کاروانسەراکە پرِپرِە،

خانمانم. پێش خزمەتەکان هەڵاتوون. من غەمگینم، بەڵام ناتوانم کەسی دیکە وەرگرم، تەنانەت ئەگەر یەکێک لایەنگیریی و پشتگیرییشی هەبێ...

خانمە گەنجەکە:

بەڵام ئێمە ناتوانین لێرە لە سەر جادە بنووین.

خانمە پیرەکە:

(بە وشکی): بە چەندە؟

خانچی:

خانمەکانم، دەبێ تێبگەن، کە خانوویەک لەم کاتەدا، کە پەناهەندەیەکی زۆر، بێگومان زۆر سەنگین، بەڵام لای فەرمانبەرەکانی میری ناپەسەند، بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕێن، مرۆڤ دەبێ زۆر ئاگادار بێ. لە بەر ئەوە...

خانمە پیرەکە:

پیاوی ئازیز، ئێمە پەنابەر نین. ئێمە بۆ کوێستانەکانمان دەچین لە چیاکان، ئەمە هەموو شتێکە. ئێمە هەرگیز ئەوەمان بە خەیاڵدا نایەت داوای میوانداریی بکەین، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر پێویستمان– پێیەتی.

خانچی:

(بە ڕازیبوونەوە سەری نەوی دەکا): بێگومان نەء، من تەنیا گومان دەکەم، ئایا خانمان بەو ژوورە بچووکە خاڵییە ڕازی دەبن. من دەبێ هەر نەفەرەو ٦٠ پیاستەر حسێب بکەم. خانمەکان بە یەکەوەن؟

گروشە:

تا ڕادەیەک. منیش پێویستم بە داڵدەیەکە.

خانمە گەنجەکە:

٦٠ پیاستەر! ئەمە قۆڵبڕینە.

خانچی:

(بە ساردییەوە): خانمەکانم، من ئەو ئارەزووەم نییە قۆڵ ببڕم، لە بەر ئەوە...

(وەردەچەرخێ بۆ ئەوەی بڕوات).

خانمە پیرەکە:

بۆ دەبێ ئێمە باسی قۆڵ بکەین؟ وەرە. (دەچێتە ژوورەوە، نۆکەرەکە بە دوایدا).

خانمە گەنجەکە:

(بە دڕدۆنگییەوە): ١٨٠ پیاستەر بۆ ژوورێک! (بە دوای گروشەدا سەیری دەوروبەر دەکا): بەڵام مەحاڵە لەگەڵ منداڵێکدا! چی بکەین ئەگەر بزریکێنێ؟

خانچی:

ژوورەکە بە ١٨٠ یە، بۆ دوو یان بۆ سێ نەفەر.

خانمە گەنجەکە:

(بە هۆی ئەوەوە بەرامبەر گروشە دەگۆڕێ): لە لایەکی دیکەوە بۆ من مەحاڵە، بزانم تۆ لە سەر جادە دەمێنیتەوە، ئازیزەکەم. فەرموو، وەرن.

(دەچنە ناو کاروانسەراکەوە. لە لایەکەی دیکەی شانۆوە

نۆکەرەکە لە پشتەوە بە هەندێ جانتاوە دەردەکەوێ. لە دوایەوە پیرێژنەکە، ئەمجا ژنی دووەم و گروشە بە منداڵەکەوە).

خانمە گەنجەکە:

١٨٠ پیاستەر! لەوەتەی ئیگۆری ئازیز بۆ ماڵ هێنرایەوە هێندە هەڵنەچووم.

خانمە پیرەکە:

دەبێ باسی ئیگۆر بکەی؟

خانمە گەنجەکە:

لە ڕاستیدا چوار کەسین، منداڵەکەیش کەسێکە، وا نییە؟ (بە گروشە): ناتوانی بە لای کەمەوە نیوەی نرخەکە بگریتە ئەستۆی خۆت؟

گروشە:

ئەمە مەحاڵە. ببینن، دەبوو خێرا دەرچم و جێگر لە بیری چوو پارەی تەواوم بداتێ.

خانمە پیرەکە:

بۆ ٦٠ مکەشت نییە؟

گروشە:

ئەو پارەیە دەدەم.

خانمە گەنجەکە:

تەختی خەوەکان لە کوێن.

نۆکەر:

تەختەی خەو نییە. لێرە لێفەو گوێنییەن. دەبێ خۆتان

ڕایانخەن. دەبێ ئاسوودە بن، کە وەکو زۆری دیکە نەخراونەتە ناو چاڵێکەوە. (دەڕوا).

خانمە گەنجەکە:

گوێت لێ بوو؟ یەکسەر دەچم بۆ لای خانچی. ئەو مرۆڤە دەبێ قامچیکاریی بکرێ.

خانمە پیرەکە:

وەکو مێردەکەت؟

خانمە گەنجەکە:

تۆ چەند دڵڕەقی. (دەگری).

خانمە پیرەکە:

چۆن دەتوانین جۆرە مۆڵگەیەک دروست بکەین؟

گروشە:

من دەیکەم. (منداڵەکە دادەنێ). ئەگەر چەند کەسێک بن هەمیشە ئاسانترە یارمەتی یەک بدەن. هێشتا گالیسکەکەیان لایە. (زەوییەکە گسک دەدا): من بە تەواوی تووشی موفاجەئە بووم. مێردەکەم پێش نانی نیوەڕۆ پێی وتم ئەناستازیا کاتارینۆڤسکای ئازیز، هێشتا کەمێک ڕاکشێ، تۆ دەزانی، چەند ئاسان سەرئێشەکەت بۆ دێ. (گونییەکان دەهێنێ، مۆڵگە دروست دەکا؛ ژنەکان چاودێریی کارەکەی گروشە دەکەن، سەیری یەکتر دەکەن). بە شاردارم وت گیۆرگی، بە ٦٠ میوانەوە کە لە ماڵی ئێمە نان دەخۆن ناتوانم ڕاکشێم، ناتوانرێ متمانە بە پێشخزمەتەکان بکرێ و، میخل گیۆرگەڤیچ بە بێ من نان ناخوا. (بە میخل): میخل، دەبینی، هەموو شتێک

بەرەو باشی دەڕوا، چیم پێ وتی! (لە پڕ دەبینێ خانمەکان بە شێوەیەکی سەیر تەماشای دەکەن و چرپەچرپیانە). ئاوها مرۆڤ بە هەر حاڵ لە سەر زەوییە ڕەقەکە پاڵ ناکەوێ. من لێفەکانم دوو قات داناوە.

خانمە پیرەکە:

(بە فەرمان بەسەرداکردنەوە) ئازیزەکەم، ئێوە زۆر بە سەلیقەن لە جێگا ڕاخستندا. دەستەکانتم پێ پیشاندە!

گروشە:

(بە ترسەوە) مەبەستتان چییە؟

خانمە گەنجەکە:

دەبێ دەستەکانتان پێشاندەن.

(گروشە دەستەکانی پێشانی خانمەکان دەدا).

(بە خۆشییەوە): دەستی قلێشاوییە! پێشخزمەتە!

خانمە پیرەکە:

(دەچێ بۆ لای دەرگاکە، بۆ دەرەوە هاوار دەکا): خزمەتچی!

خانمە گەنجەکە:

تۆ لە قافدا گیرای، ساختەچی، دانی پێدا بنێ، چیت لە ژێر سەردا بوو.

گروشە:

(بە پەشۆکاوییەوە): من هیچم لە ژێر سەردا نەبوو. بیرم کردەوە کە ڕەنگ بێ بە گالیسکەکە لەگەڵ خۆتان بمانبەن، تاوێک. تکایە، مەیکەن بە هەراو هوریا، من خۆم دەڕۆم.

خانمە گەنجەکە:

(لە کاتێکدا پیرێژنەکە هێشتا بە هاوار بانگی خزمەتچی دەکا): بەڵێ، تۆ دەڕۆی، بەڵام لەگەڵ پۆلیسدا. بە کاتیی لێرە دەمێنیتەوە. تۆ، لە جێی خۆت نا جوڵێیتەوە!

گروشە:

بەڵام من ویستم تەنانەت ٦٠ پیاستەرەکە بدەم، ئەوەتا. (جزدانەکەی پێشاندەدا). خۆت سەیر کە، هەمە، ئەو چوار دەییە ئەمەش پێنجییەکە، نەء، ئەوەیش دەییە، ئێستا ٦٠ن. من تەنیا دەمەوێ منداڵەکە بخەمە ناو گالیسکەکەوە. ئەمە ڕاستییە.

خانمە گەنجەکە:

ئاوها، دەتویست سواری گالیسکەکە بی! ئێستا بۆمان دەرکەوت.

گروشە:

خانمی بەڕێز، من دانی پێدا دەنێم، من ڕەسەن نزمم، تکایە، پۆلیس مەیەنن. منداڵەکە لە چینی بەرزە، سەیری کەتانەکە بکەن، وەکو ئێوە لە هەڵاتندایە.

خانمە گەنجەکە:

چینی بەرز، ئەمە دەزانرێ. باوکی شازادەیە، وا نییە؟

گروشە:

(شێتگیرانە بە پیرێژنەکە): نابێ هاوار بکەن! ئێوە دڵتان نییە؟

خانمە گەنجەکە:

(بە پیرێژنەکە): ئاگادار بە، شتێکت لێ دەکا، ژنێکی خەتەرە! فریامان کەون! بکوژ!

خزمەتچی:

(دێ): چی بووە؟

خانمە پیرەکە:

ئەم ژنە دزەی کردۆتە ئێرەوە، بەوەی خۆی بە خانم پیشاندا. لەوانەیە دز بێ.

خانمە گەنجەکە:

لە سەرووی ئەوەوە دزێکی خەتەریشە. ویستی ساردمان بکاتەوە. ئەمە حاڵەتێکە بۆ پۆلیس. هەست دەکەم سەرئێشەکەم بۆ دێ، خوایە.

خزمەتچی:

لەم کاتەدا پۆلیس نییە. (بە گروشە): خوشکە، شتەکانت کۆ بکەرەوەو وەکو بڵقی سەر ئاو ونبە.

گروشە:

(بە تووڕەییەوە منداڵەکە هەڵدەگرێ): ئێوەی نامرۆڤ! سەرتان بە دیوارەوە هەڵدەواسرێ!

خزمەتچی:

(بۆ دەرەوە پاڵی پێوە دەنێ) دەمت داخە. ئەگینا پیرەمێردەکە دێ و، ئەو گەمە نازانێ.

خانمە پیرەکە:

(بە خانمە گەنجەکە): سەیر کە بزانە هیچی نەدزیوە!

(لە کاتێکدا خانمەکان بە شپرزەییەوە لە لای ڕاستەوە دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بزانن ئایا هیچ دزراوە، لە لای چەپەوە خزمەتچییەکە لەگەڵ گروشەدا لە دەروازەکەوە دەچێتە دەرێ).

خزمەتچی:

من دەڵێم، سەیر کە ئەمجا متمانە بە یەکێک بکە. لە ئایندەدا سەیری خەڵکەکە کە، پێش ئەوەی متمانەیان پێ بکەی.

گروشە:

من وامزانی بە حورمەت مامەڵەی هاوشێوەی خۆیان دەکەن.

خزمەتچی:

بیر لەوە ناکەنەوە. بڕوام پێبکە، لەوە سەختتر نییە، لاسایی مرۆڤێکی تەوەزەل و بێ سوود بکەیتەوە، گەر تۆ گومانت لێ بکرێ، کە تۆ خۆت بتوانی قوونی خۆت بسڕی یان جارێک لە ژیانتدا بە دەستت کارت کردبێ، پێستت دەچێتە دەباخانە. تاوێک چاوەڕێکە نانێکی گەنمەشامی و چەند سێوێکت بۆ دەهێنم.

گروشە:

باشتر وایە نەیهێنی. باشترە بڕۆم پێش ئەوەی خانچییەکە بێ. گەر شەو ڕێ بکەم، لەو بڕوایەدام لە مەترسی ڕزگارم دەبێت.

(دەڕوا).

خزمەتچی:

(بە دەنگی نزم لە پاشییەوە): لە چوار ڕیانی داهاتوودا لای ڕاست بگرە.

(گروشە دیار نامێنێ).

گۆرانیبێژ:

کاتێ گروشە ڤاخنادزە بەرەو باکوور ڕۆیشت

زرێپۆشەکانی کازباکی میر بە دوایەوە بوون.

مۆسیقاژەنەکان:

چۆن پێخاوسەکە دەتوانێ لە زرێپۆشەکان قورتاری بێ؟
لە سەگی چەش و، داونەرەوەکان؟
هەتا لە شەویشدا ڕاو دەکەن.
شوێنپێ هەڵگرەکان هیلاکی نازانن.
جەلادەکان زۆر کەم دەخەون.

(دوو زرێپۆش بە کاوەخۆو تەمەڵی بە جادە سەربازییەکەدا دەڕۆن).

بەروان:

بێ مێشک، تۆ هیچ بە هیچ ناکەی. بۆچی، تۆ بە دڵ کارەکەت ناکەیت. لێپرسراو بە وردەکاریی تێبینی ئەو شتانە دەکا. پێرێ کاتێ خۆم زل کردەوە، تۆ پیاوەکەت ڕاگرت، وەکو فەرمانم پێ کردبووی و، سکیت بەرشەق دا، بەڵام تۆ وەکو چەپەڵێکی باش بە خۆشییەوە کردت، یان لە بەر حەیاو حورمەتی خۆت؟ بێ مێشک، من سەیرم دەکردی. تۆ وەکو پووشی بەتاڵ یان وەکو زەنگێک وای، تۆ پلەو پایەت بەرز ناکرێتەوە. (تاوێک بە بێدەنگیی لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبن). وا نەزانی، کە من تێبینی ناکەم، تۆ بە هەموو شێوەیەک پێشانی دەدەی کە تۆ مل نادەی. من لێتی قەدەغە دەکەم، کە بشەلی. تۆ تەنیا لە بەر ئەوە وا دەکەی، لە بەر ئەوەی من ئەسپەکانم فرۆشت، لە بەر ئەوەی جارێکی دیکە ئەو پارەیەم بۆ ناکا. بەم شەلینە دەتەوێ پێم پێشاندەی، کە تۆ حەز ناکەی بە پێ برۆی، دەتناسم. سوودت

پێ ناگەیەنێ، زیانت لێ دەدا. گۆرانی!

هەردوو سوارە زرێپۆشەکە:

(گۆرانی دەڵێن):
دەچم بۆ جەنگ جادەکانم خەمبارن
دەبێ ئازیزترینم لە ماڵەوە جێ بێڵم.
دەبێ هاوڕێیانم شەرەفیان بپارێزن
هەتا لە جەنگ دەگەڕێمەوە.

بەروان:

بە دەنگی بەرزتر!

هەردوو سوارە زرێپۆشەکە:

کاتێ لە حەوشەی کلیسەدا پاڵ دەکەوم
ئازیزترینم پڕ چنگێک خۆڵ دەهێنێ.
دەڵێ: لێرەدا ئەو پێیانە ئارامیان گرتووە، کە بۆ لای من دەهاتن
لێرەدا ئەو قۆڵانە، کە زۆر جار منیان لە ئامێز دەگرت.
(میانەیەکی دیکە بێدەنگ دەڕۆن).

بەروان:

سەربازێکی باش بە ڕوح و جەستە کارەکەی جێبەجێ دەکا. بۆ بەرپرسەکەی خۆی پارچە پارچە دەکا. بە چاوی بریندارەوە هێشتا دەبینێ چۆن بەروانەکەی بۆ ئافەرین سەری دەلەقێنێ. ئەمە پاداشتێکی باشە، ئەگینا هیچی دیکەی ناوێ. بەڵام تۆ سەرت بۆ نالەقێنرێ، دەبێ بتۆپی. بە لەعنەتی شەیتان بی، چۆن دەتوانم لەگەڵ خواردەستێکی ئاوادا منداڵە زۆڵەکەی

شاردار بدۆزمەوە، دەمەوێ ئەمە بزانم.

(لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبن).

گۆرانیبێژ:

کاتێ گروشە ڤاخنادزە گەیشتە گوێ ڕووباری سیرا
هەڵاتن بۆی زۆر بوو، منداڵە داماوەکەی بۆ قورس بوو.

مۆسیقاژەنەکان:

لە کێڵگەکانی گەنمە شامیدا سپێدەی پەمەیی
بۆ شەوبێدار جگە لە سارد هیچی دیکە نییە.
دەفری شیر
تەق و تۆقێکی ئاسوودەی ماڵە جوتیار
کە دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە
مەترسیدار دێتە بەر گوێی پەناهەندەکە
کە منداڵەکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە
هەست بە باری قورس و کەمێک زیاتر دەکا.
(گروشە لە بەردەم ماڵە جوتیارێکدا وەستاوە).

گروشە:

ئەوا تۆ جارێکی تر خۆت تەڕ کردووە و، دەزانی من دایبیم نییە، میخل، دەبێ لە یەک جیا ببینەوە، ئێرە زۆر لە شارەوە دوورە. خۆ هەتا ئێرە دوای تۆی چەپەڵ ناکەون. ژنە جوتیارەکە میهرەبانە، بۆن کە چۆن بۆن و بەرامەی شیر دێ. هەر سەلامەت بی، میخل، من دەمەوێ لە بیری کەم، چۆن بە درێژایی شەو شەقت لە پشتم دا، بۆ ئەوەی باش ڕاکەم و،

تۆیش خواردنە کەمەکە لە بیر کە، لە دڵباشی بوو. حەزم دەکرد لە لام بمێنیتەوە، لە بەر ئەوەی لووتت هێندە بچووکە، بەڵام ناکرێ. من حەزم دەکرد یەکەم کەروێشکت پێ پێشاندەم و– کە ئیتر خۆت تەڕ نەکەی، بەڵام دەبێ بگەڕێمەوە، چونکە ئازیزترین کەسم، سەربازەکە، لەوانەیە بەم زووانە بگەڕێتەوە و ئەی ئەگەر لەوێ نەمدۆزێتەوە؟ میخل، ناتوانی داوای ئەمە بکەی.

(ژنە جوتیارێکی قەڵەو دۆلکەیەک شیر دەباتە ناو دەرگاکەوە. گروشە چاوەڕێ دەکا، هەتا بچێتە ژوورەوە، ئەمجا بە ئاگادارییی بەرەو لای ماڵەکە دەچێ. هەتا دەرگاکە دزە دەکا و منداڵەکە لە ئاستانەی دەرگاکە دادەنێ. ئەمجا لە پشتی دارێکەوە خۆی دەشارێتەوەو چاوەڕوان دەبێ، هەتا ژنە جوتیارەکە دەردەچێتەوەو قوماتەکە دەبینێتەوە).

ژنە جوتیارەکە:

خوایە گیان، چی لێرە کەوتووە؟ پیاوەکە!

جوتیار:

(دێت): چییە؟ بیەڵە شۆرباکەم بخۆم.

ژنە جوتیارەکە:

(بە منداڵەکە): دایکت لە کوێیە، دایکت نییە؟ کوڕە. کەتانەکەش ناسکە، ئەمە منداڵێکی ناسکە. هەروا لە بەردەم دەرگاکەیان داناوە، چ سەردەمێکە!

جوتیار:

گەر لەو بڕایەدا بن ئێمە خواردنی دەدەینێ، سەهویان کردووە. تۆ دەیبەیتە گوند بۆ لای قەشە، ئەمە هەموو شتێکە.

ژنە جوتیار:

قەشە چی لێ بکا، دایکێکی پێویستە. ئەوەتا، لە خەو هەستا.

لەو بڕوایەدای، ئێمە ناتوانین بیگرینە خۆمان؟

جوتیار:

(بە قیژەوە): نەخێر!

ژنە جوتیار:

ئەگەر لە گۆشەکە لە تەنیشت نیشتۆکی ئیسراحەتەوە ڕایکشێنم، من تەنیا سەبەتەیەکم پێویستە و لەگەڵ خۆم دەیبەمە سەر کێڵگە، دەبینی، چۆن پێدەکەنێ؟ پیاوەکە ئێمە پەناگەیەکمان بە سەر سەرەوەیەو دەتوانین ئەمە بکەین، نامەوێ گوێم لە هیچی دیکە بێ.

(منداڵەکە دەباتە ژوورەوە، جوتیارەکە بە نارەزایی دەربڕینەوە دوای دەکەوێ، گروشە لە پشتی دارەکەوە دێتە دەرێ، پێدەکەنێ و، بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە خێرا دەڕوا).

گۆرانیبێژ:

ئەوەی بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، بۆ هێندە دڵی خۆشە؟

مۆسیقاژەنەکان:

لە بەر ئەوەی ئەو داماوە
بۆ دایک و باوکێکی نوێ پێکەنی، دڵم خۆشە.
لە بەر ئەوەی من ئازیزەکەم لە کۆڵم بووەوە، خۆشنوودم.

گۆرانیبێژ:

ئەی لە بەر چی خەمبارە؟

مۆسیقاژەنەکان:

لە بەر ئەوەی من ئازادم و تەنیا دەڕۆم، خەمبارم
وەکو دزی لێ کراوێک
وەکو هەژارکەوتوویەک.

(ماوەیەکی کورت ڕۆیشتووە، کاتێک دوو سوارە زرێپۆشەکەی تووش دەبێ، کە ڕمەکانیان بەرەو ڕووی ڕادەگرن).

بەروان:

کیژۆڵە، تۆ تووشت بە تووشی هێزی سەربازییەوە بوو. لە کوێوە دێی؟ کەی دێی؟ پێوەندی ڕێ پێ نەدراوت لەگەڵ دوژمندا هەیە؟ لە کوێیە؟ چی جوولانەوەیەک لە پشتدا دەکا؟ ئەی گردۆڵکەکان چی؟ ئەی پێدەشتەکان چی، پووزەوانەکان چۆن قایم کراون؟

(گروشە بە ترسەوە وەستاوە).

گروشە:

زۆر قایم کراون، باشترە ئێوە بکشێنەوە.

بەروان:

من هەمیشە لە کشانەوەدام، من جێگای متمانەم. بۆچی وا سەیری ڕمەکە دەکەی؟ «سەرباز ڕمەکەی لە شەڕگەدا بۆ چاوترووکانێکیش دانانێ»، ئەمە فەرمانە، ئەزبەری کە، بێ مێشک. دەی، کیژۆڵە، بۆ کوێ دەچی؟

گروشە:

بۆ لای دەسگیرانەکەم، جەنابی سەرباز، سیمۆن خاخاڤا

ناوێک، لە پاسەوانەکانی کۆشکە لە نوخا. ئەگەر بۆی بنووسم، هەموو ئیسقانەکانتان دەشکێنێ.

بەروان:

سیمۆن خاخاڤا، بێگومان، دەیناسم. کلیلەکەی دامێ بۆ ئەوەی جارو بار چاوێکم لێت بێ. بێ مێشک، ئێمە حەزمان لێ ناکرێ. ئێمە دەبێ ئاشکرای کەین، کە مەبەستی ڕاشکاومان هەیە. کیژۆڵە، من سروشتێکی جیدیم هەیە، کە خۆی لە پشتی گەمەی ڕووکەشەوە حەشار داوە و، من بە فەرمی پێت دەڵێم: دەمەوێ منداڵێکم لێت هەبێ.

(گروشە بە دەنگی نزم دەزریکێنێ).

بێ مێشک، لێمان تێگەیشت. چی، چەند ترسانێکی شیرینە؟ «جەنابی ئەفسەر، دەبێ لە پێشدا ماکەرۆنییەکان لە فڕن دەربهێنم. جەنابی سەرهەنگ، دەبێ لە پێشدا کراسە دڕاوەکە بگۆڕم!» با واز لە گەمە بهێنین، با واز لە گەمە بهێنین، کیژۆڵە، ئێمە لەم ناوچەیەدا بە دوای منداڵێکدا دەگەڕێین، هیچت دەربارەی منداڵێکی وا بیستووە، کە لە شارەوە هاتووەو لێرە دەرکەوتووە، منداڵێکی ناسک، لە کەتانێکی ناسکدا؟

گروشە:

نەخێر، من هیچم نەبیستووە.

گۆرانیبێژ:

ڕاکە میهرەبان، بکوژەکان دێن!

داماو، کۆمەکی داماوەکە بکە! ئەو وا ڕا دەکا.

(لە پڕ گروشە وەردەسووڕێتەوە لە شپرزەیی و ترسدا ڕادەکا، بەو ڕێگایەی پێیدا هاتووە دەگەڕێتەوە. سوارە زرێپۆشەکان سەیری یەکتر دەکەن و بە دەم نەفرەتکردنەوە دوای دەکەون).

مۆسیقاژەنەکان:

لە خوێناویترین کاتەکاندا

مرۆڤی میهرەبان دەژین.

(لە ماڵی جوتیارەکە ژنە جوتیارە قەڵەوەکە بە سەر سەبەتەی منداڵەکەدا داچەمیوەتەوە، کاتێ گروشە ڤاخنادزە خۆی بە ژووردا دەکا).

گروشە:

خێرا بیشارەوە. سوارە زرێپۆشەکان دێن. من لە بەر دەرگاکەم دانا، بەڵام منداڵی من نییە، منداڵی خەڵکی بەنەزاکەتە.

ژنە جوتیارەکە:

کێ دێ، سواری زرێپۆشی چی؟

گروشە:

زۆر پرسیار مەکە. ئەو سوارە زرێپۆشانەی کە بە دوایدا دەگەڕێن.

ژنە جوتیارەکە:

لە ماڵەکەی مندا بە دوای هیچدا ناگەڕێن، بەڵام وا دەردەکەوێ دەبێ لەگەڵ تۆدا چەند قسەیەک بکەم.

گروشە:

کەتانە ناسکەکەی لە بەر داکەنە، ئەمە ئاشکرامان دەکا.

ژنە جوتیارەکە:

من کارم بە سەر ئەم کەتان و مەتانەوە نییە. لەم ماڵەدا من بڕیار دەدەم، لە ماڵەکەمدا دەست لە کاروبارم وەرمەدە، بۆ منداڵەکەت فڕێدا؟ ئەوە تاوانە.

گروشە:

(سەیری دەرەوە دەکا): ئێستا لە پشتی دارەکە دەردەچن. نەدەبوو هەڵبێم، ئەوە ورووژاندنی. ئێستا چی بکەم؟

ژنە جوتیارەکە:

(ئەویش سەیری دەرەوە دەکا و لە پڕ بە قووڵیی ترسی لێ دەنیشێ): ئۆی خوایە، سواری زرێپۆش!

گروشە:

بە دوای منداڵەکەدا دەگەڕێن.

ژنە جوتیارەکە:

بەڵام گەر بێنە ژوورێ؟

گروشە:

تۆ نابێ منداڵەکەیان بدەیتێ، بڵێ، منداڵی خۆتە.

ژنە جوتیارەکە:

بەڵێ.

گروشە:

ئەگەر بیاندەیتێ، بە ڕم کوناودەری دەکەن.

ژنە جوتیارەکە:

بەڵام ئەگەر داوای بکەن؟ بۆ حەقی دروێنە پارەی زیوم لەماڵەوە هەیە.

گروشە:

ئەگەر بیاندەیتێ، بە ڕم کوناودەری دەکەن، لێرە لە ماڵەکەتدا. دەبێ بڵێی منداڵی خۆتە.

ژنە جوتیارەکە:

باشە. بەڵام ئەگەر بڕوا نەکەن.

گروشە:

تۆ ئەگەر لە دڵەوە بیڵێی.

ژنە جوتیارەکە:

ماڵەکەمان دەسووتێنن.

گروشە:

لە بەر ئەوە دەبێ بڵێی منداڵی تۆیە. ناوی میخلە. نەدەبوو ناوەکەیت پێ بڵێم.

(ژنە جوتیارەکە سەر دەلەقێنێ).

گروشە:

ئاوا سەر مەلەقێنە. هەڵیشمەلەرزێ، ئەوە دەبینن.

ژنە جوتیارەکە:

باشە.

گروشە:

واز لە «باشە» بێنە، ناتوانم لەوە زیاتر بیبیستم. (گروشە ژنە جوتیارەکە ڕادەوەشێنێ). خۆت منداڵت نییە؟

ژنە جوتیارەکە:

(لە ژێر لێوەوە): لە جەنگە.

گروشە:

لەوانەیە ئێستا خۆی سواری زرێپۆش بێ. دەبێ منداڵان بە ڕم کوناودەر کا؟ ئەوسا باش دەیانگۆڕیتەوە. «لە ماڵەکەمدا واز لە یاریی بێنە بە ڕمەکەتەوە، من بۆ ئەمە بەخێوم کردی؟ ملت بشۆ، پێش ئەوەی لەگەڵ دایکتدا قسە بکەی.»

ژنە جوتیارەکە:

ڕاستە، نابێ وا بکا.

گروشە:

پەیمانم بدەرێ، کە پێیان دەڵێی منداڵی تۆیە.

ژنە جوتیارەکە:

باشە.

گروشە:

ئێستا دێن.

(لە دەرگا دەدرێ. ژنەکان وەڵام نادەنەوە. سوارە زرێپۆشەکان دێنە ژوورەوە. ژنە جوتیارەکە سەری زۆر دادەنەوێنێ).

بەروان:

ئەوەتانێ. چیم پێ وتی؟ لووتم. من بۆنی دەکەم، کیژۆڵە پرسیارێکم لێت هەیە: بۆ لە دەستم هەڵهاتی؟ بیری چیت کردەوە، کە چیم لە تۆ دەوێ؟ مەرجت لەگەڵ دەکەم، کە بیر لە شتێکی داوێنپیسانە دەکەیتەوە، دانی پێدا بنێ!

گروشە:

(لە کاتێکدا ژنە جوتیارەکە پەیتا پەیتا سەر دادەنوێنێ):

شیرەکەم لە سەر ئاگرەکە بەجێ هێشتبوو. ئەوەم بیر کەوتەوە.

بەروان:

وام بە بیردا هات، لە بەر ئەوەی تۆ لەو بڕوایەدای من داوێنپیسانە تەماشام کردی. بە جۆرێکی وەکو من بیر لە شتێک لە نێوان خۆم و خۆتدا بکەمەوە. نیگایەکی گۆشتین، لێم تێدەگەی؟

گروشە:

من ئەوەم نەبینی.

بەروان:

بەڵام لەوانە بوو، وانییە؟ دەبێ پێی لێ نێی. من لەوانە بوو چەپەڵ بم. من زۆر کراوەم لەگەڵتدا: من دەتوانم بیر لە زۆر شت بکەمەوە، ئەگەر بە تەنیا بووینایە. (بە ژنە جوتیارەکە): هیچ کارێکت لە حەوشە نییە؟ دان بە مریشکەکان بدەی یان شتێکی لەو بابەتە؟

ژنە جوتیارەکە:

(لە پڕ خۆی دێتە سەر چۆک): جەنابی سەرباز، من هیچم نەدەزانی. خانووەکەم مەسووتێنن!

بەروان:

باسی چی دەکەی؟

ژنەجوتیارەکە:

جەنابی سەرباز، من هیچ پێوەندیم پێیەوە نییە. ئەو بۆی خستبوومە بەردەم دەرگاکە، سوێند دەخۆم.

بەروان:

(سەیری منداڵەکە دەکا، فیکە لێدەدا): ئەها، ئەوە شتێکی بچووکە لە سەبەتەکەدا، بێ مێشک، من بۆنی ١٠٠٠ پیاستەر دەکەم. پیرێژنەکە ببەرە دەرەوەو توند بیگرە، وەکو بۆم دەردەکەوێ دەبێ بکەومە پرسیارو وەڵام.

(پیرێژنەکە بە بێدەنگیی دەیەڵێ سەربازەکە بیباتە دەرەوە).

بەروان:

وا تۆ ئەو منداڵەت پێیە کە من لێتم دەویست. (بەرەو سەبەتەکە دەڕوا).

گروشە:

جەنابی ئەفسەر، ئەوە منداڵی منە. ئەمە ئەو منداڵە نییە کە ئێوە بە دوایدا دەگەڕێن.

بەروان:

دەمەوێ سەیری کەم. (بە سەر سەبەتەکەدا دادەچەمێتەوە).

(گروشە بە دڕدۆنگییەوە سەیری دەوروبەر دەکا).

گروشە:

منداڵی منە، منداڵی منە!

بەروان:

کەتانێکی ناسکە.

(گروشە خۆی بە سەریدا دەدا، بۆ ئەوەی ڕایکێشێ، بەروانەکە پاڵ بە گروشەوە دەنێ و جارێکی دیکە بە سەر سەبەتەکەدا دادەچەمێتەوە. گروشە بە دڕدۆنگییەوە سەیری دەوروبەری دەکا، تەختە دارێکی گەورە دەبینێ، لە دڕدۆنگیدا هەڵی دەگرێ

و لە دواوە بە سەری بەروانیدا دەدا، بەروانەکە دەکەوێتە سەر زەویی. گروشە منداڵەکە بە پەلە هەڵدەگرێ، ڕادەکاتە دەرەوە).

گۆرانیبێژ:

لە کاتی هەڵاتندا لە دەست سوارە زرێپۆشەکان
دوای ٢٢ ڕۆژی گەڕان
لە پایینی بەستەڵەکی- یانگا- تاودا
گروشە منداڵەکەی وەکو هی خۆی هەڵگرتەوە.

مۆسیقاژەنەکان:

داماوەکە داماوەکەی وەکو منداڵی خۆی هەڵگرتەوە.

(لە سەر چۆمێکی نیوە بەستوودا گروشە ڤاخنادزە لە سەر چیچکان دادەنیشێ و بە قوولەدەستی ئاو بۆ منداڵەکە هەڵدەهێنجێ).

گروشە:

(گۆرانی دەڵێ):
کەس نایەوێ تۆ بگرێتە خۆی
من دەبێ تۆ بگرمە خۆم
لە بەر ئەوەی کەسی دیکە نەبوو
ڕۆژی ڕەش لە ساڵی نەهاتدا
دەبێ تۆ خۆت
لەگەڵ مندا بگونجێنی.
چونکە زۆر هەڵم گرتی و
بە پێی تلۆقاوییەوە

چونکە شیر هێندە گران بوو
خۆشم ویستی.
(نەمویست ئیتر لە دەستت دەم.)
کراسە ناسکەکەت فڕێدە
خۆت بە شڕەو پڕە بپێچەوە
بە ئاوی بەستەڵەک
خۆت بشۆو خۆ لە ئاوی بەستەڵەک هەڵکێشەو خۆت پیرۆز کە.
(دەبێ دەربەری.)
(کەتانە ناسکەکە لە بەر منداڵەکە دادەکەنێ و شڕەو پڕەی پێوە دەپێچێ).

گۆرانیبێژ:

کاتێ گروشە ڤاخنادزە، سوارە زرێپۆشەکان بە دوایەوە
گەیشتە سەر پردی بەستەڵەکەکە،
کە دەچێتە سەر گوندەکانی پایینی ڕۆژهەڵات
گۆرانی پردی پووکاوەی گوت، پڕکێشی دوو ژیانی دەکرد.

(بایەک هەڵی کرد. لە بولێڵدا پردی بەستەڵەکەکە بەرز بۆتەوە. لە بەر ئەوەی گوریسێکی قرتاوە، بە نیوەیی لە خەرەندەکەدایە. بازرگانێک، کاتێ گروشە بە منداڵەکەوە دێت دوو پیاو و ژنێک، بێرا لە بەردەم پردەکەدا وەستاون،. بەڵام پیاوێک دەیەوێ بە پارچە ئاسنێک گوریسە قرتاوەکە بگرێ).

پیاوی یەکەم:

پەلە مەکە، ژنی گەنج، ناتوانی بە سەر دەربەندەکەدا بڕۆی.

گروشە:

بەڵام دەبێ لەگەڵ منداڵە بچووکەکەمدا بەرەو لای ڕۆژهەڵات بۆ لای براکەم بپەڕێمەوە.

ژنە بازرگانەکە:

دەبێ! دەبێ مانای چییە! من دەبێ بپەڕێمەوە، لە بەر ئەوەی دەبێ دوو مافوور لە ئاتوم بکڕم، کە یەکێکیان ژنێک دەبێ بیفرۆشێ، لە بەر ئەوەی مێردەکەی دەبوو بمرێ، ئازیزەکەم. بەڵام ئەو شتە دەتوانم، کە دەبێ بیکەم، ژنەکە دەتوانێ؟ ئەندرەی دوو سەعاتە هەوڵ دەدا گوریسەکە بگرێتەوە. ئەی چۆن دەتوانین قایمی کەین، کە بیگرێتەوە، پرسیار دەکەم.

پیاوی یەکەم:

(گوێ دەگرێ): بێدەنگ بە، وا بزانم، گوێم لە شتێکە.

گروشە:

(بە دەنگی بەرز) پردەکە زۆر پووکاو نییە. لەو بڕوایەدام دەتوانم هەوڵ بدەم، بپەڕمەوە.

ژنە بازرگانەکە:

گەر شەیتان خۆیشی بە دواوەم بێ تاقی ناکەمەوە. بۆچی، لە بەر ئەوەی خۆکوشتنە.

پیاوی یەکەم:

(بە دەنگی بانگ هاوار دەکا): هۆو!

گروشە:

بانگ مەکە! (بە ژنە بازرگانەکە): پێی بڵێ، با بانگ نەکا.

پیاوی یەکەم:

بەڵام لە خوارەوە بانگ دەکرێ. لەوانەیە لە خوارەوە ڕێیان ون کردبێ.

ژنە بازرگانەکە:

ئەی بۆچی دەبێ بانگ نەکا! شتێک لە ئارادا هەیە؟ دوات کەوتوون؟

گروشە:

دە دەبێ پێتانی بڵێم. سوارە زرێپۆشەکان بە دوامەوەن. من لە یەکێکیانم دا.

پیاوی دووەم:

شتەکان لابەن!

(ژنە بازرگانەکە کیسەیەک لە پشتی بەردێکەوە دەشارێتەوە).

پیاوی یەکەم:

بۆ یەکسەر نەتگوت؟ (بەوانی دیکە): گەر منداڵەکەیان بەر دەست بکەوێ، پارچەپارچەی دەکەن!

گروشە:

ڕێم بۆ چۆڵ کەن، دەبێ لە پردەکە بپەڕیمەوە.

پیاوی دووەم:

ئەوە ناتوانی بکەی ئەم خەرەندە ٢٠٠٠ پێ قووڵە.

پیاوی یەکەم:

هەتا ئێمە ئەگەر گوریسەکەیش بگرینەوە هیچ سوودێکی نییە،

دەتوانین بە دەست بیگرین، بەڵام سوارە زرێپۆشەکانیش دەتوانن بە هەمان شێوە بپەڕنەوە.

گروشە:

لاچن!

(دەنگە دەنگ لە دوورییەکەوە: «لەوێ بۆ سەرەوە!»)

ژنە بازرگانەکە:

زۆر نزیکن. بەڵام تۆ ناتوانی منداڵەکە بە سەر پردەکەدا بەری. بە دڵنیاییەوە خەریکە بپسێ. سەیری خوارەوەیش کە.

(گروشە سەیری خەرەندەکە دەکا. لە خوارەوە جارێکی دیکە دەنگی هات و هاوارەی سوارە زرێپۆشەکان دێ).

پیاوی دووەم:

٢٠٠٠ پێ.

گروشە:

بەڵام خراپی ئەمە بە خراپیی ئەو مرۆڤانەدا ناگا.

پیاوی یەکەم:

تۆ لە بەر منداڵەکە نابێ بڕۆی. ئەگەر بە دواتەوەن، سەرکێشیی بە ژیانتەوە بکە، بەڵام نەک بە ژیانی منداڵەکەوە.

پیاوی دووەم:

بە منداڵەکەوە قورستری.

ژنە بازرگانەکە:

لەوانەیە بە ڕاستی دەبێ بپەڕیتەوە. منداڵەکەم بدەرێ، من دەیشارمەوەو تۆ بە تەنیا بە سەر پردەکەدا بڕۆ.

گروشە:

من ئەوە ناکەم. ئێمە بە یەکەوەین. (بە منداڵەکە): ئێمە بە یەکەوە هاتین، بە یەکەوە بەستراوین. (گۆرانی دەڵێ):

خەرەندەکە قووڵە، کوڕە

پردەکە پووکاوەیە

بەڵام کوڕە، ئێمە ڕێگای خۆمان

هەڵنابژێرین،

دەبێ بەو ڕێیەدا بڕۆی

کە من دەیزانم

دەبێ ئەو نانە بخۆی

کە من بۆ تۆ پەیدای دەکەم.

دەبێ ئەو چەند پارووە بەشکەین

سێ لە چوارت بەر دەکەوێ

بەڵام ئایا گەورەم

من ئەوەیان نازانم.

من تاقی دەکەمەوە.

ژنە بازرگانەکە:

واتە خوداوەند تاقی دەکەیتەوە.

(دەنگ لە خوارەوە).

گروشە:

تکاتان لێ دەکەم، پارچە ئاسنەکە فڕێدەن، ئەگینا گوریسەکەی پێ دەگرنەوەو بە دوامدا دێن.

(دەچێتە سەر پردە لەرزۆکەکە. ئەو کاتەی بەوە دەچێت کە پردەکە خەریکە بڕووخێت، ژنە بازرگانەکە هاواری لێ هەڵدەستێت. بەڵام گروشە لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبێ و دەگاتە ئەو بەرەوە).

پیاوی یەکەم:

گەیشتە ئەوبەرەوە.

ژنە بازرگانەکە:

(کە بە سەر چۆکدا کەوتبوو و نزای دەکرد، بە تووڕەیی): خۆ خۆی گوناهبار کرد.

(سوارە زرێپۆشەکان دەردەکەون. سەری بەروانەکە بەستراوە).

بەروان:

کەسێکتان بە منداڵێکەوە نەبینیوە؟

پیاوی یەکەم:

(لە کاتێکدا پیاوی دووەم پارچە ئاسنەکە فڕێ دەداتە خەرەندەکەوە): بەڵێ. ئەوەتانێ و پردەکە ئێوە هەڵناگرێ.

بەروان:

بێ مێشک، ئەمەت لە کونەلووت دەردەهێنم.

(گروشە، لەوبەرەوە، پێدەکەنێ و منداڵەکە پێشانی سوارە زرێپۆشەکان دەدا. لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبێ، پردەکە دەمێنێتەوە. بایە).

گروشە:

(سەیری میخل دەکا): نابێ لە با بترسێی، ئەویش سەگێکی

داماوە. ئەو دەبێ پاڵ بە هەورەکانەوە بنێ و خۆی لە هەمووان زیاتر سەرمایەتی.

(بەفر دەست بە بارین دەکا).

بەفریش، میخل، خراپترین شت نییە. دەبێ تەنیا سنەوبەرە بچووکەکان داپۆشێ، بۆ ئەوەی لە زستاندا نەفەوتێن. ئێستا گۆرانییەک بە تۆدا دەڵێم، گوێ بگرە!

(گۆرانی دەڵێ):

باوکی تۆ جەردەیە
دایکی تۆ سۆزانییە
لە بەردەم تۆدا ڕاشکاوترین پیاو
سەری دادەنەوێنێ.
کوڕی پڵنگ
ئالیک دەداتە ئەسپە بچووکەکان
منداڵی مار
شیر بۆ دایکان دەهێنێ.

٤

لە چیاکانی باکووردا

گۆرانیبێژ:

خوشکە حەوت ڕۆژ بە ڕێوە بوو.
بە سەر بەستەڵەکدا، بەرەو خوار بە قەدپاڵەکاندا ڕۆیشت.
بیری کردەوە، ئەگەر بچمە ناو ماڵی براکەمەوە
هەڵدەستێ و باوەشم پێدا دەکا.
پێم دەڵێ: «خوشکە لێرەی؟»
«لە مێژەوە چاوەڕوانتم. ئەمە ژنە ئازیزەکەمە
ئەمە زەوی و زارەکەمە، بە هۆی هاوسەرگیرییەوە دەستم کەوتووە.
بە ١١ ئەسپ و ١٣ مانگاوە. دانیشە!
بە منداڵەکەتەوە لە پاڵ مێزەکەمانەوە دابنیشەو نان بخۆ.»
ماڵی براکەم لە پێدەشتێکی دڵڕفێندا بوو
کاتێ خوشک بۆ لای برا هات، لە گەڕاندا نەخۆش کەوتبوو.
برا لە پاڵ مێزەکەدا ڕاوەستابوو.

(ژن و مێردێکی جوتیاری قەڵەو، کە هەر ئێستا بۆ نانخواردن دانیشتوون. لاڤرێنتی ڤاخنادزە بەرامپێلەکەی بە ملەوەیە، کاتێ گروشە، کە پێشخزمەتێک چۆتە ژێر باڵی، گروشە ڕەنگی

پەڕیوە، بە منداڵەکەوە دەچێتە ژوورەوە).

لاڤرێنتی:

گروشە، لە کوێوە دێی؟

گروشە:

(بە کزیی): لاڤرێنتی، بە سەر دەربەندی یانگا– تاودا ڕۆیشتم.

نۆکەر:

لە بەردەم کادانەکەدا دۆزیمەوە. منداڵێکی پێیە.

براژن:

بڕۆو ئەسپە بۆزەکان ڕنەک بکە. (نۆکەرەکە دەڕوا).

لاڤرێنتی:

ئەمە ئەنیکۆی ژنمە.

براژن:

وامانزانی تۆ لە نوخا لە کاری.

گروشە:

(کە بە حاڵ دەتوانێ لە سەر پێ بوەستێ): بەڵێ، لەوێ بووم.

براژن:

کارێکی باش نەبوو؟ بیستمان کە کارێکی باشە.

گروشە:

شاردار کوژرا.

لاڤرێنتی:

بەڵێ، دەبێ نائارامیی بووبێ. پووریشت گێڕایەوە، ئەنیکۆ، لە بیرتە؟

براژن:

لای ئێمە لێرە زۆر هێمنە. شارییەکان دەبێ هەمیشە شتێکیان هەبێ. (بە دەم ڕۆیشتنەوە بۆ لای دەرگاکە بانگ دەکا): سۆسۆ، سۆسۆ، کولێرەکە هێشتا لە فڕنەکە دەرمەهێنە، گوێت لێیە؟ لە کوێی؟ (بە دەم بانگکردنەوە دەڕوا).

لاڤرێنتی:

(بە چرپە، خێرا): باوکت بۆ منداڵەکە هەیە؟ (کاتێ گروشە سەر ڕادەوەشێنێ): من وام بیر کردەوە. دەبێ شتێک بدۆزینەوە. ئەو ژنێکی ئیماندارە.

براژن:

(دەگەڕێتەوە): پێشخزمەتەکان! (بە گروشە): تۆ منداڵت هەیە؟

گروشە:

منداڵی منە. (دەکەوێ، لاڤرێنتی هەڵی دەگرێتەوە).

براژن:

حەزرەتی مریەم و حەزرەتی یوسف، نەخۆشە، چی بکەین؟

(لاڤرێنتی دەیەوێ گروشە بەرێ بۆ لای نیشتۆکی زۆپاکە، ئەنیکۆ بە پەشۆکاوییەوە ئاماژەی بۆ دەکا، دەست بۆ کیسەی پاڵ دیوارەکە درێژ دەکا).

لاڤرێنتی:

(گروشە بۆ لای دیوارەکە دەبا): دانیشە. دانیشە. تەنیا بێهێزییە.

براژن:

ئەگەر ئەمە سوورەتا نەبێ!

لاڤرێنتی:

دەبوو پەڵەی پێوە بێ. تەنیا بێهێزییە، یەنیکۆ، بێدەنگ بە. (بە گروشە): دانیشتن باشترە، وانییە؟

براژن:

منداڵەکە هی تۆیە؟

گروشە:

هی منە.

لاڤرێنتی:

بەڕێوەیە بۆ لای مێردەکەی.

براژن:

ئاوها. گۆشتەکەت سارد دەبێتەوە. (لاڤرێنتی دادەنیشێ و دەست بە خواردن دەکا). بە ساردیی پێت ناکەوێ، چەورییەکە نابێ سارد بێت. تۆ گەدەت بێهێزە، خۆ خۆت دەزانی. (بە گروشە): مێردەکەت لە شار نییە، ئەی لە کوێیە؟

لاڤرێنتی:

دەڵێ لەودیوی چیا شووی کردووە.

براژن:

ئاوها، لەودیوی چیا. (ئەویش دادەنیشێ بۆ خواردن).

گروشە:

لاڤرێنتی، وا بزانم دەبێ لە شوێنێک ڕامکشێن.

براژن:

(لە پرسیارو وەڵام بەردەوام دەبێ): ئەگەر دەردەباریکە بێ،

هەموومان تووشی دەبین. مێردەکەت زەویوزاری هەیە؟

گروشە:

سەربازە.

لاڤرێنتی:

بەڵام لە باوکییەوە زەوی و زاری هەیە، یەکێکی بچووک.

براژن:

لە جەنگ نییە؟ بۆ لە جەنگ نییە؟

گروشە:

(بە سەختی): بەڵێ، لە جەنگە.

براژن:

بۆ دەتەوێ بچی بۆ زەویوزارەکە؟

لاڤرێنتی:

کە لە جەنگ دەگەڕێتەوە، دەچێ بۆ زەویوزارەکەی.

براژن:

بەڵام تۆ ئێستا دەتەوێ بچی بۆ ئەوێ؟

لاڤرێنتی:

بەڵێ، چاوەڕوانی مێردەکەی دەکا.

براژن:

(بە دەنگی زیقن هاوار دەکا): سۆسۆ، کولێرەکە!

گروشە:

(بە دەم تا لێهاتنەوە منگەمنگ دەکا): زەویوزار، سەرباز. چاوەڕوانیی. دانیشە، نان بخۆ.

براژن:

ئەم سوورەتایە.

گروشە:

(بە جۆش): بەڵێ، زەویوزاری هەیە.

لاڤرێنتی:

من لەو بڕوایەدام بێهێزییە، ئەنیکۆ. ناتەوێ بزانی کولێرەکە چی بەسەرهات، ئازیزەکەم؟

براژن:

بەڵام مێردەکەی کەی دەگەڕێتەوە، ئەگەر جەنگ، وەکو دەبیسترێ، سەر لە نوێ دەستی پێکردبێتەوە؟

(بە قورسیی دەجووڵێ و بۆ دەرەوە هاوار دەکا): سۆسۆ، لە کوێی؟ سۆسۆ!

لاڤرێنتی:

(خێرا هەڵدەستێ، دەچێ بۆ لای گروشە): هەر ئێستا جێگەیەکت لە ژوورەکەدا دەدرێتێ. مرۆڤێکی باشە، بەڵام لە دوای خواردن.

گروشە:

(منداڵەکەی بۆ ڕادەگرێ): بیگرە! (لاڤرێنتی بە دەم سەیرکردنی دەوروبەرەوە منداڵەکەی لێ وەردەگرێ).

لاڤرێنتی:

بەڵام ناتوانن زۆر بمێننەوە. ئەو ئیماندارە، دەزانی. (گروشە دەکەوێ. براکەی دەیگرێتەوە).

گۆرانیبێژ:

خوشکە زۆر نەخۆش بوو.
برا ترسنۆکەکە دەبوو جێگای بکاتەوە.
پایز ڕۆیشت و زستان هات.
زستان درێژ بوو.
زستان کورت بوو.
خەڵکی نەدەبوو هیچ بزانن.
مشکەکان نەدەبوو بکرۆژن
بەهار نەدەبوو بێت.

(گروشە لە گەنجینەدا لە سەر تەون دانیشتووە. خۆی و منداڵەکە، کە لە سەر زەوییەکە بە چیچکانەوە دانیشتووە پەتوویەکیان لە خۆیان ئاڵاندووە).

گروشە:

(لە کاتی تەونکردندا گۆرانی دەڵێ):
ئازیز خۆی ئامادە کرد بڕوا
دەزگیرانەکەی بە پاڕانەوەوە بە دوایدا ڕای کرد
بە دەم پاڕانەوەو گریانەوە، بە دەم گریان و ئامۆژگاریکردنەوە:
ئازیزەکەی من، ئازیزەکەی من
گەر تۆ ئێستا بۆ جەنگ دەڕۆی
گەر تۆ دژی دوژمن دەجەنگێی
مەڕۆرە بەرایی جەنگەوە
لە دوای جەنگیشەوە مەڕۆ

پێشەوە ئاگری سوورە

پشتەوە دووکەڵی سوورە.

لە ناوەڕاستی جەنگەوە بڕۆ

لە نزیکی ئاڵاهەڵگرەوە بە.

ئەوانەی پێشەوە هەمیشە دەمرن

ئەوانەی دواشەوە دەپێکرێن

ئەوانەی ناوەڕاست بۆ ماڵ دێنەوە.

میخل، ئێمە دەبێ ژیر بین. ئەگەر ئێمە خۆمان وەکو سیسرک بچووک بکەینەوە، براژنم لە بیری دەچێ کە ئێمە لە ماڵەکەداین. دەتوانین هەتا بەفرتوانەوە لێرە بمێنینەوە. لەبەر سەرماش مەگری. هەژار بیت و سەرمات بێ ئێسکت قورس دەکا.

(لاڤرێنتی دێتە ژوورەوە. لە لای خوشکەکەیەوە دادەنیشێ).

لاڤرێنتی:

بۆچی وا وەکو گەمیەوان دەمامکتان کردووەو دانیشتوون؟ ئەم ژوورە ساردە؟

گروشە:

(خێرا ملپێچەکە لا دەبا): لاڤرێنتی، سارد نییە.

لاڤرێنتی:

ئەگەر زۆر سارد بوایە نەدەبوو لەگەڵ منداڵەکەدا لێرە دانیشی. ئەگینا ئەنیکۆ سەرکۆنەی خۆی دەکا. (وچان). هیوادارم قەشەکە زۆر پرسیاری دەربارەی منداڵەکە لێ نەکردبێ؟

گروشە:

پرسیاری لێ کردم، بەڵام من هیچم نەگوت.

لاڤرێنتی:

وا باشە. ویستم دەربارەی ئەنیکۆ قسەت لەگەڵ بکەم. ئەنیکۆ مرۆڤێکی باشە، تەنیا زۆر، زۆر هەست ناسکە. پێویست ناکا خەڵکەکە شتێکی تایبەت دەربارەی زەویوزارەکە بڵێن، ئەو ترسی لێ دەنیشێ. هێندە بە قووڵیی هەست دەکا، دەزانی. جارێکیان کچە شیردۆشەکە لە کلیسە کونێک لە کۆڵۆنەکەیدا بوو، لەو ڕۆژەوە ئەنیکۆی ئازیزم دوو جووت کۆڵۆن بۆ کلیسە لە پێ دەکا. ئەمە جێگای باوەڕ نییە، بەڵام ئیتر ئەو لە خێزانێکی دێرینە. (گوێ دەگرێ). دڵنیای کە ئێرە جرجی لێ نییە؟ ئێوە ناتوانن لێرە بمێننەوە. (دەنگی دڵۆپەی ئاو دێ، کە لە بنمیچەکەوە دێتە خوارێ). ئەوە چییە دڵۆپە دەکا؟

گروشە:

دەبێ بۆشکەیەک کونی تێدا بێ.

لاڤرێنتی:

بەڵێ، دەبێ بۆشکە بێ. ئەوا بۆ نیو ساڵ دەچێ لێرەی، وا نییە. باسی ئەنیکۆم کرد؟ بێگومان من مەسەلەی سوارە زرێپۆشەکانم بۆی نەگێڕایەوە، دڵی لاوازە. لە بەر ئەوە نازانێ، تۆ ناتوانی بە کارێک پەیدا بکەی و تێبینییەکانی دوێنێیشی لە بەر ئەوە بوو. (جارێکی دیکە گوێیان لە دڵۆپەی بەفری تواوە دەبێت). دەتوانی وێنای ئەوە بکەی، کە بیر لە سەربازەکەی مێردت دەکاتەوە؟ «ئەگەر بێتەوەو ژنەکەی نەدۆزێتەوە؟» وا دەڵێ

و به بێداری ڕادەکشێ. پێی دەڵێم «لە پێش بەهار سەربازەکە ناتوانێ بێت». ئەنیکۆ دڵی باشە. (تنۆکەکان خێراتر دەکەون). لەو بڕوایەدای کەی دێت، ڕای تۆ چییە؟ (گروشە بێدەنگە) پێش بەهار نا، خۆ تۆیش لەو بڕوایەدای؟ (گروشە بێدەنگە) دەبینم، تۆ خۆتیش لەو بڕوایەدا نەماوی، کە دەگەڕێتەوە. (گروشە هیچ ناڵێ). بەڵام کە بەهار دێت و لێرە بەفر لە سەر ڕێگاکانی دەربەندەکە دەتوێتەوە ئیتر ناتوانی لێرە بمێنیتەوە، ئەمجا دەتوانن بێن بە دواتدا بگەڕێن و خەڵکەکە باسی منداڵێکی ناشەرعی دەکەن. (گەمەی زەنگی دڵۆپەکان گەورەو هەمیشەییە). گروشە، بەفر لە سەربان دەتوێتەوەو بەهارە.

گروشە:

بەڵێ.

لاڤرێنتی:

(بە جۆش): بمهێڵە پێت بڵێم، کە چی دەکەین. تۆ شوێنێکت پێویستە بتوانی بۆی بڕۆی و لە بەر ئەوەی تۆ منداڵێکت هەیە– هەناسە هەڵدەکێشێ–، دەبێ پیاوێکت هەبێ، بۆ ئەوەی خەڵکی قسە نەکەن. من بە ئاگادارییەوە زانیاریم کۆ کردەوە، چۆن بتوانین پیاوێکت بۆ بدۆزینەوە. گروشە، من پیاوێکم دۆزیوەتەوە. لەگەڵ ژنێکدا قسەم کرد کە کوڕێکی هەیە، هەر لەودیوی چیاوە، ماڵ و کێڵگەیەکی بچووک، ژنەکە ڕازییە.

گروشە:

بەڵام من ناتوانم شوو بە هیچ پیاوێک بکەم، من دەبێ چاوەڕوانی سیمۆن خاخاڤا بم.

لاڤرێنتی:

بێگومان. بیر لە هەموو ئەو شتانە کراوەتەوە. تۆ پیاوێکت پێویست نییە لە نێو جێگا لەگەڵت بنوێت، بەڵکو پیاوێکت پێویستە لە سەر کاغەز مێردت بێت. من یەکێکی ئاوهام دۆزیوەتەوە. کوڕی ژنە جوتیارەکە، کە لەگەڵی ڕێکەوتم، لە سەرەمەرگدایە. ئەمە نایاب نییە؟ دوا هەناسەکانی دەدا. هەموو شتێکیش، وەکو بانگەشەمان بۆ دەکرد، «پیاوێکە لەودیوی چیاوە»!، کاتێ تۆ هاتی بۆ لای، دوا هەناسەکانی دا و تۆ بێوەژن کەوتی. چی دەڵێی؟

گروشە:

لەوانەیە من کاغەزێکم بە مۆرەوە بۆ میخل پێویست بێ.

لاڤرێنتی:

مۆرێک هەموو شتێک مەیسەر دەکا. بە بێ مۆر شای وڵاتی فارسیش ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە شایە. تۆ داڵدەیەکیشت دەبێ.

گروشە:

ژنەکە بۆچی ئەمە دەکا؟

لاڤرێنتی:

بۆ ٤٠٠ پیاستەر.

گروشە:

پارەکەت لە کوێ بوو؟

لاڤرێنتی:

(بە هەست بە گوناهباری کردنەوە): پارەی شیرەکەی ئەنیکۆیە.

گروشە:

لەوێ کەس نامناناسێ. کەواتە دەیکەم.

لاڤرێنتی:

(هەڵدەستێ): یەکسەر خەبەر بۆ ژنە جوتیارەکە دەنێرم. (خێرا دەڕوا).

گروشە:

میخل، تۆ زۆر ئەرکت قورسە. من بۆ لای تۆ هاتم، هەر وەکو چۆن داری هەرمێ بۆ لای پاساری بچێ. لە بەر ئەوەی مەسیحییەک دادەچەمێتەوەو پارچەیەک نانەڕەق هەڵدەگرێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ شتێک نەفەوتێ. میخل، باشتر وا بوو لە یەکشەمەی جەژندا خێرا لە نوخا بڕۆشتمایە. ئێستا من گەمژەم.

گۆرانیبێژ:

کاتێ بووکێ گەیشت، زاوا لە سەرەمەرگا بوو.
دایکی زاوا لە بەر دەرگا چاوەڕوان بوو و
بۆ پەلەپەل کردن دنەی دەدا .
بووکێ منداڵێکی لەگەڵ خۆی هێنا، برا زاوا
لە کاتی زەماوەندا شاردییەوە.

(دیوارێک نێوان جێگاکە دەکاتە دوو بەشەوە: لە لایەکییەوە قەرەوێڵەیەک دانراوە. لە پشتی پەردەیەکی تەنکەوە بە بێ جووڵە پیاوێکی زۆر نەخۆش پاڵکەوتووە. لە لایەکەی دیکەوە خەسوو بە ڕاکردن دێ، دەستی گروشەی گرتووە. لە دوایانەوە لاڤرێنتی بە منداڵەکەوە دێ).

خەسوو:

خێرا، خێرا، ئەگینا پێش مارەبڕینەکە گیانی دەردەچێ. (بە لاڤرێنتی): بەڵام باسی ئەوە نەکراوە کە منداڵی هەیە.

لاڤرێنتی:

ئەمە چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێ؟ (بە سەر نەخۆشەکەوە): لەو بارودۆخەیدا بۆ ئەو گرینگ نییە.

خەسوو:

بۆ ئەو! بەڵام من ئەم شوورەییە دەرنابەم. ئێمە خەڵکی بە حەیاین. (دەست بە گریان دەکا). یوسوپی کوڕم پێویستی بەوە نییە، یەکێک بخوازێ کە منداڵی هەیە.

لاڤرێنتی:

باشە، ٢٠٠ پیاستەری دەخەمە سەر. کە ماڵ و کێڵگەکە بۆ تۆ دەبێ، بە نووسین هەتە، بەڵام ئەو مافەی هەیە، دوو ساڵ لێرە نیشتەجێ بێ.

خەسوو:

(بە دەم فرمێسک وشککردنەوەوە): ئەمە بە حاڵ بەشی خەرجی ناشتنەکەی دەکا. هیوادارم، گروشە بە ڕاستی لە کاروباردا یارمەتیم بدا. ئەی ئێستا قەلەندەرەکە بۆ کوێ چوو؟ دەبێ لە پەنجەرەی مەتبەخەکەوە چووبێتە دەرەوە. ئێستا هەموو خەڵکی گوندەکە دەکەون بە سەرماندا، کە ببیستن یوسوپ لە کۆتاییدایە. ئای خوایە! ئێستا دەیهێنم، بەڵام نابێ منداڵەکە ببینێ.

لاڤرێنتی:

من مشوری ئەوە دەخۆم، کە نەیبینێ، بەڵام بۆچی قەڵەندەرێک نەک کەشیشێک؟

خەسوو:

ئەویش بە هەمان شێوە باشە. من تەنیا ئەو هەڵەیەم کرد، کە نیوەی مزەکەم لە پێش مارەبڕین پێی دا، وا توانی بچێ بۆ مەیخانە. هیوادا...

(ڕادەکا).

لاڤرێنتی:

کلۆڵە، لەکەشیش دەستی گرتۆتەوە. قەڵەندەرێکی هەرزانی هێناوە.

گروشە:

سیمۆن خاخاف بنێرە بۆ ئێرە، گەر دەگەڕێتەوە.

لاڤرێنتی:

باشە. (بە سەر نەخۆشەکەوە): ناتەوێ سەیری کەی؟

(گروشە کە میخلی وەرگرتووە سەری ڕادەوەشێنێ).

هەر هیچ ناجووڵێتەوە. هیوادارم درەنگ نەهاتبین.

(لە پڕ گوێ ڕادەدێرن. لەولاوە دراوسێ دێنە ژوورێ، سەیری دەوروبەر دەکەن و لە لای دیوارەکانەوە ڕادەوەستن. دەست پێدەکەن، بە منگە منگ، نزا بخوێنن. خەسوو و قەڵەندەر دێنە ژوورێ).

خەسوو:

(دوای سەرسامییەکی تووڕە بە قەڵەندەر): ئەوە بەزمەکەیە. (لە

بەردەم میوانەکاندا دادەچەمێتەوە). تکایە چەند چاوترووکانێک تەحەمول کەن. بووکی کوڕەکەم لە شارەوە گەیشتووە و مارەبڕینێکی لە ناکاو جێبەجێ دەکرێ. (لەگەڵ قەڵەندەرەکەدا دەچێتە ژووری نووستنەکە). من زانیم، تۆ بڵاوی دەکەیتەوە. (بە گروشە). مارەبڕینەکە دەتوانرێ یەکسەر جێبەجێ بکرێ. ئەمە بەڵگەنامەکەیە. من و برای بووک... (لاڤرێنتی هەوڵ دەدا خۆی لە پشتەوە بشارێتەوە، دوای ئەوەی خێرا جارێکی دیکە میخلی لە گروشە وەرگرتووە. ئێستا خەسوو ئاماژەی بۆ دەکا بڕوا). من و برای بووک شایەدین.

(گروشە لە بەردەم قەڵەندەردا سەری دادەنەوێنێ. دەچن بۆ لای قەنەفەکە. خەسوو پەردەکە لادەدا. قەڵەندەرەکە دەست پێدەکا بە لاتینی دەقی مارەبڕینەکە بخوێنێتەوە. لەو کاتەدا خەسوو ئاماژە بۆ لاڤرێنتی دەکا، کە دەیەوێ سروشەکە پیشانی منداڵەکە بدا بۆ ئەوەی نەگری، بە بێ پچڕان داینێ. جارێک گروشە سەیری منداڵەکە دەکا، لاڤرێنتی دەستی منداڵەکەی بۆ ڕادەوەشێنێ).

قەڵەندەر:

ئامادەی، بۆ پیاوەکەت ژنێکی دڵسۆز، گوێڕایەڵ و باش بی و پێوەی پابەند بی هەتا مەرگ لە یەکتان جیا دەکاتەوە.

گروشە:

(سەیری منداڵەکە دەکا): بەڵێ.

قەڵەندەر:

(بە پیاوەکەی کە لە سەرەمەرگدایە): ئەی تۆ ئامادەی، بۆ

ژنەکەت مێردێکی باش و مشوورخۆر بی هەتا مەرگ لە یەکتان جیا دەکاتەوە؟

(لە بەر ئەوەی پیاوەکەی کە لە سەرەمەرگدایە وەڵام ناداتەوە، قەلەندەرەکە پرسیارەکەی دووبارە دەکاتەوەو سەیری دەوروبەر دەکا).

خەسوو:

بێگومان ئامادەیە. گوێت لە «بەڵێ» نەبوو؟

قەلەندەر:

باشە. دەمانەوێ ژن و مێردایەتییەکە بە ڕەوا ڕابگەیەنین؛ بەڵام ئەی فاتیحاکە چی؟

خەسوو:

هیچم نییە. مارەبڕینەکە ئەوەندە گران بوو. دەبێ ئێستا خەریکی میوانانی پرسە بم. (بە لاڤرێنتی): ٧٠٠مان گوت؟

لاڤرێنتی:

٦٠٠ (پارەکە دەدا). من نامەوێ لای میوانەکان دانیشم و لەوانەیە ببمە ناسیاویان لەگەڵ پەیدا کەم. گروشە، ماڵئاوا، ئەگەر جارێک لە جاران خوشکە بێوەژن کەوتووەکەم بۆ سەردانم دێ، ئەوا گوێی لە «بەخێربێی» ژنەکەم دەبێ، ئەگینا تووڕە دەبم.

(دەڕوا. میوانانی پرسە بێپەروایانە لە پشتەوە سەیری دەکەن، کاتێ بە نێوانیاندا دەڕوا).

قەلەندەر:

دەتوانین بپرسین، ئەو منداڵە چییە؟

خەسوو:

ئێرە منداڵی لێیە؟ من منداڵ نابینم. تۆیش منداڵ نابینی. تێگەیشتی؟ ئەگینا لەوانەیە منیش لە پشتی مەیخۆرییەکەوە زۆر شتم بینیبێ کە ڕووی دەدا. ئێستا وەرە.

(دەچنە دیوەخانەکەوە، دوای ئەوەی گروشە منداڵەکەی لە سەر زەوییەکە داناو ئاگاداری کردەوە کە بێدەنگ بێ. گروشە بە دراوسێکان دەناسێنرێ).

خەسوو:

ئەمە بووکەکەمە. یوسوپی ئازیزی بە زیندوویی بینی.

یەکێک لە ژنەکان:

ئێستا وا ساڵێکە یوسوپ لە جێدا کەوتووە، وا نییە؟ کاتێ ڤازیلیی کوڕمیان بۆ سەربازیی برد، یوسوپ هێشتا لە ماڵئاوایی کردن لەگەڵمان بوو.

ژنێکی دیکە:

شتێکی ئاوها بۆ ماڵ و کێڵگە سامناکە، گەنمەشامی بە چڵەوەو جوتیار لە ناو جێدا. من دەڵێم فریادڕەسییە بۆ ئەو ئەگەر زۆری دیکە ئازار نەچێژێ.

ژنی یەکەم:

(بە پەنهانی): لە سەرەتاوە وامان بیر کردەوە لە بەر خزمەتی سەربازییە کە لە ناو جێدا کەوتووە، ئێوە تێدەگەن. ئێستاش ئەوا کۆتایی دێ!

خەسوو:

تکایە، دانیشن و کێک بخۆن. (خەسوو ئاماژە بۆ گروشە دەکا

و هەردوو ژنەکە دەچنە ژووری نووستنەوە، لە سەر زەوییەکە چەند سینییەک هەڵدەگرن کە لە سەر دانراوە. میوانەکان، لە نێویاندا قەلەندەرەکە، لەسەر زەوییەکە دادەنیشن و دەست بە گفتوگۆیەکی دامرکاو دەکەن).

جووتارێک:

(قەلەندەرەکە بوتڵێکی داوە پێی، کە لە جبەکەیەوە دەری هێناوە): دەڵێن، منداڵێک لێرەیە؟ دەبێ لە کوێ لە یوسوپ ڕوویدابێ؟

ژنی سێیەم:

بە هەرحاڵ ژنەکە بەختی هەبوو پێش ئەوە زەماوەندی کرد، کە یوسوپ ئەوەندە حاڵی پەرێشانە.

خەسوو:

ئێستا ئەوا چەنەبازیی دەکەن و کێکی مەرگ دەخۆن، ئەگەر ئەمڕۆ نەمرێ، دەبێ سبەی کێکی تازە بکەم.

گروشە:

من دەیکەم.

خەسوو:

کاتێ دوێنێ ئێوارە سوارەکان هاتن و من چوومە دەرێ تا بزانم کێیە و هاتمەوە ژوورەوە، وەکو مردوو ڕاکشابوو. لە بەر ئەوە بە دوای ئێوەمدا نارد. زۆری دیکە ناخایەنێ. (گوێ دەگرێ).

قەلەندەر:

میوانە ئازیزەکانی زەماوەندو پرسە! بە هاوسۆزییەوە لە

تەنیشت قەرەوێڵەیەکی مردوو و زاواوە وەستاوین، چونکە بووکە پەردەی بووکێنی لە سەر دەکاو پیاوەکە دەچێتە ژێر خاکەوە. زاوا شۆراوەو بووک ئامادەیە. چونکە لە تەختەی زاوادا وەسیەتنامەیەک هەیە، ئەمەیش مرۆڤ شەهوانی دەکا. ئاخ، ئازیزەکانم، چارەنووسی مرۆڤەکان چەند جیاوازن! یەکێک دەمرێ، بۆ ئەوەی بنمیچێکی بە سەر سەرەوە بێ، یەکێکی دیکە هاوسەرگیریی دەکا، بۆ ئەوەی ئەو گۆشتەی خۆی لێی پێکهاتووە ببێ بە خۆڵ، ئامین.

خەسوو:

(گوێی گرتبوو): تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، نەدەبوو یەکێکی وا هەرزان بگرم، بەڵام شایانیەتی. گرانێک ڕەفتاری جوانە. لە سورا یەکێک هەیە، دەڵێن تەنانەت بۆن و بەرامەی پیرۆزیی گرتووە، بەڵام بێگومان سامانێک پارە داوا دەکا. ٥٠ پیاستەرییەکی ئاوا ئابڕووی نییە و ئیمانیشی هەر بایی ٥٠ پیاستەر هەیە زیاتر نا. کاتێ لە مەیخانەکە هێنامەوە خەریک بوو وتاری دەداو هاواری دەکرد: «جەنگ کۆتایی هات، لە ئاشتی بترسن!» دەبێ بچینە ژوورەوە.

گروشە:

(کێک بە میخل دەدا): میخل، کێکەکە بخۆو ئاقڵ بێدەنگ بە. ئێمە ئێستا خەڵکی ڕێز لێگیراوین.

(سینییە کێکەکان دەبەن بۆ میوانەکان. پیاوەکەی لە گیانەڵادا بوو لە پشتی پەردەکەوە قیت بۆتەوەو سەری دەرهێناوەتە دەرەوە، لە پشتەوە سەیری دوو ژنەکە دەکا. ئەمجا پاڵ

دەکەوێتەوە. قەلەندەرەکە دوو بوتڵی لە جبەکەی دەرهێناوەو دەیداتە ئەو جوتیارەی کە لە تەنیشتییەوە دانیشتووە. سێ مۆسیقاژەن هاتوونەتە ژوورەوە، کە قەلەندەرەکە بە دەم زەردەخەنەوە دەستیان بۆ ڕادەوەشێنێ).

خەسوو:

(بە مۆسیقاژەنەکان): بەم ئامێرانەوە لێرە چیتان دەوێ؟

مۆسیقاژەنەکان:

برا ئەناستازیوز – دەست بۆ قەلەندەرەکە درێژ دەکەن– پێی وتین کە لێرە زەماوەند هەیە.

خەسوو:

چی، تۆ هێشتا سێ کەسی دیکەم دەهێنیتە سەر؟ دەزانن، لێرە یەکێک کەوتووە لە گیانەڵادایە؟

قەلەندەر:

بۆ هونەرمەند ئەرکێکی لاسدەرە. لەوانەیە ببێتە مارشێکی کزی غەمگین یان سەمایەکی شادی پرسە.

خەسوو:

بە لای کەمەوە بژەنن، دەستتان لە خواردن پێ هەڵناگیرێ.

(مۆسیقاژەنەکان مۆسیقایەکی تێکەڵ دەژەنن. ژنەکان کێک دەدەنە میوانەکان).

قەلەندەر:

دەنگی کەرەناکە وەکو گریانی بە کوڵی منداڵی بچووک وایە، ئەی چی دەنگێک بە هەموو دنیادا پەخش دەکەی، کەرەنای بچووک؟

جوتیارەکەی تەنیشت قەلەندەرەکە:

ئەی چییە ئەگەر بووک کەمێک لاقی بۆ سەما با بدا؟

قەلەندەر:

لاقی بۆ سەما بابدا یان ئێسک و پروسکی بۆ سەما با بدا؟

جوتیارەکەی تەنیشت قەلەندەرەکە:

(گۆرانی دەڵێ):
کیژۆڵەی قوون خڕ پیاوێکی پیری هێنا.
وتی کەوتۆتە سەر هاوسەرگیرییەکە.
کە حەزی لە گەمە بێ
لە پەیمانی هاوسەرگیرییەکە دەردەچێ
مۆم گونجاوترە.

(خەسوو سەرخۆشەکان وەدەردەنێ. مۆسیقا ڕادەگیرێ. میوانەکان تەریق بوونەتەوە. وچان).

میوانەکان:

(بە دەنگی بەرز): بیستووتانە: میری گەورە گەڕاوەتەوە؟ –بەڵام میرەکان دژین. ئۆی، دەڵێن، شای وڵاتی فارس لەشکرێکی گەورەی داوەتێ، بۆ ئەوەی بتوانێ نەزم بخاتە ناو گروزنیاوە. چۆن ئەمە شیاوە؟ خۆ شای وڵاتی فارس دوژمنی میری گەورەیە! بەڵام دوژمنی بێنەزمییشە. بە هەر حاڵ جەنگ کۆتایی هات. سەربازەکانمان دەگەڕێنەوە.

(گروشە سینی کێکەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارەوە).

ژنێک:

(بە گروشە): سەرت دەسوورێتەوە؟ ئەوە لە شپرزەییتە بۆ

یوسوپی ئازیز. دانیشەو بحەسێرەوە، ئازیز.

(گروشە بە لەرزۆکی دەوەستێ).

میوانەکان:

ئێستا هەموو شتێک وەکو جارانی لێ دێتەوە. تەنیا ئێستا باج زیاد دەبێ، لە بەر ئەوەی ئێمە دەبێ حیسابی جەنگ بدەین.

گروشە:

(بە کزیی): یەکێک وتی سەربازەکان گەڕاونەتەوە؟

پیاوێک:

من.

گروشە:

ئەمە مەحاڵە.

پیاوەکە:

(بە ژنێک): ملپێچەکە پێشاندە! لە سەربازێکمان کڕی. هی وڵاتی فارسە.

گروشە:

(لە ملپێچەکە ورد دەبێتەوە): لێرەن. (وچانێکی درێژ دێتە ئاراوە، گروشە دەکەوێتە سەر چۆک وەکو کێکەکە کۆ بکاتەوە. بەڵام خاچە زیوینەکە لە ملوانکەکەی ژێر بلووزەکەی دەردەهێنێ، ماچی دەکاو دەست بە نزا دەکا).

خەسوو:

(لە بەر ئەوەی میوانەکان بە بێدەنگیی سەیری گروشە دەکەن): چیتە؟ ناتەوێ خزمەتی میوانەکان بکەی! کاڵفامییەکانی شار

پێوەندییان بە ئێمەوە چییە؟

میوانەکان:

(لە بەر ئەوەی گروشە تەوێڵی بە زەوییەکەوە نووساندووە، گفتوگۆکەیان بە دەنگی بەرز دەست پێدەکەنەوە): مرۆڤ دەتوانێ زینی فارسی لە سەربازەکان بکڕێ، هەندێکیان بە دارشەق دەیگۆڕنەوە. ئەوانەی سەرەوە تەنیا لە لایەکەوە دەتوانن جەنگ ببەنەوە، بەڵام سەربازەکان لە هەردوو لاوە دەدۆڕێن. بە لای کەمەوە ئێستا جەنگ کۆتایی هاتووە. ئەمە شتێکی باشە، ئەگەر نەتوانن ئیتر ئێوە بۆ خزمەتی سەربازی ببەن. (جوتیاری سەر نوێنەکە خۆی ڕاست دەکاتەوە. گوێ دەگرێ). ئەوەی ئێمە پێویستمانە دوو هەفتەی دیکە ئاو و هەوای خۆشە. دار هەرمێکانمان ئەمساڵ هیچ ناگرن.

خەسوو:

(کێکیان دەداتێ): هێشتا کەمێکی تر کێک بخۆن. عافێتتان بێ. هێشتا زۆر ماوە.

(خەسوو بە سینییە خاڵییەکەوە دەچێتە ژوورەکەوە. نەخۆشەکە نابینێ و بۆ سینییەکی پڕ لە کێکی سەر زەوییەکە دادەچەمێتەوە، کاتێ نەخۆشەکە بە دەنگی نووساوەوە دەست بە قسە دەکا).

یوسوپ:

چەنێکی تر کێکیان بە قورگەوە دەکەی؟ من کارخانەی پارەم هەیە؟ (خەسوو دادەچڵەکێ و بە حەپەساوییەوە زەق زەق تەماشای دەکا. یوسوپ لە پشتی پەردەکەوە دێتە دەرێ). وتیان

که جەنگ کۆتایی هاتووە؟

ژنی یەکەم:

(لە ژوورەکەی دیکە بە میهرەبانییەوە بە گروشە): ئەم ژنە گەنجە کەسی لە جەنگ هەیە؟

پیاوەکە:

ئەمە هەواڵێکی خۆشە کە دەگەڕێنەوە. وانییە؟

یوسوپ:

چاو زەق مەکەرەوە، ئەو کەسە لە کوێیە کە تۆ وەکو ژن لە گەردنت ئاڵاندووم؟

(لەبەر ئەوەی وەڵامی دەست ناکەوێ، لە نوێنەکە دادەبەزێ و بە لەتردان بە کراسەوە بە تەنیشت دایکیدا دەچێتە ژوورەکەی دیکە. خەسوو بە لەرزینەوە سینییە کێکەکەی بە دەستەوە دوای دەکەوێ).

میوانەکان:

(سەیری دەکەن، دەقیژێنن): مەسیح، مریەم و یوسف! یوسوپ!

(هەموو بە ترسەوە هەڵدەستن، ژنەکان بەرەو دەرگا پاڵەپەستۆکێ دەکەن. گروشە، هێشتا لە سەر چۆکە، ئاوڕ دەداتەوەو لە جوتیارەکە ڕادەمێنێ).

یوسوپ:

خواردنی پرسە، ئەمەتان بە دڵە. بۆ دەرەوە، پێش ئەوەی بە شەق دەرتان بکەم.

(میوانەکان بە شپرزەیی ماڵەکە بە جێ دەهێڵن).

(بەڕووترشییەوە بە گروشە): ئەمە ڕیسەکەت لێ دەکاتەوە بە خوری، وا نییە؟

(لە بەر ئەوەی گروشە هیچ ناڵێ، یوسوپ وەردەچەرخێتەوەو کێکێکی گەنمەشامی لە سینییەکە دەبا، کە بە دەستی خەسووەوەیە).

گۆرانیبێژ:

ئاخ پێوەبوون! ژنە دەزانێ کە مێردی هەیە!
بە ڕۆژ منداڵەکەی هەیە. بە شەویش پیاو.
ئازیز شەو و ڕۆژ بەڕێوەیە.
ژن و مێرد لە یەک ڕادەمێنن. ژوورەکە بچکۆلەیە.

(جوتیارەکە بە ڕووتی لە تەشتێکی دارینددا دانیشتووە و خەسوو بە دۆلکەیەک ئاو دەکاتە تەشتەکەوە، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گروشە لای میخل هەڵترووشکاوە، کە یاری دۆشەکی پووش پینەکردن دەکا).

یوسوپ:

ئەمە کاری ئەوە نەک تۆ. لە کوێیە دیسان؟

خەسوو:

(بانگ دەکا): گروشە! جوتیارەکە پرسیاری تۆ دەکا؟

گروشە:

(بە میخل): ئەوە دوو کونی دیکەن، دەبێ هێشتا ئەوانیش پینە بکەی.

یوسوپ:

(کاتێ گروشە دێتە ژوورەوە): وەرە پشتم بشۆ!

گروشە:

جوتیارەکە ناتوانێ خۆی بیکا؟

یوسوپ:

«جوتیارەکە ناتوانێ خۆی بیکا؟» بە لەعنەت بی، فلچەکە هەڵگرە! تۆ ژنمی یان نامۆ؟ (بە خەسوو): زۆر ساردە!

خەسوو:

دەڕۆم ئاوی گەرم دەهێنم.

گروشە:

با من بڕۆم.

یوسوپ:

تۆ دەمێنیتەوە! (خەسوو دەڕوا) توندتر بیشۆ! وا خۆت پێشان مەدە، تۆ زۆر جار پیاوی ڕووتت بینیوە. منداڵەکەت بە هەوا دروست نەبووە.

گروشە:

منداڵەکە بە خۆشییەوە لە دایک نەبووە، ئەگەر جوتیارەکە مەبەستی ئەوەیە.

یوسوپ:

(بە زەردەخەنەی تەوساوییەوە ئاوڕی لێ دەداتەوە): تۆ وا دیارنیت. (گروشە واز لە پشت شۆرینی دەهێنێ و دەکشێتەوە. خەسوو دێتە ژوورێ) شتێکی دانسقەت بە تووشەوە کردووم، ژنەکەم کەمدویەکی ئیزعاجە.

خەسوو:

بە دڵ و بە گیان لەگەڵدا نییە.

یوسوپ:

ئاوی تێکە، بەڵام ئاگاداربە. ئای! پێم وتی ئاگاداربە. (بە گروشە): پێم سەیر دەبێ، ئەگەر لە شار هیچت بە سەرنەهاتبێ، ئەگینا بۆچی لێرەی؟ بەڵام من باسی ئەوە ناکەم. من هیچیشم دژی منداڵە ناشەرعییەکە نەگوتووە، کە بۆت هێناومەتە ماڵەوە، بەڵام خەریکە لەگەڵ تۆدا سەبرم نامێنێ. ئەمە دژی سروشتە. (بە خەسوو): زیاتر! (بە گروشە): ئەگەر سەربازەکەی مێردیشت بگەڕێتەوە تۆ شووت کردووە.

گروشە:

بەڵێ.

یوسوپ:

بەڵام سەربازەکەی مێردت ناگەڕێتەوە، تۆ پێویست ناکا لەو بڕوایەدا بی.

گروشە:

نەخێر.

یوسوپ:

تۆ فێڵم لێ دەکەی. تۆ ژنمی و ژنیشم نیت. لەو شوێنەی لێی ڕادەکشێی، هیچی لێ نییەو کەسی تریش ناتوانێ لەوێ پاڵکەوێ. کە بەیانیان دەچم بۆ سەر کێڵگە زۆر شەکەتم؛ کە ئێواران دەچم بخەوم، وەکو شەیتان بە خەبەرم. خودا ڕەگەزێکی پێ بەخشیوی و، تۆ چی دەکەی؟ کێڵگەکەم هێندە بەر ناگرێ، کە بتوانم لە شار ژنێک بکڕم و ئەوێش هێشتا ڕێگایەکی دیکەیە. ژن لە کێڵگە بژار دەکاو لاقی دەکاتەوە، لای

ئێمە لە ساڵنامەدا وا نووسراوە. گوێت لێمە؟

گروشە:

بەڵێ. (بە دەنگی نزم): من بە حەقی نازانم کە فێڵت لێ بکەم.

یوسوپ:

بە حەقی نازانی! ئاوی تێکە! (خەسوو ئاو دەکاتە تەشتەکەوە) ئای!

گۆرانیبێژ:

کاتێ لە سەر چۆم دانیشتبوو، بۆ ئەوەی کەتانەکە بشوا
وێنەکەی لە لێشاوەکەدا دەبینی و لەگەڵ مانگی ڕێکردوودا
ڕەنگی ڕوخساری پتر پەڕی.
کاتێ قیت بووەوە، بۆ ئەوەی کەتانەکە بگوشێ
گوێی لە دەنگی بوو لە دارکەوتەوە هەڵی کرد،
دەنگی نزم بوو
لەگەڵ مانگی ڕێکردوودا.
بەهانەو هەناسەی قووڵ پتر بوون،
فرمێسک و ئارەقە ڕژێنران
لەگەڵ مانگی ڕێکردوودا منداڵەکە گەورە بوو.

(لە کەناری چەمێکی بچکۆلەدا گروشە لە سەر چیچکان دانیشتووەو کەتان لە ئاو هەڵدەکێشێ. لە دوورەوە چەند منداڵێک وەستاون. گروشە لەگەڵ میخل قسە دەکا).

گروشە:

میخل، دەتوانی یارییان لەگەڵ بکەی، بەڵام مەیەڵە فەرمانت بە

سەردا بکەن، لە بەر ئەوەی تۆ لە هەموویان بچووکتری.

(میخل سەر دەلەقێنێ و دەچێ بۆ لای منداڵەکانی دیکە. یارییەک دروست دەبێ).

گەورەترین کوڕ:

ئەمڕۆ گەمەی–مل–پەڕاندنە. (بە کوڕێکی قەڵەو): تۆ میری و پێدەکەنی. (بە میخل): تۆ شارداری. (بە کچێک): تۆ ژنەکەی شارداری، تۆ دەگری کاتێ ملەکە دەپەڕێنرێ. من ملەکە دەپەڕێنم. (شمشێرە دارینەکە پێشاندەدا). بەمە. یەکەم جار شاردار دەبرێتە تەلارەکەوە. میر لە پێشەوە دەڕوا، لە دواییدا ژنی شاردار دێ.

(ڕەوەکە خۆی ڕێکدەخا، کوڕە قەڵەوەکە لە پێشەوە دەڕواو پێدەکەنێ. ئەمجا میخل و گەورەترین کوڕ دێن و دوای ئەوە کچەکە دێ. کە دەگری).

میخل:

(دەوەستێ): ملیش دەپەڕێنرێ.

گەورەترین کوڕ:

ئەوە دەکەم. تۆ بچووکترینی. شاردار ئاسانترینە. بکەوە سەر چۆک و بیەڵە ملت بپەڕێنن، زۆر ئاسانە.

میخل:

شمشێریشت هەبێ.

گەورەترین کوڕ:

ئەمە شمشێری منە. (شەقێک لە میخل دەدا).

کچەکە:

(بانگی گروشە دەکا): ئەو نایەوێ یاریمان لەگەڵ بکا.

گروشە:

(پێدەکەنێ): دەوترێ بێچووە قاز زوو فێری مەلە دەبێ.

گەورەترین کوڕ:

تۆ ئەگەر بتوانی پێبکەنی.

(میخل سەر ڕادەوەشێنێ).

کوڕە قەڵەوەکە:

من لە هەموویان باشتر پێدەکەنم. بیەڵێ با ئەو جارێ مل بپەڕێنێ، ئەمجا تۆ ملی ئەو بپەڕێنە و ئەمجا من.

(گەورەترین کوڕ بە نابەدڵییەوە شمشێرە دارینەکەی دەداتێ و خۆی دەخاتە سەر چۆک، کوڕە قەڵەوەکە دانیشتووە، بە ئەژنۆی خۆیدا دەداو پڕ بە دڵ پێدەکەنێ. کچەکە زۆر بە دەنگی بەرز دەگری. میخل شمشێرە گەورەکە ڕادەوەشێنێ و ملی دەپەڕێنێ، لەگەڵ مل پەڕاندنەکەدا دەکەوێ).

گەورەترین کوڕ:

ئای! من پێت پێشان دەدەم، چۆن بە ڕاستی مل دەپەڕێنی!

(میخل ڕادەکا، منداڵەکان بە دوایدا. گروشە پێدەکەنێ، لە پشتەوە سەیریان دەکا. کاتێ وەردەچەرخێتەوە، سیمۆن خاخاشای سەرباز لەوبەرەوەی چۆمەکە ڕاوەستاوە. جلی یەکپۆشیی دڕاوی لە بەرە).

گروشە:

سیمۆن!

سیمۆن:

ئەوە گروشە ڤاخنادزەیە؟

گروشە:

سیمۆن!

سیمۆن:

(فەرمییانە): سڵاوی خوداو سەلامەتیی بۆ ئەم کیژۆڵەیە.

گروشە:

(بە دڵخۆشییەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و بە قوولیی خۆی دادەچەمێنێتەوە): سڵاوی خودا لە جەنابی سەرباز بێ. سوپاس بۆ خوا کە بە سەلامەتی گەڕایەوە.

سیمۆن:

ماسییە بچووکەکە گوتی، ماسی باشتریان لە من دۆزییەوە، لە بەر ئەوە منیان نەخوارد.

گروشە:

شاگردی ئاشپەزەکە گوتی، ئازایەتی؛ پاڵەوان گوتی، نەخێر بەخت.

سیمۆن:

ئەی ئێرە چۆنە؟ زستان لێرە تەحەمول دەکرا؟ دراوسێ بە تەنگتانەوە دەهات؟

گروشە:

زستان کەمێک سەخت بوو، دراوسێکە وەکو هەمیشە بوو، سیمۆن.

سیمۆن:

مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکا: هێشتا کەسێکی دیاریکراو ئەو نەریتەی هەیە، لە کاتی جل شۆریندا لاقی بخاتە ئاوەکەوە؟

گروشە:

وەڵامەکە «نەء»ە، لە بەر چاوەکانی نێو دارو دەوەنەکە.

سیمۆن:

کیژۆڵە باسی سەرباز دەکا. لێرە خەزنەدار وەستاوە.

گروشە:

ئەمە ٢٠ پیاستەر نییە؟

سیمۆن:

داڵدەیش.

گروشە:

(فرمێسک دەزێتە چاوی): لە پشتی سەربازگەکەوە، لە ژێر دارخورماکاندا.

سیمۆن:

بە تەواوی لەوێ. دەبینم، مرۆڤ بە دەوروبەردا گەڕاوە.

گروشە:

مرۆڤ گەڕاوە.

سیمۆن:

مرۆڤ لە بیری نەکردووە. (گروشە سەر ڕادەوەشێنێ). وەکو دەوترێ، هێشتا دەرگا لە چوارچێوەی خۆیدایە؟ (گروشە بە بێدەنگیی سەیری دەکاو جارێکی دیکە سەری ڕادەوەشێنێ).

ئەوە چییە؟ شتێک لە جێی خۆیدا نییە؟

گروشە:

سیمۆن خاخاڤا، من هەرگیز ناتوانم بۆ نوخا بگەڕێمەوە. شتێک ڕوویداوە.

سیمۆن:

چی ڕوویداوە؟

گروشە:

وا هاتە پێشێ، کە من لە سوارێکی زرێپۆشم دا.

سیمۆن:

دەبێ گروشە ڤاخنادزە هۆیەکی گرینگی هەبووبێ.

گروشە:

سیمۆن خاخاڤا، من ناویشم وەکو جاران نەماوە.

سیمۆن:

(پاش وچانێک): ئەمە تێناگەم.

گروشە:

سیمۆن، ژنان کەی ناوەکانیان دەگۆڕن؟ بیەڵە با من بۆتی ڕوون بکەمەوە. هیچ لە نێوانماندا نییە، هەموو شتێک لە نێوانماندا وەکو خۆی ماوەتەوە، دەبێ بڕوام پێ بکەی.

سیمۆن:

چۆن هیچ شتێک لە نێوانماندا نییەو بەڵام بە جۆرێکی دیکەیە؟

گروشە:

چۆن بۆتی ڕوون بکەمەوە، هێندە خێراو ئەم چەمە لە

نێوانماندا، ناتوانی بە سەر پردەکەدا بێی؟

سیمۆن:

لەوانەیە ئیتر پێویست نەکا.

گروشە:

زۆر پێویستە. وەرە ئەمبەرەوە، سیمۆن، خێرا!

سیمۆن:

کیژۆڵە دەیەوێ بڵێ، کە مرۆڤ درەنگ هاتووە؟

(گروشە بە دڕدۆنگییەوە سەیری دەکا، ڕوخساری بە فرمێسک داپۆشراوە. سیمۆن لە بۆشایی دەڕوانێ. پارچەدارێکی هەڵگرتووەو دەیتاشێ).

گۆرانیبێژ:

هێندە وشە دەوترێن، هێندە وشە بێدەنگییان لێ دەکرێ.
سەربازەکە هاتووە، لە کوێوە هاتووە نایڵێ.
گوێ بگرن، چی بیر کردەوە، بەڵام نەیگوت:
جەنگ لە کازێوەدا دەستی پێکرد،
لە نیوەڕۆدا خوێناوی بوو.
یەکم کەس لە پێشمدا کەوت، دووەم لە پشتمەوە،
سێیەم لە تەنیشتمەوە.
بە سەر یەکەمدا ڕۆیشتم، دووەمم بە جێهێشت،
سێیەم سەروان کوناودەری کرد.
برایەکم بە تفەنگ مرد، براکەی دیکەم بە دووکەڵ.
ئاگر نرا بە گەردنمەوە،

دەستەکانم لە دەستکێشدا، پێیەکانم لە گۆرەویدا بەستبوویان.
گۆپکەی سپیدارم دەخوارد، شیلەی دارکەوتم دەخواردەوە،
لە سەر بەرد، لە ئاودا دەخەوتم.

سیمۆن:

لە ناو گژو گیاکەدا کڵاوێک دەبینم. منداڵ لە ئارادایە؟

گروشە:

بەڵێ، سیمۆن، چۆن دەتوانم بیشارمەوە، بەڵام نامەوێ خەمبارت کەم، هی من نییە.

سیمۆن:

دەوترێ: ئەگەر جارێک با هەڵبکا، بە ناو هەموو کون و کەلەبەرێکدا هەڵدەکا. پێویست ناکا خانم لەوە زیاتر بڵێ.

(گروشە سەری دادەنەوێنێ و هیچی دیکە ناڵێ).

گۆرانیبێژ:

تاسە هەبوو، کە چاوەڕوانی نەکرد.
سوێند شکێنرا. بۆچی، هیچی پێنەگوترا.
گوێ بگرن، چۆن بیری کردەوە، بەڵام نەیگوت:
سەرباز، کاتێ لە شەڕدا دەجەنگای
لە شەڕێکی خوێناویدا، لە شەڕێکی تفت و تاڵدا
من منداڵێکم تووش بوو، داماو بوو
دڵم نەیهێڵا بە جێی بهێڵم.
دەبوو مشوری بخۆم، ئەگینا دەفەوتا
دەبوو بۆ نانەڕەقی سەر زەوی داچەمێمەوە

دەبوو خۆم بە فەتارەت بدەم بۆ ئەو شتەی، هی خۆم نەبوو.

منداڵە نامۆکە.

دەبێ یەکێک کۆمەککەر بێ.

چونکە درەختی بچووک ئاوی دەوێ.

گوێرەکە ڕێی لێی ون دەبێ، ئەگەر گاوان بخەوێ

کەس گوێی لە دەنگی نابێ!

سیمۆن:

ئەو خاچەی کە دام پێت بمدەرەوە، یان باشترە فڕێیدە چەمەکەوە. (بۆ ڕۆیشتن وەردەسوورێتەوە).

گروشە:

سیمۆن خاخاڤا، مەڕۆ، منداڵی من نییە، هی من نییە! (گوێی لە منداڵەکان دەبێ بانگ دەکەن). منداڵان، چییە؟

دەنگ:

ئەمانە سەربازن! میخل لەگەڵ خۆیان دەبەن!

(گروشە حەپەساوە. دوو سەربازی زرێپۆش بەرەو ڕووی دێن، میخلیان بە دەستەوەیە).

سەربازێکی زرێپۆش:

تۆ گروشەی؟ (گروشە سەر دەلەقێنێ). ئەمە منداڵی تۆیە؟

گروشە:

بەڵێ. (سیمۆن دەڕوا) سیمۆن!

سەربازی زرێپۆش:

ئێمە فەرمانی دادگامان پێیە، ئەم منداڵەی لە سەرپەرشتی تۆدا

بینیمانەوە، بەرین بۆ شار، چونکە گومان دەکرێ، ئەمە میخل ئەباشڤیلی بێ، کوڕی شاردار گیۆرگی ئەباشڤیلی و ناتێلا ئەباشڤیلی ژنی. ئەمە کاغەزەکەیە بە مۆرەکانەوە.

(منداڵەکە لەگەڵ خۆیاندا دەبەن).

گروشە:

(بە دوایاندا ڕادەکا، بە دەم هاوار کردنەوە). تکایە لێرە بەجێی بهێڵن، منداڵی منە!

گۆرانیبێژ:

سوارە زرێپۆشەکان منداڵە بە نرخەکە لەگەڵ خۆیان دەبەن،

بەدبەختەکە بۆ شارە پڕ مەترسییەکە بە دوایان کەوت.

دایکە ڕاستەقینەکەی داوای منداڵەکەی کردەوە.

لەلەکەی درایە دادگا.

کێ بڕیاری ئەم حاڵە دەدا، منداڵەکە بەر کێ دەکەوێ؟

دادوەر کێ دەبێ، یەکێکی باش، یاخود خراپ؟

شار دەسووتا. ئازداک لە سەر کورسی دادوەر دانیشتبوو.

٥

چیرۆکی دادوەرەکە

گۆرانیبێژ:

ئێستا گوێ لە چیرۆکی دادوەرەکە بگرن:
چۆن بووە دادوەر، چۆن حوکمی دەدا، چۆن دادوەرێک بوو.
لە یەکشەمەی جەژنی ڕابوونە گەورەکەدا،
کاتێ میری گەورە ڕووخێنراو
ئەباشڤیلی شاردار، باوکی ئەم منداڵە، بووە قوربانیی
دەفتەرداری گوند ئازداک لە دارستاندا پەناهەندەیەکی دۆزییەوەو
لە کوخەکەی خۆیدا شاردییەوە.

(ئازداک بە شڕەو پڕەوەو مەستە، یارمەتی پەناهەندەیەک دەدا، کە وەکو سواڵکەر خۆی لە بەر کردووە بچێتە کوخەکەوە).

ئەزداک:

فیشکەفیشک مەکە خۆ تۆ ئەسپ نیت. لای پۆلیسیش یارمەتیت نادرێ، ئەگەر تۆ وەکو چڵمێکی نیسان ڕابکەی. پێت دەڵێم، ڕاوەستە. (جارێکی دیکە پەناهەندەکە دەگرێتەوە، کە خەریکە مل دەنێ، وەکو بیەوێ بە نێو دیواری کوخەکەدا مل بنێ). دانیشە نان بخۆ. ئەوە پارچەیەک پەنیرە. (لە سندوقێکەوە لە ژێر شڕەو پڕەدا پەنیرێک دەردەهێنێ و پەناهەندەکە چڵێسانە

دەست بە خواردنی دەکا). لە مێژەوە هیچت نەخواردووە؟ (پەناهەندەکە دەبڵمێنێ). بۆچی وا ڕاتکرد، هەی حیز؟ پۆلیسەکە هەر نەیدەبینیت.

پەناهەندە:

دەبوو.

ئەزداک:

ورە بەردان؟ (پەناهەندە پیرەکە بە بێ ئەوەی لێ تێبگا لێی ورد دەبێتەوە). زراو چوون؟ ترس. هم. وەکو میرێکی گەورە یان وەکو مالۆس مڵچەمڵچ مەکە! من تەحەمولی مڵچەمڵچ ناکەم. مرۆڤ تەنیا دەبێ تەحەمولی بۆگەنێکی خاوەن شکۆ بکا، بەو جۆرەی خوا خوڵقاندوویەتی. نەک تۆ. من لە سەر دادوەرێکم بیست، کە لە بازاڕ لە کاتی نانخواردندا لە بەر ناوابەستەیی تڕی لێداوە. کە لە کاتی خواردندا تەماشای تۆ دەکەم بیرۆکەی ترسناکم بۆ دێ. بۆ هیچ قسە ناکەی؟ (بە توندی): دەستەکانتم پێ پێشاندە! گوێت لێ نییە؟ دەبێ دەستەکانت پێشان بدەی. (پەناهەندەکە بە دوودڵییەوە دەستەکانی بۆ ڕادەگرێ) سپی. تۆ خۆ هەر سواڵکەر نیت! ساختەچێتیی، فێڵێکی گۆڕاو! منیش تۆ وەکو مرۆڤێکی سەرڕاست دەشارمەوە. بەڵام بە ڕاستی بۆ ڕادەکەی، کە تۆ خاوەن موڵکی، چونکە تۆ خاوەن موڵکی، نکۆڵی لێ مەکە، من لە ڕوخسارت دەیبینم هەست بە گوناهباری دەکەی! (هەڵدەستێتە سەر پێ). بۆ دەرەوە! (پەنابەرەکە بە نادڵنیاییەوە سەیری دەکا). چاوەڕوانی چیت، لە جوتیار هەڵدەر؟

پەناهەندە:

ڕاو نراوم، تکای ئاگاداریی تەواوتان دەکەم، پێشنیار دەکەم.

ئەزداک:

دەتەوێ چی بکەی، پێشنیارێک؟ ئەمە چڵەپۆپەی بێشەرمییە! پێشنیارێک دەکا! گازلێگیراو هەتا خوێن لێهاتن پەنجەی خۆی دەخورێنێ، زەرووش پێشنیارێک دەکا. پێت دەڵێم، بۆ دەرەوە!

پەناهەندە:

ڕوانگەت تێدەگەم، قەناعەت. ١٠٠٠٠٠ پیاستەر بۆ شەوێک دەدەم، باشە؟

ئەزداک:

چی، دەتەوێ بڵێی، تۆ دەتوانی بمکڕی؟ بۆ ١٠٠٠٠٠ پیاستەر؟ زەویوزارێکی پەرپووت. با بڵێین ١٥٠٠٠٠ کوا پارەکەت؟

پەناهەندە:

بێگومان پێم نین، بۆمی دەنێرن، هیوادارم بەدگومان نەبن.

ئەزداک:

بە قووڵیی بەدگومانم. بۆ دەرەوە!

(پەناهەندەکە هەڵدەستێ و بۆ دەرگاکە مل دەنێ. دەنگێک لە دەرەوە).

دەنگ:

ئەزداک!

(پەناهەندەکە دەگەڕێتەوە، بۆ گۆشەکەی پێچەوانە مل دەنێ، دەوەستێ).

ئەزداک:

(دەقیژێنێ): من کاتی قسەکردنم نییە. (دەچێتە بەردەم دەرگاکە). دیسان سیخوڕیی دەکەی، شاوڤا؟

شاوڤای پۆلیس:

(لە دەرەوە، بە سەرکۆنەکردنەوە): تۆ دیسان کەروێشکێکت گرتووە، ئازداک. تۆ گفتت پێدام، کە ئیتر شتی وا ڕوو نادا.

ئەزداک:

(بە توندی): باسی شتگەلێک مەکە، کە تۆ لێیان تێناگەی، شاوڤا. کەروێشک گیانەوەرێکی مەترسیدارو زیانبەخشە، کە ڕووەکەکان دەخوا، بە تایبەتی ئەوەی پێی دەوترێ گژوگیا، لە بەر ئەوەیشە دەبێ قەلاچۆ بکرێ.

شاوڤا:

ئەزداک، هێندە لەگەڵمدا سامناک مەبە. کارەکەم لە دەست دەدەم ئەگەر دژی تۆ هیچ نەکەم. خۆ من دەزانم تۆ دڵێکی باشت هەیە.

ئەزداک:

من دڵی باشم نییە. چەند جارت پێ بڵێم، کە من مرۆڤێکی ڕۆحانیم؟

شاوڤا:

(فێڵبازانە): ئەزداک من دەزانم. تۆ خۆت دەڵێی، کە تۆ مرۆڤێکی بالادەستی؛ من لێت دەپرسم، وەکو مرۆڤێکی مەسیحی و ناشی: گەر کەروێشکێک لە میر بدزرێت، منیش پۆلیسم، دەبێ چی لەو تاوانبارە بکەم؟

ئەزداک:

شاوڤا، شاوڤا، شەرم بکە! لێرە وەستاوی و پرسیارم لێ دەکەی، هیچ شتێکی دیکەیش نییە بتوانێ لە پرسیار فریودەرتر بێ. وەکو تۆ ژنێک بی، بۆ نموونە نونۆڤنا، ئەو مەخلوقە خراپە و وەکو نونۆڤنا ڕانتم پیشان دەدەی و لێم دەپرسی، چی لە ڕانم بکەم، ڕانم گازم لێ دەگرێ، ئەمە بێگوناهانەیە کە نۆنۆڤنا دەیکا؟ نەخێر، من کەروێشکێک دەگرم، بەڵام تۆ مرۆڤێک دەگری. مرۆڤ لە نموونەی وێنەی مرۆڤ کراوە، بەڵام کەروێشک نەء، تۆ ئەمە دەزانی. من کەروێشکخۆرم، بەڵام تۆ مرۆڤخۆری، شاوڤا، خودا دادوەریی ئەمە دەکا. شاوڤا، بڕۆرەوە بۆ ماڵەوەو پەشیمان ببەرەوە. نەخێر، ڕاوەستێ، لەوانەیە ئەمە شتێک بێ بۆ تۆ. (سەیرێکی پەناهەندەکە دەکا، کە وەستاوەو هەڵدەلەرزێ). نەخێر، نەء، هیچ نییە. بڕۆرەوە بۆ ماڵەوەو پەشیمان ببەرەوە. (دەرگاکەی بە ڕوودا دادەخا. بە پەناهەندەکە): ئێستا پێت سەیرە، وا نییە؟ کە نەتمدایە دەستەوە. بەڵام من ناتوانم هەتا مێرووییەک بدەمە دەستی ئەم گیانەوەرەوە، بێزم لێ دەبێتەوە. لە بەردەم پۆلیس هەڵمەلەرزە. هێندە پیرو هێندە ترسەنۆک. پەنیرەکەت تەواو کە، بەڵام وەکو پیاوێکی هەژار، ئەگینا دەتگرن. دەبێ پێشانیشت دەم، پیاوێکی هەژار چۆن ڕەفتار دەکا؟ (فشاری دەخاتە سەر بۆ دانیشتن و دیسان پارچە پەنیرەکە دەداتەوە دەستی). سندووقەکە مێزە. مەچەکەکانت بخەرە سەر مێزەکە و، ئێستا گەمارۆی پەنیری سەر قابەکە بدە، وەکو یەکێک لە هەموو چاوترووکانێکدا بیەوێ لێت بەرێ، چۆن دەتەوێ دڵنیا بی؟

چەقۆکە وەکو داسێکی زۆر بچووک هەڵگرە ئەوەندە چڵێسانە سەیری پەنیرەکە مەکە، پتر بە خەمباری سەیری کە، چونکە لە دەست دەچێ، وەکو هەموو شتە جوانەکان. (سەیری دەکا). بە دواتەوەن، ئەمە بۆ تۆ باشە، تەنیا من چۆن بزانم، کە لە تۆدا بە سەهوودا نەچوون؟ جارێکیان لە تیفلیس خاوەن موڵکێکیان هەڵواسی، تورکێک بوو.. توانی بۆیان بسەلمێنێ، کە جوتیارەکانی چوار پارچە کردووە، نەوەکو دوو پارچە وەکو نەریت بوو، بە زۆر دوو قات لەوانی دیکە باجی لێ سەندبوون، بەپەرۆشیی لە سەرووی هەموو گومانێکەوە بوو، بەڵام وەکو تاوانبارێک هەر هەڵیان واسی، تەنیا لە بەر ئەوەی تورک بوو، خۆ خەتای ئەم نەبوو کە تورکە، نادادپەروەرییە. بە ڕێکەوت و بە ناحەق گەیەنرایە سێدارە. بە کورتی: من متمانەم پێت نییە.

گۆرانیبێژ:

بەوجۆرە ئەزداک داڵدەیەکی شەوانەی دایە سواڵکەرە پیرەکە.
بیستی، کە میری گەورە خۆیەتی، میری خنکێنەر
شەرمی کرد، گلەیی لە خۆی کرد، فەرمانی بە پۆلیسەکە کرد
بۆ نوخای بەرێ، بۆ بەردەم دادگا، بۆ حوکمدان.

(لە حەوشەی دادستاندا سێ سواری زرێپۆش هەڵتروشکاون و دەخۆنەوە. لە بەردەم کۆڵەکەیەکدا پیاوێک هەڵواسراوە کە جبەی دادوەری لە بەردایە. ئەزداک دێتە ژوورەوە، کۆت و زنجیری لە دەستدایەو شاوڤا بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ).

ئەزداک:

(دەقیژێنێ): من یارمەتی میری گەورە، دزی گەورە، خنکێنەری

گەورەم دا تا هەڵبێت! من داوای حوكمێكی تیژ لە
دادگاكارییەكی گشتیدا دەكەم. بە ناوی دادپەروەرییەوە!

سواری زرێپۆشی یەكەم:

ئەمە چەند تەیرێكی سەیرە؟

شاوڤا:

ئەمە ئەزداكی نووسكارمانە.

ئەزداك:

من سووكم، من خائینم، من بەرپرسیارم! هەوڵبدەن، پۆلیس،
من خۆم داوام كرد، كە لە كۆت و زنجیردا بۆ پایتەخت بهێنرێم،
لە بەر ئەوەی من بە هەڵە داڵدەی میری گەورە یان باشترە
بڵێین ساختەچی گەورەم دا، وەكو من لە ڕێی ئەم بەڵگەنامەیەی
لە كوخەكەمدا دۆزیمەوە، لە دواییدا بۆم ڕوون بووەوە. (سوارە
زرێپۆشەكان بەڵگەنامەكە دەخوێننەوە. بە شاوڤا): ئێوە ناتوانن
بخوێننەوە. سەیر كە، بەرپرسیارەكە خۆی شكات لە خۆی
دەكا! هەواڵ بدە، چۆن من تۆم ناچاركرد، نیوەی شەو لەگەڵ
مندا بۆ ئێرە بێی، بۆ ئەوەی هەموو شتێك ڕوون ببێتەوە.

شاوڤا:

هەموو شتێك بە هەڕەشە، ئەزداك ئەمە جوان نییە بۆ تۆ.

ئەزداك:

كەڵبەت داخە، شاوڤا، تۆ لەمە تێناگەی. سەردەمێكی نوێ
هاتووە، كە بە سەر تۆدا گرمەی دێ، تۆ حاڵت شڕە، پۆلیس لە
ناو دەبرێن، پففت. لە هەموو شتێك دەكۆڵرێتەوە، پەردەی لە
سەر هەڵدەدرێتەوە. باشتر وایە خەڵكی لە خۆوە خۆی ئاشكرا

بكا، لە بەر چی، ناتوانێ لە دەستی گەل قورتاری بێ. پێیان
بڵێن، چۆن من بە ناو كۆڵانی پینەدۆزاندا هاوارم دەكرد.
(دیسان بە دەست بادانێكی زۆرەوە هاوار دەكا، بە گۆشەی
چاو سەیری سوارە زرێپۆشەكان دەكا). «من لە بێئاگاییەوە
هێشتم ئەو كەڵەكبازە دەربازی بێ، براینە، پارچە پارچەم
كەن!» بۆ ئەوەی پێش هەموو شتێك بكەوم.

یەكەم سواری زرێپۆش:

ئەی چۆن وەڵامیان دایتەوە؟

شاوڤا:

لە كۆڵانی قەسابەكان دڵنەواییان كرد و لە كۆڵانی پینەدۆزەكان
هەتا سكیان كەوتە ئێش پێی پێكەنین، ئەمە هەموو شتێك بوو.

ئەزداك:

بەڵام لای ئێوە بە شێوەیەكی ترە، من دەزانم، ئێوە ئاسنین.
براینە، دادوەرەكە لە كوێیە، من دەبێ لێم بكۆڵرێتەوە.

یەكەم سواری زرێپۆش:

ئەوە دادوەرەكەیە. واز بێنە لەوەی، ئێمە بكەیتە برا، ئەو
گوێیەمان ئەمڕۆ ئێوارە هەستەوەرە.

ئەزداك:

«ئەوە دادوەرەكەیە» ئەمە وەڵامێكە كە مرۆڤ هەتا ئێستا لە
گروزنیا هەرگیز گوێی لێنەبووە. شارییەكان، جەنابی شارداری
خاوەن شكۆ لە كوێیە؟ (دەست بۆ سێدارەكە درێژ دەكا):
خاوەن شكۆی لێرەیە، نامۆ. سەرۆك باجگر لە كوێیە؟
سەربازگری دەفتەردار؟ سەرۆك كەشیشان؟ بەڕێوەبەری

پۆلیس؟ لێرە، لێرە، لێرە، هەموویان لێرەن. برایان، ئەمە ئەوەیە، کە من لێتان چاوەڕوان بووم.

دووەم سواری زرێپۆش:

ڕاوەستێ! چاوەڕانی چیت دەکرد، تەیرۆکە؟

ئەزداک:

چی لە وڵاتی فارسان ڕوویدا، برایان، چی لە وڵاتی فارساندا ڕوویدا.

دووەم سواری زرێپۆش:

ئەی چی لە وڵاتی فارسان ڕوویداوە؟

ئەزداک:

پێش ٤٠ ساڵ. هەموویان، هەڵواسران، وەزیرەکان، باجگرەکان، باپیرم، مرۆڤێکی سەیر بوو، بە چاوی خۆی بینیبووی. سێ ڕۆژ، لە هەموو شوێنێ.

دووەم سواری زرێپۆش:

ئەی کە وەزیر هەڵواسرا کێ حوکمی دەکرد؟

ئەزداک:

جوتیارێک.

دووەم سواری زرێپۆش:

ئەی کێ فەرماندەیی لەشکری دەکرد؟

ئەزداک:

سەرباز، سەربازێک.

دووەم سواری زرێپۆش:

ئەی کێ مووچەی دەدا؟

ئەزداک:

خومگەرێک، خومگەرێک مووچەی دەدا.

دووەم سواری زرێپۆش:

ئەی کێ دەڵێ مافوورچنێک نەبووە؟

یەکەم سواری زرێپۆش:

ئەی بۆ ئەو هەموو شتانە ڕوویانداوە، فارسی!

ئەزداک:

بۆچی هەموو ئەو شتانە ڕوویانداوە؟ گوایە ئەمە پێویستی بە هۆی تایبەتە؟ بۆ تۆ خۆت دەخورێنی، برا؟ جەنگ! جەنگی درێژ خایەن! نا دادپەروەریی! باپیرم گۆرانییەکی لەگەڵ خۆی هێناوە، گۆرانییەکە باسی ئەوە دەکا لەوێ چۆن بووە. من و پۆلیسەکەی هاوڕێکەم، بۆتانی دەڵێین. (بە شاوڤا): گوریسەکە باش بگرە، ئەمە لەگەڵی دەگونجێ.

(گۆرانی دەڵێ، شاوڤا گوریسەکەی بە دەستەوەیە):

بۆچی کوڕەکانمان ئیتر خوێنیان لێ نایە،
کچەکانمان ئیتر ناگرین؟
بۆچی تەنیا گوێرەکەکان لە قەسابخانە خوێنیان هەیە؟
بۆچی تەنیا دار بییەکانی کەناری گۆلی ورمێ فرمێسکیان هەیە؟
پادشای مەزن دەبێ دەڤەری تازەی هەبێ،

جوتیار دەبێ پارەی شیرەکەی ڕادەست بکا.

بۆ ئەوەی سەربانی دنیا داگیر بکرێ،

سەربانی کوخەکان هەڵدەگیرێن.

پیاوەکانمان بە هەر چوار ئاڕاستەدا پەلکێش دەکرێن،

بۆ ئەوەی ئەوانەی سەرەوە لە ماڵەوە بتوانن نان بخۆن

سەربازەکان یەکتری دەکوژن، سەرلەشکرەکان سڵاو لە یەکتر دەکەن.

گاز لە قروشی باجی بێوەژن دەگیرێ بزانن قەڵب نییە.

شمشێرەکان دەشکێن.

ئەم جەنگە دۆڕاوە، بەڵام پارەی کڵاوخودەکان دراوە.

وا نییە؟ وا نییە؟

شاوڤا:

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، وایە.

ئەزداک:

دەتانەوێ تا کۆتایی گوێتان لێ بێ؟

(سەربازی یەکەم سەری دەلەقێنێ).

سەربازی زرێپۆشی دووەم:

(بە پۆلیسەکە): ئەو گۆرانییەکەی فێر کردووی؟

شاوڤا:

بەڵێ. تەنیا من دەنگم خۆش نییە.

سەربازی دووەمی زرێپۆش:

نەخێر. (بە ئەزداک): لە گۆرانی وتن بەردەوامبە.

ئەزداک:

کۆپلەی دووەم باسی ئاشتیی دەکا.

(گۆرانی دەڵێ):

فەرمانگەکان پڕاو پڕن، فەرمانبەران هەتا سەر شەقامەکان دانیشتوون.

ڕووبارەکان دەڕژێنە سەر کەنارەکەو کێڵگەکان وێران دەکەن.

ئەوانەی خۆیان ناتوانن پانتۆڵەکانیان داکەنن، حوکمی دەوڵەمەندەکان دەکەن.

ناتوانن هەتا چوار بژمێرن، بەڵام چوار بەشە ژەم نان دەخۆن.

جوتیارانی گەنمەشامی بە دوای کڕیاردا دەگەڕێن، تەنیا برسی دەبینن.

تەونکارەکان بە شڕەو پڕەوە تەونەکان بە جێ دەهێڵن

وایە؟ وایە؟

شاوڤا:

بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، وایە.

ئەزداک:

لە بەر ئەوە کوڕەکانمان ئیتر خوێنیان ناڕژێ، ئیتر کچەکانمان ناگرین.

لە بەر ئەوە تەنیا گوێرەکە لە قەسابخانە خوێنی هەیە.

تەنیا لەوەڕەگاکان بە بەیانیان لە سەر گۆمی ورمێ فرمێسکیان هەیە.

یەکەم سەربازی زرێپۆش:

(پاش وچانێک): دەتەوێ ئەم گۆرانییە لێرە لە شار بڵێی؟

ئەزداک:

چی خەوشێکی تێدایە؟

یەکەم سەربازی زرێپۆش:

ئەو ڕەنگە سوورە لەوێ دەبینی؟ (ئەزداک سەیری دەوروبەری خۆی دەکا). سووریی سووتماکێک بە ئاسمانەوەیە. ئەوە لە قەراغی شارە. کاتێ کازبێکی میر ئەمرۆ بەیانی فەرمانی دا ملی ئەباشڤیلی شاردار بپەڕێنن، مافوورچنەکانمانیش تووشی «نەخۆشی فارسی» بوون و پرسییان، ئایا کابێکی میریش بەشە ژەمێکی زۆر ناخوا. ئەمجا ئەمرۆ نیوەڕۆیش دادوەری شاریان هەڵواسی. بەڵام ئێمە هەر مافوورچنێکمان بە دوو پیاستەر کردە ئاردەوا، تێدەگەی؟

ئەزداک:

(پاش وچانێک): تێدەگەم.

(بە ترسەوە سەیریان دەکاو دوور دەکەوێتەوە، بەرەو کەنار، لە سەر زەوییەکە دادەنیشێ و سەری دەخاتە نێو دەستەکانییەوە).

یەکەم سواری زرێپۆش:

(دوای ئەوەی هەموو خواردیانەوە، بە سێیەم سەرباز): ئاگادار بە ئێستا چی دێت. (یەکەم و دووەم سواری زرێپۆش بەرەو ئەزداک دەچن، دەرگای چوونە دەرەوەی لێ دەگرن).

شاوڤا:

گەورەکانم، من لەو بڕوایەدا نیم، کە ئەو ڕاستەوخۆ مرۆڤێکی خراپ بێ. کەمێک مریشک دەدزێ و لێرەو لەوێ لەوانەیە کەروێشکێک بدزێ.

دووەم سواری زرێپۆش:

(دەچێ بۆ لای ئەزداک): تۆ هاتووی بۆ ئێرە، کە بتوانی لە ئاوی لێخندا ماسی بگری، وا نییە؟

ئەزداک:

(سەری بەرز دەکاتەوەو سەیری دەکا): من نازانم بۆچی هاتووم بۆ ئێرە.

دووەم سواری زرێپۆش:

تۆ یەکێکی کە لەگەڵ مافوورچنەکان دەستت تێکەڵە؟ (ئەزداک سەری ڕادەوەشێنێ). ئەی ئەو گۆرانییە چییە؟

ئەزداک:

لە باپیرەمەوە بۆم ماوەتەوە. مرۆڤێکی گەمژەی هیچ نەزان.

دووەم سواری زرێپۆش:

ڕاستە. ئەی ئەو خومگەرە چییە، کە مووچە دەدا؟

ئەزداک:

ئەوە لە وڵاتی فارس بوو.

یەکەم سواری زرێپۆش:

ئەی ئەو خۆ خەتابارکردنە چییە، کە تۆ میری گەورەت بە دەستی خۆت هەڵنەواسیوە؟

ئەزداک:

خۆ پێم وتن، کە بەرەڵام کرد؟

شاوڤا:

من شایەتی دەدەم، بەرەڵای کرد.

(سوارە زرێپۆشەکان ئازداک بۆ سێدارەکە پەلکێش دەکەن، ئەزداک هاوار دەکا. ئەمجا بەرەڵای دەکەن و تۆقێنەر پێدەکەنن. ئەزداک پێکەنینەکەی تێکەڵی پێکەنینەکەی ئەوان دەکاو لە هەموویان بەرزتر پێدەکەنێ. ئەمجا کۆت و زنجیرەکەی لێ دەکرێتەوە. هەموو دەست بە خواردنەوە دەکەن. میرە قەڵەوەکە لەگەڵ کوڕێکی گەنج دێتەوە ژوورێ).

یەکەم سواری زرێپۆش:

(بە ئەزداک) ئەوا سەردەمە نوێیەکەت دەست پێدەکا.

(دیسان پێکەنین).

میرە قەڵەوەکە:

هاوڕێیانم، لێرەدا چی هۆیەک بۆ پێکەنین هەیە؟ مۆڵەتی وشەیەکی جیدیم پێ بدەن. میرەکانی گروزنیا دوێنێ بەیانی حکومەتە بۆ جەنگ چڵێسەکەی میری گەورەیان ڕووخاندو شاردارەکانیان لە ناو برد. بە داخەوە میری گەورە خۆی هەڵاتووە. لەم کاتە کارەساتئامێزەدا مافوورچنە هەمیشە نائارامەکانمان پرکێشییان کرد، ڕاپەڕینێک بەرپا بکەن و دادوەری لای هەموو کەس خۆشەویستمان ئیلۆ ئۆبەلیانی بە نرخمان هەڵواسن. پەح، پەح، پەح. هاوڕێیانم، ئێمە

پێویستمان بە ئاشتی، ئاشتی، ئاشتییە لە گروزنیا. دادپەروەرییش! من بیزەرگان کازبێکی، برازای خۆشەویستم هێناوە، مرۆڤێکی بەهرەوەر، دەبێ ببێتە دادوەری نوێ. من دەڵێم: بڕیار لە لای گەلە.

یەکەم سواری زرێپۆش:

ئەمە واتە ئێمە دادوەر هەڵدەبژێرین؟

میرە قەڵەوەکە:

دروستە. گەل مرۆڤێکی بەهرەدار دادەنێ. هاوڕێیان ڕاوێژکاریی بکەن. (لە کاتێکدا سوارە زرێپۆشەکان سەر بە یەکەوە دەنێن): ڕێوی بێدەنگ بە، شوێنەکە هی تۆیە. کە میری گەورە دەستگیر کرا، پێویستمان بەوە نامێنێ مەرایی بۆ ئەم هەرچی و پەرچییانە بکەین

سوارە زرێپۆشەکان:

(لە نێوان خۆیاندا): خۆیان پیس کردووە، لە بەر ئەوەی میری گەورەیان هێشتا نەگرتووە. ئێمە قەرزارباری ئەم میرزای گوندەین، ئەو بەرەڵای کرد. هێشتا هەست بە دڵنیایی ناکەن، هێشتا دەڵێن «هاوڕێکانم» و «بڕیار لە لای گەلە». ئێستا تەنانەت دادپەروەری بۆ گروزنیا دەوێ. بەڵام هارکردن هارکردنەو ئەمە دەبێتە هارکردن. ئێمە لە میرزای گوند دەپرسین، ئەو هەموو شتێک دەربارەی دادپەروەری دەزانێ. تۆ، ناڕەسەن، برازات وەکو دادوەر دەوێ؟

ئەزداک:

مەبەستتان منە؟

یەکەم سواری زرێپۆش:

(درێژەی پێدەدا): برازات وەکو دادوەر دەوێ؟

ئەزداک:

لە من دەپرسن؟ ئێوە لە من ناپرسن، وا نییە؟

یەکەم سواری زرێپۆش:

بۆ نا؟ وا دەزانی هەمووی بۆ نوکتەیە!

ئەزداک:

من وا لێتان تێدەگەم، کە ئێوە دەتانەوێ هەتا ڕەگەموو لێی بکۆڵنەوە. قسەکەم ڕاستە؟ تاوانبارێکتان وەکو یەدەک هەیە، کە وەکو پاڵێوراو پیشانی بدا چی دەتوانێ بکا، یەکێکی دنیادیدە؟

یەکەم سواری زرێپۆش:

با ببینین. ئێمە دوو دکتۆرە دەڵەژنەکەی شاردارمان لە خوارەوە لە لایە. ئەوانە دێنین.

ئەزداک:

ڕاوەستێ، ئەمە نابێ، ئێوە نابێ تاوانباری ڕاستەقینە بهێنن، ئەگەر دادوەر دانەنرابێ. با گامێشێکیش بێ، بەڵام دەبێ دانرابێ، ئەگینا یاسا دەشکێنرێ، کە بوونەوەرێکی زۆر هەستەوەرە، وەکو زراو، کە هەرگیز نابێ بە مست لێی بدرێ، ئەگینا مەرگ دێتە ئاراوە. ئێوە دەتوانن هەردووکیان هەڵواسن، بەمە هەرگیز ناتوانرێ یاسا پێشێل بکرێ، لە بەر ئەوەی دادوەر ئامادە نییە. حوکم دەبێ هەمیشە لە جیدیەتێکی سەرو مەردا بدرێ، ئەوەندە کاڵفامییە. ئەگەر بۆ نموونە دادوەرێک سزایەک بۆ ژنێک دەبڕێتەوە، لە بەر ئەوەی نانێکی گەنمەشامی

بۆ منداڵەکەی دزیوە و دادوەر جبەکەی لە بەر نییە یان لە کاتی حوکمدانەکەدا خۆی دەخورێنێ، بە جۆرێکی سێیەکی جەستەی ڕووت بێ، واتا، دەبێ ئەمجا ڕانی بخورێنێ، ئەمجا ئەو حوکمە شەرمەزارییەو یاسا پێشێل کراوە. پتر جبەیەکی دادوەرو شەپقەیەکی دادوەر دەتوانن حوکم بدەن وەکو لە مرۆڤێکی بە بێ هەموو ئەم شتانە. ئەگەر ئاگادار نەبن، یاسا وەکو هیچ دەفەوتێ. ئێوە دۆلکەیەک شەراب بەوە تاقی ناکەنەوە کە بیدەن بە سەگێک، لە بەر ئەوەی کە شەرابەکە دەفەوتێ.

یەکەم سواری زرێپۆش:

ئەی مشتومڕ کەر، پێشنیاری چی دەکەی؟

ئەزداک:

من خۆم دەکەمە شکات لێکراویش. من دەیشزانم چۆن شکات لێکراوێک. (شتێک بە گوێیاندا دەچرپێنێ).

یەکەم سوار ی زرێپۆش:

تۆ؟

(هەموو زۆر بە دەنگی بەرز پێدەکەنن).

میرە قەڵەوەکە:

بڕیاری چیتان دا؟

یەکەم سواری زرێپۆش:

بڕیارمان دا کە پرۆڤەیەک بکەین. ئەم هاوڕێ باشەمان دەوری شکات لێکراو دەبینێ، ئەمەیش کورسییەکی دادوەرە بۆ پاڵێوراوەکەمان.

میرە قەڵەوەکە:

ئەمە نائاساییيە، بەڵام بۆچی نا؟ (بە برازاکەی): ڕێوی، تەنیا شتێکی شکلییە. چی فێر بووی، کێ هاتووە، ئەوەی لە سەر خۆ ڕادەکا، یان ئەوەی خێرا ڕادەکا؟

برازا:

مامە ئەرسن، ئەوەی بە ئەسپایی دێ.

(برازا لە سەر کورسییەکە دادەنیشێ، میرە قەڵەوەکە لە پشتییەوە ڕادەوەستێ. سوارە زرێپۆشەکان لە سەر پلیکانەکە دادەنیشن و، ئەزداک دێتە ژوورێ و وەکو ڕۆیشتنی دیاری میری گەورە دەڕوا).

ئەزداک:

یەکێک لێرەیە کە بمناسێ؟ من میری گەورەم.

میرە قەڵەوەکە:

ئەو چییە؟

دووەم سواری زرێپۆش:

میری گەورە. بە ڕاستی دەیناسێ.

میرە قەڵەوەکە:

باشە.

یەکەم سوار ی زرێپۆش:

با دادوەرییەکە دەست پێبکا.

ئەزداک:

وەکو بیستوومە، لە بەر شەڕ هەڵگیرساندن شکاتم لێ کراوە.

مایەی پێکەنینە. دەڵێم: مایەی پێکەنینە. ئەمە بەسە؟ ئەگەر ئەمە بەس نییە، پارێزەرم لەگەڵ خۆم هێناوە، وا بزانم ٥٠٠ (دەست بۆ پشتەوەی خۆی ڕادەکێشێ، وەکو پارێزەرێکی زۆری بە دەورەوە بێ) هەموو جێی دانیشتنەکانی هۆڵەکەم بۆ پارێزەرەکان دەوێ. (سوارە زرێپۆشەکان پێدەکەنن؛ میرە قەڵەوەکەیش لەگەڵیاندا پێدەکەنێ).

برازا:

(بە سوارە زرێپۆشەکان): دەتانەوێ من دادوەریی ئەم کەیسە بکەم؟ دەبێ بڵێم، کە من بە لای کەمەوە شتێک نائاسایی دەبینم، مەبەستم لە گۆشەنیگای زەوقەوە.

یەکەم سواری زرێپۆش:

دەست پێکە.

میرە قەڵەوەکە:

(بە زەردەخەنەوە): سزای بدە، ڕێوی.

برازا:

باشە. گەلی گروزنیا دژی میری گەورە، چیتان هەیە بیخەنە بەرچاو، شکات لێکراو؟

ئەزداک:

زۆر شت. بێگومان خۆم خوێندمەوە کە لە جەنگدا دۆڕاوین. کاتی خۆی من جەنگم بە ئامۆژگاریی نیشتمان پەروەری وەکو مامە کازبێکی جاڕ دا. وەکو شایەد دەکەم بانگی مامە کازبێکی دەکەم. (سوارە زرێپۆشەکان پێدەکەنن).

میره قەڵەوەکە:

(بە سوارە زرێپۆشەکان، بە ڕووخۆشییەوە): توخمێکی نایابە، وا نییە؟

برازا:

داواکارییەکەت ڕەت کرایەوە. بێگومان ناتوانرێ شکاتت لێ بکرێ، لە بەر ئەوەی جاڕی جەنگت داوە، کە هەموو دەستەڵاتدارێک جارو بار دەیکا، بەڵکو لە بەر ئەوەی خراپ بەرپات کرد.

ئەزداک:

قسەی قۆڕ. من هەر بەرپام نەکردووە. من وام کرد لە لایەن میرەکانەوە بکرێ. بێگومان ئەوان تێکیان دا.

برازا:

نکۆڵی لەوە دەکەن، سوپاسالار بووبن؟

ئەزداک:

بە هیچ جۆرێک. هەمیشە سوپاسالار بوومە. لە کاتی لەدایکبوونمدا فەرمانم بە مامانەکەم کردووە. پەروەردە کراوم، لە ئاودەست پیسایی بکەم. وا ڕاهاتووم فەرمان بکەم، هەمیشە فەرمانم بە سەر کارمەنددا کردووە، قاسەکانم بدزن. تەنیا کاتێک ئەفسەر لە سەرباز دەدا، کە فەرمان بکەم، خاوەن مولک تەنیا کاتێک لەگەڵ ژنی وەرزێردا دەنوێ، کە بە توندی فەرمان بدەم. مامە کازبێکی تەنیا بە فەرمانی من ورگی هەیە.

سوارە زرێپۆشەکان:

(چەپڵە لێدەدەن) چەند باشە. بژی میری گەورە!

میره قەڵەوەکە:

ڕێوی، وەڵامی بدەرەوە! من لە پشتتم.

برازا:

من وەڵامی دەدەمەوە، بە جۆرێک شایانی شەرەفی دادگا بێ. شکات لێکراو، شەرەفی دادگا بپارێزە.

ئەزداک:

قبووڵمە. فەرمانیان پێ بدە درێژە بە پرسیارو وەڵام بدەن.

برازا:

ئێوە فەرمان بە سەر مندا مەکەن. ئێوە بانگەشەی ئەوە دەکەن میرەکان ناچاریان کردی جاڕی جەنگ بدە ی. ئەی چۆن دەتوانی بانگەشەی ئەوە بکەی. کە میرەکان جەنگەکەیان شێواند.

ئەزداک:

خەڵکی تەواویان نەناردووە، لە پارەدا دەست پیس بوون، ئەسپی نەخۆشیان هێناوە، لە کاتی هێرشدا لە فاحیشەخانەدا خواردوویانەتەوە. وەکو شایەد بانگی مامە کاز دەکەم.

(سوارە زرێپۆشەکان پێدەکەنن).

برازا:

دەتانەوێ ئەو لاف و گەزافە زۆر زلە بڵاو بکەنەوە، کە میرەکانی ئەم وڵاتە تێ نەکۆشاون؟

ئەزداک:

نەخێر. میرەکان تێکۆشاون. بۆ ڕێکەوتننامەی کەرەستە و کەل و پەل بە جەنگ گەیاندن تێ کۆشاون.

میرە قەڵەوەکە:

(هەڵدەستێ) ئەم قسانە زۆرن. ئەو پیاوە وەکو مافوورچن قسە دەکا.

ئەزداک:

بە ڕاستی؟ من تەنیا ڕاستیی دەڵێم!

میرە قەڵەوەکە:

هەڵی واسن! هەڵی واسن!

یەکەم سواری زرێپۆش:

هەمیشە بە هێمنیی. بەردەوام بە، خاوەن شکۆ.

برازا:

بێدەنگیی! ئێستا حوکمەکە جاڕ دەدەم: دەبێ هەڵواسرێی. بە مل. جەنگتان دۆڕاندووە. حوکمەکە درا. بە بێ هەڵوەشانەوە.

میرە قەڵەوەکە:

(شێتگیرانە): بیان بەن! بیان بەن! بیان بەن!

ئەزداک:

کوڕی گەنج، بە جیدی ئامۆژگاریتان دەکەم لە شوێنی گشتیدا نەکەونە زیقەزیق و قسە بزرکاندن و قرتاندن. ناتوانن وەکو سەگی پاسەوان دامەزرێنرێن، ئەگەر وەکو گورگ بلوورێن. تێگەیشتی؟

میرە قەڵەوەکە:

هەڵی واسن!

ئەزداک:

ئەگەر خەڵکەکە هەست بکەن، کە میرەکان هەمان زمانی میری

گەورە قسە دەکەن، میری گەورەو میرەکانیش هەڵدەواسن. حوکمەکە هەڵدەوەشێنمەوە. هۆ: جەنگ دۆڕاوە، بەڵام نەوەک بۆ میرەکان. میرەکان جەنگی خۆیان بردووەتەوە. ٣٨٦٣٠٠٠ پیاستەریان بۆ ئەسپ وەرگرتووە، بەڵام ئەسپەکانیان نەگەیاندووە.

میرە قەڵەوەکە:

هەڵیان واسن!

ئەزداک:

٨٢٤٠٠٠٠ پیاستەر بۆ خواردەمەنی سەرباز، کە بە جێ نەهێنراوە.

میرە قەڵەوەکە:

هەڵیان واسن!

ئەزداک:

کەواتە براوەن. جەنگ تەنیا بۆ گروزنیا دۆڕاوە، کە لە بەردەم دادگادا ئامادە نییە.

میرە قەڵەوەکە:

هاوڕێیان، من لەو بڕوایەدام ئەمە بەس بێ. (بە ئەزداک): تۆ دەتوانی بڕۆی، کەڵەکباز. (بە سوارە زرێپۆشەکان): هاوڕێیان، لەو بڕوایەدام، ئێستا ئێوە دەتوانن دادوەرە نوێیەکە بسەلمێنن.

یەکەم سواری زرێپۆش:

بەڵێ، دەتوانین. جبەی دادوەرەکە بێنینە خوارێ. (یەکێکیان دەچێتە سەر پشتی ئەوی دیکەو جبەکە لە بەر هەڵواسراوەکە دادەپچڕێ). ئەی ئێستا- بە برازا- تۆ لاچۆ، بۆ ئەوەی لە سەر

کورسی ڕاست قوونی ڕاست دانیشێ. (بە ئازداک) تۆ وەرە پێشەوە، لە سەر کورسی دادوەر دانیشە. (ئەزداک دوودڵە). لە سەری دانیشە، مرۆڤ. (سوارە زرێپۆشەکان بە پاڵ ئازداک دەخەنە سەر کورسییەکە). هەمیشە دادوەر کەسێکی ناڕەسەن بووە، ئێستاش دەبێ دادوەر ناڕەسەنێک بێت. (جبەی دادوەری دەدەن بە سەر شاندا، سەبەتەیەکی دەکەنە سەر). سەیر کەن، چۆن دادوەرێکە!

گۆرانی بێژ:

وڵات لە شەڕی برا کوژیدا بوو، فەرمانڕەوا دڵنیا نەبوو.
سوارە زرێپۆشەکان ئەزداکیان کردە دادوەر.
ئەزداک بۆ دوو ساڵ بووە دادوەر.

گۆرانیبێژ لەگەڵ مۆسیقا ژەنەکانیدا:

کاتێ ئاگرە گەورەکان نێڵەیان دەهات و
شارەکان شەلاڵی خوێن بوون
لە قووڵاییەوە جاڵجاڵۆکەو سیسارک دەردەچوون.
لە بەردەم دەروازەی تەلاردا قەسابێک وەستابوو
لە میحرابدا کافرێک
لە جبەی دادوەریشدا ئەزداک دانیشتبوو.

(ئەزداک لە سەر کورسی دادوەری دانیشتووە، سێو پاک دەکا. شاوڤا بە گسک هۆڵەکە پاک دەکاتەوە. لە لایەکەوە کەم ئەندامێک لە سەر عەرەبانە، پزیشکە شکات لێکراوەکە و شەلێک جل و بەرگی شڕو وڕی لە بەردایە. لە لایەکەی دیکەوە کوڕێکی گەنج، کە لە بەر گوشار خستنە سەر دراوەتە دادگا.

سوارێکی زرێپۆش بە بەیداخی سواری زرێپۆشییەوە پاسەوانی دەگرێ).

ئەزداک:

بە ڕەچاو کردنی ئەو هەموو کەیسە ئەمڕۆ دادگای باڵا لە یەک کاتدا لە دوو کەیس دەکوڵێتەوە. پێش ئەوەی دەست پێ بکەم ڕاگەیاندنێکی کورت: من وەردەگرم. (دەستی پان دەکاتەوە. تەنیا گوشاردەرەکە پارە دەردەهێنێ و دەیداتێ). ڕێ بە خۆم دەدەم، لایەنێک لە بەر ڕەچاو نەکردنی دادگای باڵا- سەیری کەم ئەندامەکە دەکا- سزا بدەم. (بە پزیشکەکە): تۆ پزیشکی، تۆش-بە کەم ئەندامەکە- داوای لە سەر تۆمار دەکەی. ئایا پزیشکەکە خەتابارە بۆ ئەو بارودۆخەی تۆ؟

کەم ئەندامەکە:

بەڵێ. خەتای ئەو بوو من سەکتەی مێشک لێی دام.

ئەزداک:

ئەمە کەمتەرخەمییە لە پیشەدا.

کەم ئەندامەکە:

لە کەم تەرخەمیی زیاترە. من بۆ خوێندن قەرزم بەم مرۆڤە دا. هەرگیز هیچی لێی نەدایەوە، کاتێ بیستم، کە نەخۆش بە خۆڕایی چارەسەر دەکا، سەکتەی مێشک لێی دام.

ئەزداک:

باشتر. (بە شەلەکە): ئەی تۆ لێرە چیت دەوێ؟

شەلەکە:

گەورەم، من نەخۆشەکەم.

ئەزداک:

ئەو لاقتی چارەسەر کرد؟

شەلەکە:

نەک لاقە ڕاستەکەم. باداریی لە لاقی چەپمدا بوو، من لاقی ڕاستم نەشتەرگەریی کرا، لە بەر ئەوەیە ئێستا دەشەلم.

ئەزداک:

ئەمە بە خۆڕایی بوو؟

کەم ئەندامەکە:

نەشتەرگەرییەکی ٥٠٠ پیاستەری خۆڕایی! بۆ هیچ. بۆ یەک «خوا پاداشتت بداتەوە». من پارەی خوێندنەکەی ئەم مرۆڤەم دا! (بە دکتۆرەکە): لە خوێندنگا فێر بووی، بە خۆڕایی نەشتەرگەریی بکەی؟

پزیشک:

بەڕێز، بە ڕاستی باوە، پێش نەشتەرگەریی حەقدەست وەرگری، لە بەر ئەوەی نەخۆش لە پێش نەشتەرگەریی گوێ ڕایەڵانەتر پارە دەدا وەکو لە دوای نەشتەرگەریی، ئەمە مایەی تێگەیشتنە. لەم حاڵەتەدا من لەو بڕوایەدا بووم، کاتێ کە چووم بۆ نەشتەرگەریی، کە پێشخزمەتەکە پارەکەی وەرگرتووە. من لێرەدا بە هەڵەدا چووبووم.

کەم ئەندام:

بە هەڵەدا چوو بوو! پزیشکێکی باش بە هەڵەدا ناچێ! پشکنین دەکا، پێش ئەوەی نەشتەرگەریی بکا.

ئەزداک:

ئەمە ڕاستە. (بە شاوڤا): کەیسەکەی دیکە چییە، جەنابی داواکاری گشتیی؟

شاوڤا:

(خێرا گسک دەدا): گوشار خستنە سەر.

گوشاربەر:

دادگای باڵا، من بێ تاوانم، من تەنیا ویستم لای ئەو خاوەن موڵکە بزانم ئایا ئەو بە ڕاستی خوشکەزاکەی زۆر گیر کردووە. زۆر میهرەبانانە پێی وتم نەء، وا نییە و پارەکەی دامێ، بۆ ئەوەی خاڵم بتوانێ مۆسیقا بخوێنێ.

ئەزداک:

ئاوها! (بە پزیشکەکە): دکتۆر، تۆ بە پێچەوانەوە ناتوانی هۆیەک بۆ کەمکردنەوە لە سزای تاوانەکەت بهێنیتەوە، وا نییە؟

دکتۆر:

لە باشترین حاڵەتدا، کە هەڵەکردن مرۆڤانەیە.

ئەزداک:

دەزانی کە پزیشکێکی باش هۆشیاری لێپرسراوێتی خۆیەتی، ئەگەر شتەکە پێوەندی بە پارەوە هەبێ؟ لە پزیشکێکەوە بیستم، کە لە ڕێی پەنجەیەکی لە جێ چووەوە ١٠٠٠ پیاستەری دەست کەوتووە، بەوەی کە بۆی دەرکەوتووە پێوەندی بە سووڕی خوێنەوە هەیە، کە پزیشکێکی خراپتر لەوانە بوو نەیبینێ، جارێکی دیکە لە ڕێی چارەسەرێکی وردەوە زراوی ناوەڕاستی

کردە سەرچاوەی زێڕ. دکتۆر، تۆ هیچ هۆیەکی بەخشینت نییە. ئوکسوی گەنم فرۆش کوڕەکەی نارد بۆ خوێندنی پزیشکیی، بۆ ئەوەی فێری بازرگانیی بێ، خوێندنگا پزیشکییەکان لای ئێمە ئەوەندە باشن. (بە گوشاربەرەکە): ناوی خاوەن موڵکەکە چییە؟

شاوڤا:

حەز ناکا ناوی بهێنرێ.

ئەزداک:

کەواتە حوکمەکان دەدەم. گوشار خستنە سەرەکە وەکو سەلماو تەماشا دەکرێ، تۆیش– بە کەم ئەندامەکە– بە ١٠٠٠ پیاستەر سزا دەدرێی. ئەگەر جارێکی دیکە جەڵتەی مێشک لێت دا، دکتۆر دەبێ بە خۆڕایی چارەسەرت بکا، یان قاچت ببڕێتەوە. (بە شەلەکە): تۆ وەکو قەرەبوو برەندییەکی فەرەنسیت دەدرێتێ. (بە گوشاربەرەکە): تۆ دەبێ نیوەی ئەو پارەیەی بەرت دەکەوێ بدەیتە داواکاری گشتیی لە بەر ئەوەی، کە دادگا ناوی خاوەن موڵکەکە ناهێنێ، جگە لەوەیش ئەو ئامۆژگارییەت دەکرێ بچی پزیشکیی بخوێنی، لە بەر ئەوەی تۆ بۆ ئەم پیشەیە دەگونجێی. تۆیش، دکتۆر، لە بەر ئەو هەڵەیەی شایستەی بەخشین نییە لە پیشەکەت ئازاد دەکرێی. کەیسەکانی دیکە!

گۆرانیبێژ لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانیدا:

ئای، ئەو شتەی حەزی لێ دەکرێ، هەرزان نییە
ئەو شتەی گرانە، تەلیسماوییە
ماف، ماسییەکە لە ئاودا.
بۆیە تکا لە کەسی سێیەم دەکەین

کە بەرەوانیی بکاو شتەکانمان بۆ ڕێک بخا
ئەزداک بە قروشێک ئەمەمان بۆ دەکا.

(ئازداک لە کاروان سەرایەکەوە لە سەر جادەی سەربازیی دەربەندەکەوە دێت، خانچییەکەی بە دواوەیە، خانچییەکە پیرەمێردێکی ڕیش درێژە. لە دوایانەوە نۆکەرێک و شاوڤا کورسی دادوەرییان هەڵگرتووە. سوارێکی زرێپۆش بە بەیداخی سوارە زرێپۆشەکانەوە ڕادەوەستێ).

ئەزداک:

لێرە دای نێن. بە لای کەمەوە مرۆڤ هەواو کەمێک شەماڵی لە باخی لیمۆکەوە بۆ دێت. بۆ دادگەریی باشە لە دەرەوە پێی هەستێ. با تەنوورەکەی بەرز دەکاتەوە و مرۆڤ دەتوانێ ببینێ چی لە ژێریدا هەیە. شاوڤا، زۆرمان خوارد. ئەم سەفەری پشکنینانە سەختن. (بە خانچییەکە): پێوەندی بە بووکەکەتەوە هەیە؟

خانچی:

بەڕێز، ئەمە پێوەندی بە ئابرووی خێزانەوە هەیە. من لە جیاتی کوڕەکەم شکات دەکەم، کە بە کار لەو دیوی چیاوەیە. ئەمە ئەو نۆکەرەیە کە دەستدرێژیی کردووە، ئەمەیش بووکە داماوەکەمە.

(بووکەکە دێت، کەسێکی خرپن، سەرپۆشی بە سەرەوەیە).

ئەزداک:

(دادەنیشێ): من وەردەگرم. (خانچییەکە بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە پارەی دەداتێ). بەمە شتە فەرمییەکان ڕێک خراون. ئەمە زۆرگیر کردنە؟

خانچی:

گەورەم، من ئەو کوڕەم لە تەویلەی ئەسپەکاندا غەفڵەت گیر کرد، بینیم چۆن لودڤیگای خستە سەر پووشەکە.

ئەزداک:

زۆر ڕاستە، تەویلەی ئەسپەکان. ئەسپی نایابن. بە تایبەتی کەحێلە بچووکەکەم زۆر بە دڵ بوو.

خانچی:

بێگومان، لە جیاتی کوڕەکەم یەکسەر لودۆڤیکام خستە ژێر گوشارەوە ڕاستی بڵێ.

ئەزداک:

(بە جیدی) گوتم بە دڵمەوە چوو.

خانچی:

(بە ساردیی): بە ڕاستیی؟ –لودۆڤیکا لای من دانی پێدا نا، کە نۆکەرەکە بە زۆر لەگەڵی جووت بووە.

ئەزداک:

لودۆڤیکا، چارشێوەکەت لابە. (لودۆڤیکا چارشێوەکەی لا دەبا)، تۆ بە دڵی دادگای باڵا. بۆمانی باس کە، چۆن بوو.

لودۆڤیکا:

(دیارە پراوەی کردووە): کاتێ چوومە ناو تەویلەکەوە، بۆ ئەوەی سەیری جوانووە نوێیەکە بکەم، نۆکەرەکە ناڕەوا پێی گوتم: «ئەمڕۆ گەرمە» و دەستی خستە سەر مەمکی چەپم. پێم گوت: «وا مەکە»، بەلام وازی نەهێنا، بێ ڕەوشتانە دەستم لێ بدا،

ئەمە تووڕەی کردم. پێش ئەوەی مەبەستی گوناە بارانەیم بۆ دەرکەوێ، زۆر نزیکم بووەوە. شتەکە ڕووی دابوو، کاتێ خەزوورم هاتە ژوورەوەو بە هەڵە پێی پێدا نام.

خانچی:

(ڕوونی دەکاتەوە): لە جیاتی کوڕەکەم.

ئەزداک:

(بە نۆکەرەکە): پێی لێ دەنێیت، کە تۆ دەستت پێ کرد؟

نۆکەر:

بەڵێ.

ئەزداک:

لودۆڤیکا، حەزت لە شیرینییە؟

لودۆڤیکا:

بەڵێ، ناوکە گوڵەبەڕۆژە.

ئەزداک:

حەز دەکەی لە ناو تەشتی خۆ شتندا دانیشی؟

لودۆڤیکا:

نیو سەعات یان ئەوەندە.

ئەزداک:

جەنابی داواکاری گشتیی، لەوێ چەقۆکەت بخەرە سەر زەوی. (شاوڤا چەقۆکەی دەخاتە سەر زەوی). لودۆڤیکا، بڕۆ بۆ ئەوێ و چەقۆکەی داواکاری گشتیی هەڵبگرەوە.

(لودۆڤیکا بە کەمەر بادانەوە دەڕوا و چەقۆکە هەڵدەگرێتەوە).

ئەزداک:

(ئاماژە بۆ لودۆڤیکا دەکا): ئەوە دەبینن؟ چۆن خۆی با دەدا؟ بەشە تاوانکارەکەی دۆزرایەوە. زۆر گیر کردنەکە سەلما. بە هۆی خواردنی زۆرەوە، بە تایبەتی شیرینی، لە ڕێی زۆر لە ئاوی شلەتێندا دانیشتن، بە هۆی تەمەڵیی و پێستی نەرمەوە ئەو داماوەی ئەوێت زۆر گیر کردووە. تۆ وا دەزانی دەتوانی بە سمتێکی ئاوهاوە بێیت و بچی و لای دادگا دەرباز بی؟ ئەمە پەلامارێکی دەستە ئەنقەستە بە چەکێکی خەتەرەوە. تۆ حوکم دەدرێی بەوەی، ئەسپە کەحێلە بچووکەکە ڕادەستی دادگای بەرز بکەی، کە خەزوورت لەجیاتی کوڕەکەی غاری پێ دەدا و ئێستا دەبێ بچییە تەویلەی ئەسپەکانەوە بۆ ئەوەی دادگای بەرز بتوانێ جێی ڕووداوەکە بپشکنێ، لودۆڤیکا.

(لە سەر جادەی دەربەندی گروزنیا سوارە زرێپۆشەکان ئەزداک لە سەر کورسی دادوەرییەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هەڵدەگرن. شاوڤا بە دوایەوە کە سێدارەکەی هەڵگرتووە و نۆکەرەکە، کە ڕەشمەی ئەسپە بچووکەکە ڕادەکێشێ).

گۆرانییێژ لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانیدا:

کاتێ ئەوانەی سەرەوە لەگەڵ یەکدا بە شەڕ هاتن
ئەوانەی خوارەوە ئاسوودە بوون، ئیتر هێندە ئازاریان نەدەچەشت
ئەوەندە بێنەو بیخەرە لاوە نەما
بە سەر جادە ڕەنگینەکانی گروزنیاوە
بە پێوەری باشی ساختەوە

ئەزداکی دادوەری خەڵکی هەژار دەگەڕا.
لە دەوڵەمەندەکانی دەسەندو
دەیدایە هاوشێوەکانی خۆی
نیشانەکەی فرمێسکی مێوی مۆر بوو.
بە ڕووتەو پووتە دەور درابوو
ئازداک، دادوەرە باشە خراپەکە
بە ناو گروزنیای دایکدا دەگەڕا.
(ڕەوە بچووکەکە دوور دەکەوێتەوە).
بێن بۆ لای نزیکە خۆشەویستەکان
وەرن بە تەوری باش تیژ کراوەوە
نەک بە دەقی ئینجیلی دەمار گرژو دەمەتەقێ!
ئەو هەموو وتارە ئاینییە ناقۆڵایانە بۆچی
ببینن، تەورەکان پەرجوو دروست دەکەن
لەم نێوەندەدا ئازداک بڕوا بە پەرجوو دەکا.

(کورسی دادوەرییەکەی ئازداک لە مەیخانەیەکدایە. سێ ئاغا لە بەردەم ئەزداکدا وەستاون، شاوڤا شەراب بۆ ئەزداک دەهێنێ. لە گۆشەیەکدا پیرێژنێک ڕاوەستاوە. لە بەردەم دەرگا کراوەکەداو لە دەرەوە دانیشتوانی گوند وەکو بینەر وەستاون. سوارێکی زرێپۆش بە بەیداخی سواری زرێپۆشەوە پاسەوانی دەکا).

ئەزداک:

جەنابی داواکاری گشتیی نۆرەی قسەیەتی.

شاوڤا:

ئەم کەیسە پێوەندی بە مانگایەکەوە هەیە. ژنە شکات لێکراوەکە پێنج هەفتەیە مانگایەکی لە تەویلەدا ڕاگرتووە، کە هی سوورو ئاغایە. ئەم ژنە بە ڕانە بەرازێکی دزراویشەوە بینراوە، هەندێ مانگای شوتێف ئاغاش کوژراون، دوای ئەوەی داوای لە ژنە شکات لێکراوەکە کردووە کرێی کێڵگەکە بدا.

ئاغاکان:

ئەمە پێوەندی بەڕانەبەرازەکەی منەوە هەیە، گەورەم. -ئەمە پێوەندی بە مانگاکەمەوە هەیە، گەورەم. ئەمە پێوەندی بە کێڵگەکەی منەوە هەیە، گەورەم.

ئەزادک:

دایکە، چیت هەیە بیڵێی؟

پیرێژن:

گەورەم، پێش پێنج هەفتە، دەمەو بەیان لە دەرگاکەم درا، لە دەرەوە پیاوێکی بە ڕیش بە مانگایەکەوە وەستابوو و وتی: «ژنی ئازیز، من شێخ باندیتوسی موعجیزە هێنەرم و لە بەر ئەوەی کوڕەکەت لە جەنگ شەهید بووە، ئەم مانگایەت وەکو یادگاری بۆ دەهێنم. باش خزمەتی بکە.»

ئاغاکان:

گەورەم، ئەوە ئیراکلی جەردەیە! زاواکەی، گەورەم! دزی مێگەل، ئاگر تێبەردەر! دەبێ ملی بپەڕێنرێ!

(لە دەرەوە قیژەی ژنێک دەبیسترێ. ئاپۆرەکە نائارام دەبێ.

دوور دەکەوێتەوە ئیراکلی جەردە بە تەورێکی زۆر گەورەوە دێتە ژوورێ).

ئیراکلی! (لە هەوادا خاچ دەکەن).

جەردە:

ئێوارەیەکی خۆش، ئازیزان! گڵاسێک شەراب!

ئازداک:

جەنابی داواکاری گشتیی، دۆلکەیەک شەراب بۆ میوانەکە. ئەی تۆ کێی؟

جەردە:

گەورەم، من قەلەندەرێکی گەڕۆکم و سوپاسی خێرو سەدەقەکەتان دەکەم. (ئەو گڵاسە شەرابە بە جارێ فڕ دەکا کە شاوڤا هێناوێتی). یەکێکی تریش.

ئەزداک:

من ئەزداکم. (هەڵدەستێ و سەر دادەنەوێنێ، بە هەمان شێوە جەردەش سەر دادەنەوێنێ). دادگای باڵا بەخێرهاتنی قەلەندەر دەکا. دایکە، بەردەوام بە لە گێڕانەوە.

پیرێژن:

گەورەم، لە شەوی یەکەمدا هێشتا نەم دەزانی، کە باندیتوسی پیر دەتوانێ موعجیزە بکا، تەنیا مانگاکە بوو. بەڵام چەند شەوێک دوای ئەوە نۆکەرەکانی ئاغا بە شەو هاتن و ویستیان مانگاکەم لێ بستێننەوە. لە بەردەم دەرگاکەم بە بێ مانگاکە گەڕانەوە و دوومەڵی پڕ چنگێ گەورە لە سەریان ڕوابوو. ئەوسا

زانیم، کە باندیتوسی پیرۆز دڵیانی گۆڕیوەو کردوویانیەتییە مرۆڤی میهرەبان.

(جەردە بە دەنگی بەرز پێ دەکەنێ).

یەکەم ئاغا:

دەزانم چی گۆڕیویانێتی.

ئەزداک:

ئەمە شتێکی باشە. دوایی تر پێمان دەڵێی. بەردەوام بە!

پیرێژن:

جەنابی بەخشندە، ئەوەی دیکە کە مرۆڤێکی باشی لێ دەرچوو، شوتەف ئاغا بوو، شەیتانێک بوو بۆ خۆی، هەموو کەس دەزانێ. بەڵام باندیتوس پیرۆز وای کرد، کە ئاغا لە کرێی کێڵگە بچووکەکەم لێم خۆش بێ.

دووەم ئاغا:

لە بەر ئەوەی لە کێڵگە چەقۆ بە مانگاکانمدا دەکرا.

(جەردە پێدەکەنێ).

پیرێژن:

(بە ئاماژەی ئازداک): ئەمجا بەیانییەک ڕانە بەرازەکە لە پەنجەرەکەمەوە فڕییە ناو ژوورەکەمەوە. بەر سێبەندەم کەوت، ئێستاش دەشەلم، گەورەم، دەبینی. (چەند هەنگاوێک دەڕوا. جەردە پێ دەکەنێ). گەورەم، من دەپرسم: کەی ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک باسترمەی بۆ مرۆڤێکی هەژار هێناوە بە بێ پەڕجوو؟

(جەردە دەداتە پڕمەی گریان).

ئەزداک:

(لە سەر کورسییەکەی هەڵ دەسێ): دایکە، ئەمە پرسیارێکە، کە ناخی دڵی دادگا دەسمێ. ئەوەندە میهرەبان بە، دانیشە.

(پیرێژن بە دوودڵی لە سەر کورسی دادوەر دادەنیشێ. ئازداک لە سەر زەوییەکە دادەنیشێ، گڵاسە شەرابەکەی بە دەستەوەیە).

دایکە، خەریکە پێت بڵێم گروزنیای دایک، ئازار چەشتوو
دزی لێ کراو، کە ڕۆڵەکانی لە جەنگن
بە مستەکۆڵە لێدراو، دڵ پڕ لە هیوا
دەگری کاتێ، مانگایەکی دەدەنێ.
پێی سەیرە، گەر لێی نەدرێ.
دایکە، ئێمەی نەفرەتی بە بەزەیی حوکم بدە!

(بە نەڕەوە بە ئاغاکان):

دانی پێدا بنێن کە بڕواتان بە پەڕجوو نییە، ئێوەی بی خوا!
هەر یەکێک لە ئێوە لە بەر خوانەناسیی بە ٥٠٠ پیاستەر سزا دەدرێ. بۆ دەرەوە!

(ئاغا کان دەچنە دەرێ).

تۆ، دایکە، تۆ، پیاوی بە ئیمان، دۆلکەیەک شەراب لەگەڵ داواکاری گشتیی و ئەزداکدا خاڵی بکەن.

گۆرانیبێژ لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانیدا:

ئاوها یاساکانی شکاند
وەکو نانێک، کە دەیان ژێنێتەوە

گەلی گەیاندە کەنار بۆ سەر لاشەی یاسا.
ڕەشە خەڵک و ئەوانەی خواری خوارەوە
لە ناکاو یەکێکیان هەبوو
بەرتیلیان دەدایە دەستی خاڵی، دەستی ئەزداک.
حەوت سەدو بیست ڕۆژ
بە تەرازووی ساختە شکاتەکانیانی دەکێشا
وەک ڕەشە خەڵک لەگەڵ ڕەشە خەڵک قسەی دەکرد.
بە سەر کورسی دادوەرییەوە، نیرگە دارێکی سێدارەی بە سەرەوە
ئەزداک یاسا ساختەکانی دابەش دەکرد.

گۆرانیبێژ:

کاتی پاشاگەردانی بە سەر چوو، میری گەورە گەڕایەوە
ژنی شاردار گەڕایەوە، دادوەریی بەسترا
خەڵکێکی زۆر مردن، قەراغی شار سەر لە نوێ سووتایەوە،
ئازداک ترس دایگرت.

(کورسی دادوەریی ئازداک جارێکی دیکە لە حەوشەی دادستاندایە. ئازداک لە سەر زەوی دانیشتووەو لەگەڵ شاوڤا قسە دەکاو پێڵاوەکانی پینە دەکا. لە دەرەوە دەنگەدەنگ دێت. لە پشتی شوورەکەوە سەری میرە قەڵەوەکە هەڵگیراوەو بەوێدا تێ دەپەڕێ).

ئەزداک:

شاوڤا، ئێستا ڕۆژانی نۆکەریت لە کۆتاییدایە، تەنانەت

خولەکەکانیش. من ماوەیەکی درێژ بە لغاوی ئاسنینی مەنتیقەوە دەرگیرم کردبووی، کە قەپۆزتی هەڵپچڕێ و خوێناوی کرد، تۆم بە هۆی مەنتیقییەوە قامچیکاریی کردو بە عەقڵ خراپ مامەڵەم لەگەڵتدا کرد. تۆ هەر بە سروشت مرۆڤێکی لاوازی، گەر مرۆڤ فێڵبازانە بەڵگەیەکت بۆ فڕێدا، دەبێ چڵێسانە قەپی لێ بگری، تۆ ناتوانی خۆت بگری. تۆ بە سروشتی خۆت دەبێ دەستی بوونەوەرێکی بەرزتر بلێسیتەوە، بەڵام دەتوانن بوونەوەری بەرزی زۆر جیاواز بن، ئێستا ڕزگارت دەبێ و بەم زووانە دەتوانی دوای غەریزەکانت بکەوی، کە نزمن، هەروەها دەتوانی دوای هەست و هۆشی زگماکی هەڵەنەکەری خۆت بکەوی، کە فێرت دەکا، دەبێ بنی پێڵاوە ئەستوورەکەت لە ڕوخساری مرۆڤدا بڕوێنی. چونکە کاتی سەر لێ شێوان و پاشاگەردانی بە سەر چوون و کاتی گەورە نەهاتووە، کە من لە گۆرانی ئاژاوەدا وەسفەکەیم بینییەوە، کە ئێمە ئێستا جارێکی دیکە بە یەکەوە بۆ یادەوەری ئەو کاتە نایابە دەیڵێینەوە؛ دانیشەو لە ئاوازەکەدا هەڵە نەکەی. مەترسێ، مرۆڤ دەتوانێ گوێی لێ بگرێ، ئەو بەشەی کە کۆرس دەیسەنێتەوە دڵگیرە.

(گۆرانی دەڵێ):

خوشکە، سەرت داپۆشە، برا، چەقۆکەت بێنە، کات بە تەواوی لە گرێژەنە دەرچووە.

نەجیبەکان پڕن لە سکاڵاو بچووکەکان پڕن لە خۆشنوودیی.

شار دەڵێ: با بەهێزەکانی نێوانمان وەدەر بنێین.

شاڵاو بۆ فەرمانگەکان دەبرێ، لیستی سەپانەکان لە ناو

دەبرێ.

گەورەکان لە سەر بەردە ئاش دانران، ئەوانەی هەرگیز ڕۆژیان نەبینیبوو، چوونە دەرەوە.

سندووقی قوربانییەکان کە لە دار خەیزەرانن دەشکێنرێن،

داری نایابی ئەرز بۆ تەختی خەو دەبڕنەوە

ئەوی نانی نەبوو بیخوا، ئێستا کادانی هەیە، ئەوی دانەوێڵەی خێری دەهێنا، ئێستا خۆی دانەوێڵە دەبەخشێنێتەوە.

شاوڤا:

ئۆ، ئۆ، ئۆ، ئۆ

ئەزداک:

ژەنەراڵ، تۆ لە کوێی! تکایە، تکایە، نەزم بخوڵقێنە.

کوڕی پیاوە بەڕێزەکە ناناسرێتەوە؛

منداڵی خانمەکە دەبێتە کوڕی ژنە کۆیلەکەی.

سەروەرانی فەرمانگەکان لە مەخزەنەکەدا بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕێن؛

ئەوەی بۆی نەبوو لە سەر شوورەکان بخەوێ،

ئێستا لە ناو جێدا پاڵی لێداوەتەوە.

ئەوەی گەمیەی سەوڵ لێدەدا، ئێستا کەشتی هەیە؛

خاوەنەکانیان سەیریان دەکا، ئیتر هی ئەو نەماون.

سەروەرەکان پێنج پیاویان نارد.

دەڵێن: ئێستا خۆتان ڕێگاکە ببڕن، ئێمە گەیشتینە جێگای مەبەست.

شاوڤا:

ئۆ، ئۆ، ئۆ، ئۆ.

ئەزداک:

ژەنەراڵ، تۆ لە کوێی؟ تکایە، تکایە، نەزم بخوڵقێنە!

بەڵێ، خەریک بوو ئەمە بێتە ئاراوە، ئەگەر نەزم هێشتا زۆرتر پشت گوێ خرابایە. بەڵام ئێستا میری گەورە، کە منی گامێش ژیانیم ڕزگار کرد، گەڕاوەتەوە بۆ پایتەخت و فارسەکان سوپایەکیان خستۆتە بەر دەست هەتا نەزم بخوڵقێنێ. قەراغی شار دەسووتێ. ئەو کتێبە ئەستوورەم بۆ بێنە، کە هەمیشە لە سەری دادەنیشم. (شاوڤا لە کورسی دادوەرەوە کتێبەکە دەهێنێ، ئازداک کتێبەکە دەکاتەوە). ئەمە کتێبی یاسایە و، من هەمیشە بە کارم هێناوە، تۆ دەتوانی شایەدی ئەوە بدەی.

شاوڤا:

بەڵێ، بۆ دانیشتن.

ئەزداک:

باشترە ئێستا بگەڕێم، دەتوانن چ ئاگرێک لە ناو چاوم بکەنەوە. چونکە من ئاگاداری ئەوانە بووم کە هیچیان نییە، ئەمە گران لە سەرم دەکەوێ. من یارمەتی هەژاریم دا هەتا بکەوێتە سەر لاقە باریکەکانی خۆی، ئەوان لە بەر بەدمەستیی هەڵم دەواسن؛ من گیرفانی دەوڵەمەندەکانم پشکنی، ئەمە زمانێکی شێواوە. ناتوانم لە هیچ شوێنێک خۆم بشارمەوە، چونکە هەموو دەمناسن، لە بەر ئەوەی من یارمەتی هەمووانم داوە.

شاوڤا:

ئەوا یەکێک دێت.

ئەزداک:

(بە شپرزەییەوە وەستاوە، ئەمجا بە لارەلار دەچێ بۆ لای کورسییەکە): تەواو. بەڵام من ئەو پیاوەتییە بۆ کەس ناکەم، کە خۆی بە گەورە پێشان بدا. لە سەر چۆک بۆ بەزەییت دەپاڕێمەوە، ئێستا مەڕۆ، لیک بە دەممدا دێتە خوارەوە. ترسی مەرگم هەیە.

(ناتێلا ئەباشڤیلی، ژنی شاردار دێتە ژوورەوە، لەگەڵ جێگرو سوارێکی زرێپۆشدا).

ژنی شاردار:

شالڤا، ئەم دەعبایە کێیە؟

ئەزداک:

خانم، دەست و دڵ فراوانێک، کە لە خزمەتتدایە.

جێگر:

ناتێلا ئەباشڤیلی، ژنی شارداری ڕەحمەتی، هەر ئێستا گەڕاوەتەوە و بە دوای میخل ئەباشڤیلی کوڕە سێ ساڵەنەکەیدا دەگەڕێ. زانیویەتی کە پێشخزمەتێکی پێشووی منداڵەکەی بۆ چیاکان ڕفاندووە.

ئەزداک:

دەهێنرێ بۆ ئێرە، نەجیبزادە، فەرمانتانە.

جێگر:

گوایە ئەو کەسە بە منداڵی خۆی لە قەڵەم دەدا.

ئەزداک:

ملی دەپەڕێنرێ، نەجیبزادە، فەرمانتانە.

جێگر:

ئەمە هەموو شتێک بوو.

ژنی شاردار:

ئەم مرۆڤە ڕقم هەڵدەسێنێ.

ئەزداک:

(بە سەر داچەمەندنەوەیەکی زۆرەوە بە دوایدا دەچێ بۆ دەرگاکە): هەموو شتێک ڕێک دەخرێ. نەجیبزادە، فەرمانتانە.

بازنەی تەباشیر

گۆرانیبێژ:

ئێستا گوێ لە حیکایەتی دادوەریی سەبارەت بە منداڵەکەی شاردار ئەباشڤیلی بگرن

بۆ دیاریکردنی دایکە ڕاستەقینە

لە ڕێی پراوە کردنی بازنەی تەباشیری بەناوبانگەوە.

(لە حەوشەی دادگا لە نوخا. سواری زرێپۆش لە ناو حەوشەکەوە لە پشتەوە میخل دەبەنە دەرەوە. سوارێکی زرێپۆش بە ڕمێک گروشە لە بەردەم دەروازەکەدا ڕادەگرێ، هەتا منداڵەکە دەبرێ. ئەمجا دەیەڵن گروشە بچێتە ژوورەوە. ژنە ئاشپەزەکەی پێشووی ماڵی ئەباشڤیلی شارداری لەگەڵدایە. لە دوورەوە دەنگە دەنگ دەبیسترێ و سووتماکی سوور دەبینرێ).

گروشە:

ئازایە، دەتوانێ بە تەنیا خۆی بشوا.

ژنە ئاشپەزەکە:

بەختت هەیە، بە هیچ جۆرێک دادوەری ڕاستەقینە نییە، ئەزداکە. بەدمەستەو لە هیچ تێ ناگاو گەورەترین دز لای ئەو ڕزگاری بووە. چونکە هەموو شتێک تێکەڵ و پێکەڵ دەکا و خەڵکە دەوڵەمەندەکان هەرگیز بەرتیلی زۆریان نەداوەتێ،

خەڵکی ئێمە ئاسا هەندێ جار لای ئەو باش دەربازیان دەبێ.

گروشە:

ئەمرۆ پێویستم بە بەختە.

ژنە ئاشپەزەکە:

بۆی مەقرێنە. (لە هەوادا خاچ دروست دەکا). من لەو بڕوایەدام، باشتربێ دوعایەک بکەم، کە دادوەر سەرخۆش بێ.

(بە لێو جووڵاندنەوە بێدەنگ دوعا دەکا، لە کاتێکدا گروشە بێ ئاکام بە دوای منداڵەکەدا دەگەڕێ).

من تێناگەم، تۆ بۆچی دەتەوێ بەتۆپزیی منداڵەکە لای خۆت بهێڵیتەوە، کە هی تۆ نییە، لەم کاتانەدا.

گروشە:

هی منە: من گەرەم کردووە.

ژنە ئاشپەزەکە:

هەرگیز بیرت لەوە نەکردۆتەوە، چی ڕوو دەدا، کە دایکی بگەڕێتەوە؟

گروشە:

لە سەرەتاوە بیرم کردەوە، دەیدەمەوە، ئەمجا بیرم کردەوە، ئیتر ناگەڕێتەوە.

ژنە ئاشپەزەکە:

چاکەتی خوازراویش گەرم دەکاتەوە، وا نییە؟ (گروشە سەری دەلەقێنێ)، دڵنیات دەکەمەوە، تۆ چیت دەوێ، لە بەر ئەوەی تۆ کەسێکی بە ئابڕووی. (بیری دەکەوێتەوە): من ئاگاداری

منداڵەکە بووم، بە ٥ پیاستەر و گروشە لە ئێوارەی پێنجشەمەدا هات لەگەڵ خۆی بردی، کاتێ پشێوییەکە هاتە ئاراوە. (خاخاڤای سەرباز دەبینێ، کە نزیک دەبێتەوە). بەڵام تۆ گوناهت بەرامبەر سیمۆن کرد، من قسەم لەگەڵدا کرد، ناتوانێ تێی بگا.

گروشە:

(سیمۆن نابینێ): من ئێستا ناتوانم سەری خۆم بە مرۆڤێکەوە بیەشێنم، ئەگەر هیچ تێ نەگا.

ژنە ئاشپەزەکە:

ئەو ئەوە تێگەیشتووە، کە منداڵەکە هی تۆ نییە، بەڵام کە تۆ لە باری ژن و مێردایەتیدای و ئازاد نیت، هەتا مەرگ لە یەکتان جودا دەکاتەوە، لەمە ناتوانێ تێبگا.

(گروشە سیمۆن دەبینێ و سڵاوی لێ دەکات).

سیمۆن:

(بە مۆنییەوە): من دەمەوێ بە خانم ڕابگەیەنم، کە ئامادەی سوێند خواردنم. من باوکی منداڵەکەم.

گروشە:

(بە دەنگی نزم) باشە، سیمۆن.

سیمۆن:

لە هەمان کاتدا دەمەوێ ڕای بگەیەنم، کە بەهۆی ئەوەوە هیچ ئەرکێکم ناکەوێتە سەر شان، خانمیش بە هەمان شێوە.

ژنە ئاشپەزەکە:

ئەمە پێویست ناکا. گروشە مێردی هەیە، تۆ ئەمە دەزانی.

سیمۆن:

ئەمە کاری خۆیەتی و پێویست ناکا زۆر بوترێ.

(دوو سواری زرێپۆش دێنە ژوورێ).

سوارە زرێپۆشەکان:

دادوەر لە کوێیە؟ –هیچ کەسێک دادوەری بینیوە؟

گروشە:

(ڕووی وەرگێڕاوە و ڕوخساری داپۆشیوە): وەرە بەردەمم. نەدەبوو بچم بۆ نوخا. ئەگەر تووشی فەساڵی ئەو سوارە زرێپۆشە بم کە بە سەریمدا دا...

یەکێک لە سوارە زرێپۆشەکان:

(منداڵەکەی هێناوە، دێتە پێشەوە): دادوەرەکە لێرە نییە.

(هەردوو سوارە زرێپۆشەکە هێشتا هەر دەگەڕێن).

ژنە ئاشپەزەکە:

هیوادارم هیچی بە سەر نەهاتبێ. لەگەڵ یەکێکی دیکەدا ئومێدت زۆر کەمترە.

(سوارێکی زرێپۆشی دیکە دەردەکەوێ).

سواری زرێپۆش:

(کە پرسیاری دادوەرەکەی کرد، هەواڵی پێدەگەیەنێ): تەنیا دوو کەسی پیرو منداڵێکی لێیە. دادوەرەکە هەڵاتووە.

سوارە زرێپۆشەکەی دیکە:

هێشتا بگەڕێن!

(دوو سوارە زرێپۆشەکەی یەکەم خێرا دەڕۆن، سێیەم

دەمێنێتەوە. گروشە هاوار دەکا. سوارە زرێپۆشەکە وەردەچەرخێ. بەروانەکەیە و جێبرینێکی گەورە بە هەموو ڕوخسارییەوەیە).

زرێپۆشەکەی ناو دەروازەکە:

شۆتا، چییە؟ دەیناسی؟

بەروان:

(پاش لێ وردبوونەوەیەکی زۆر): نەخێر.

زرێپۆشەکەی ناو دەروازەکە:

گوایە ئەو منداڵەکەی ئەباشڤیلی دزیوە. شۆتا، گەر تۆ هیچ شتێک لە بارەیەوە دەزانی، دەتوانی کۆمەڵێک پارەت دەست کەوێ.

(بەروانەکە بە دەم جنێودانەوە دەڕوا).

ژنە ئاشپەزەکە:

ئەوە بوو؟ (گروشە سەر دەلەقێنێ). لەو بڕوایەدام ئەو دەمی دەگرێ. ئەگینا دەبێ پێی لێ بنێ، کە بە دوای منداڵەکەوە بووە.

گروشە:

(بە دڵخۆشییەوە): خەریک بوو لە بیرم بچێتەوە، کە من منداڵەکەم لەوان ڕزگار کرد... (ژنی شاردار لەگەڵ جێگرو دوو پارێزەردا دێتە ژوورێ).

ژنی شاردار:

سوپاس بۆ خوا، بە لای کەمەوە ئێرە خەڵکی لێ نییە. من ناتوانم تەحەمولی ئەو بۆنە بگرم، پێی تووشی سەرئێشە دەبم.

پارێزەری یەکەم:

تکایە، خانمی بەڕێز. هەتا دەتوانن ژێر بن لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا کە دەیڵێن، هەتا دادوەرێکی دیکەمان دەبێ.

ژنی شاردار:

ئیلۆ شوبۆلادزە، بەڵام خۆ من هیچم نەگوت. من گەلم بە هەستی ساناو ڕاشکاوییەوە خۆش دەوێ، تەنیا بە هۆی ئەم بۆنەوەیە کە سەرم لە ئازار دەداتەوە.

پارێزەری دووەم:

بینەر زۆر کەم دەبێ. بەشێکی زۆری دانیشتووان لە بەر پشێویی قەراغی شار لە پشتی دەرگای داخراوەوە دانیشتوون.

ژنی شاردار:

ئەوە ئەو کەسەیە؟

پارێزەری یەکەم:

تکایە، خانمی ناتێلا ئەباشڤیلی، واز لە سووکایەتی پێکردن بهێنە، هەتا دڵنیا دەبین، کە میری گەورە دادوەرێکی نوێ ناوزەد دەکا و ئێمە ئەم دادوەرەی ئێستامان لە کۆڵ دەبێتەوە، کە نزمترین شتە، کە مرۆڤ لە جبەیەکی دادوەردا بینیبێتی. بەوە دەچێ شتەکان جووڵەیان تێ کەوتبێ، ببینن.

(سواری زرێپۆش دێنە ناو حەوشەکەوە).

ژنە ئاشپەزەکە:

خانمی بەڕێز یەکسەر قژەکەتی لە بنەوە هەڵدەکەند، گەر نەیزانیبا، کە ئەزداک پشتی ئەوانەی خواری خوارەوە دەگرێ.

ئازداک بە سەروچاو بڕیار دەدا.

(دوو سواری زرێپۆش دەستیان بەوە کردووە گوریسێک بە کۆڵەکەکەوە هەڵواسن. ئێستا ئازداک بە دەست بەستراوی دەهێنرێتە ژوورێ. لە دوایەوە، بە هەمان شێوە، شاوڤا، ئەویش بە دەست بەستراوی دەهێنرێتە ژوورێ. لە دوای شاوڤاوە، سێ ئاغا لە دوای شاوڤاوەن).

سوارێکی زرێپۆش:

هەوڵت دا هەڵبێی، وا نییە؟

(لە ئازداک دەدا).

ئاغایەک:

جبەی دادوەریی لە بەر داکەنن، پێش ئەوەی بەرز بکرێتەوە!

(سوارە زرێپۆشەکان و ئاغاکان جبەی دادوەریی لە بەر ئازداک دادەکەنن. جل و بەرگە شڕو وڕەکەی ژێرەوەی دەردەکەون. ئەمجا یەکێک پاڵێکی پێوە دەنێ).

سوارێکی زرێپۆش:

(بۆ سوارێکی زرێپۆشی دیکەی پاڵ دەنێ): دادپەروەرییەکی زۆرت دەوێ؟ ئەوەتانێ!

(بە هاوارو قیژەی «تۆ بیگرە!»و «من پێویستم پێی نییە!» ئازداک بۆ یەک هەڵدەدەن، هەتا دەکەوێ، ئەمجا بەرزی دەکەنەوەو بۆ ژێر قوڵفی گوریسەکەی ڕادەکێشن).

ژنی شاردار:

(کە لە کاتی «گەمەی تۆپ»دا شێتگیرانە چەپڵەی لێدەدا): ئەم مرۆڤەم لە یەکەم نیگاوە نامیهرەبان هاتە بەرچاو.

ئەزداک:

(خەڵتانی خوێنە، بە دەم هەناسە بڕکێوە): من ناتوانم ببینم، پەڕۆیەکم بدەنێ.

سوارە زرێپۆشەکەی دیکە:

گوایە دەتەوێ چی ببینی؟

ئەزداک:

ئێوە، سەگینە. (بە کراسەکەی خوێنەکەی چاوی دەسڕێ). سڵاوی خواتان لێ بێ، سەگینە! چۆنن، سەگینە؟ جیهانی سەگان چۆنە، بۆگەنی باش دێت؟ جارێکی دیکە پۆستاڵتان بۆ لێسانەوە هەیە؟ سەگینە، هەتا مردن قەپ لە خۆتان دەگرن؟

(سوارێکی زرێپۆشی تەپ و تۆزاوی لەگەڵ بەروانێکدا دێتە ژوورێ. لە توورەکەیەکی چەرمەوە کاغەز دەردەهێنێ و سەیریان دەکا. ئەمجا دەکەوێتە نێوانەوە).

سوارە تۆزاوییەکە:

ڕاوەستن، ئەمە نووسینەکەی میری گەورەیە، کە پێوەندی بە ناوزەدکردنە نوێیەکانەوە هەیە.

بەروان:

(دەنەڕێنێ): هەموو بێدەنگ ڕاوەستن. (هەموو بێدەنگ ڕادەوەستن).

سوارە تۆزاوییەکە:

دەربارەی دادوەرە نوێیەکە نووسراوە: ئێمە پیاوێک ناوزەد دەکەین، ئەزداک ناوێک لە نوخا، کە بۆ ڕزگار کردنی ئەو ژیانەی بۆ وڵات زۆر گرینگە مایەی شانازییە، ئەوە کێیە؟

شاوڤا:

(پەنجە بۆ ئەزداک درێژ دەکا): ئەوەی بە سێدارەکەیەوە. خاوەن شکۆ.

بەروان:

(دەنەڕێنێ): لێرە چی ڕوو دەدا؟

سواری زرێپۆش:

تکایە، مۆڵەت بدەن ڕاپۆرت بدەم، کە جەنابی بوو و بە هۆی زمان لێدانی ئەم ئاغایانەوە وەکو دوژمنی میری گەورە ناوزەد کرا.

بەروان:

(پەنجەنومای ئاغاکان دەکا): بیانبەن! (دەیانبەن، بە سەردانەواندنی بەردەوامەوە دەڕۆن). خەمی ئەوە بخۆن، کە جەنابی ئیتر وەڕەس نەکرێ. (سوارە تۆزاوییەکە دەڕوا).

ژنە ئاشپەزەکە:

(بە شاوڤا): چەپڵەی لێدا، هیوادارم ئەزداک بینیبێتی.

پارێزەری یەکەم:

ئەمە کارەساتە.

(ئازداک بووراوەتەوە. دەیهێننە خوارەوە. دێتەوە سەر خۆی، جبەی دادوەرییەکەی لە بەر دەکەنەوە، بە دەم لەتردانەوە لە ناو گرووپی سوارە زرێپۆشەکان دەردەچێ).

سوارە زرێپۆشەکان:

گەورەم، خراپ نییە! جەنابیان ئارەزووی چی دەکەن؟

ئەزداک:

هیچ، هاوسەگەکانم. جارو بار پۆستاڵێک بلێسنەوە. (بە شاوڤا): من دەتبەخشم. (دەست بەندەکەی دەکەنەوە). لە سووره، شیرینەکەم بۆ بهێنە. (شاوڤا دەڕوا). ونبن، دەبێ کەیسێک تەواو بکەم. (سوارە زرێپۆشەکان دەڕۆن. شاوڤا بە دۆلکەیەک شەرابەوە دەگەڕێتەوە. ئازداک بە قورس دەخواتەوە). شتێک بۆ پاشەڵم! (شاوڤا کتێبی یاسا دەهێنێ، دەیخاتە سەر کورسی دادوەر. ئەزداک دادەنیشێ). من وەردەگرم! (ڕوخساری شکاتکەرەکان، کە سەرقاڵی ڕاوێژێکی بە پەرۆشن، بزەیەکی خۆشیی پیشان دەدەن. ورتەورتێک دێتە ئاراوە).

ژنە ئاشپەزەکە:

ئاخ.

سیمۆن:

وەکو دەوترێ، «بیر بە شەونم پڕ نابێ.»

پارێزەرەکان:

(لە ئازداک نزیک دەبنەوە، کە بە چاوەڕوانییەکی زۆرەوە هەڵدەسێ): گەورەم، کەیسێکی زۆر پێکەنیناوییە. کەسی دژ منداڵەکەی ڕفاندووەو ئامادە نییە بیداتەوە.

ئەزداک:

(دەستیان بە کراوەیی بۆ ڕادەگرێ، سەیری گروشە دەکا): ژنێکی زۆر ئێسک سووک. (زۆرتری دەدەنێ). من دادوەرییەکە دەکەمەوەو داوای ڕاستیی تەواو دەکەم. (بە گروشە) بە تایبەتی لە تۆوە.

پارێزەری یەکەم:

دادگای باڵا! لە فۆلکلۆردا دەوترێ، خوێن لە ئاو خەستترە. ئەم حیکمەتە کۆنە...

ئەزداک:

دادگای باڵا حەز دەکا بزانێ مزەی پارێزەر چەندە.

پارێزەری یەکەم:

(بە سەرسووڕمانەوە): چیی؟ (ئازداک بە میهرەبانییەوە پەنجە کەڵەو پەنجەی شایەتمانی بە یەکدا دەسووێ). ئاوها! ٥٠٠ پیاستەر گەورەم، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارە نائاسییەکەی دادگای باڵا بدەینەوە.

ئەزداک:

گوێتان لێ بوو؟ پرسیارەکە نائاساییە. من دەپرسم، لە بەر ئەوەی زۆر بە جۆرێکی دیکە گوێتان لێ دەگرم، ئەگەر بزانم ئێوە باشن.

پارێزەری یەکەم:

(دادەنەوێتەوە): گەورەم، سوپاس. دادگای باڵا! پێوەستی خوێن لە هەموو پێوەستەکانی دیکە بەهێزترە. دایک و منداڵ، پێوەندییەکی لەمە بە هێزتر هەیە؟ مرۆڤ دەتوانێ پڕ بە منداڵێکدا بکاو لە دایکی بڕفێنێ؟ دادگای بەرز! لە حاڵ لێهاتنی پیرۆزی خۆشەویستیدا دووگیان بوو، لە جەستەی خۆیدا هەڵی گرت، بە خوێنی خۆی خواردنی پێی دا، بە ئازارەوە هێنایە ناو جیهانەوە! دادگای باڵا! مرۆڤ بینی هەتا

پڵنگی دڕندە، کە بێچووەکەی دزرا، بە بێ پشوو چیاکانی تەی کرد، ڕیوەڵە بوو هەتا بووە سێبەر. سروشت خۆی...

ئەزداک:

(قسەکەی پێ دەبڕێ، بە گروشە): چیت هەیە سەبارەت بەو شتانەی کە پارێزەر وتی و هێشتا دەیەوێ بیڵێ بەرپەرچی بدەیتەوە؟

گروشە:

منداڵی منە.

ئەزداک:

ئەمە هەموو شتێکە؟ هیوادارم، تۆ بتوانی بیسەلمێنی. بە هەر حاڵ ئامۆژگاری ئەوەت دەکەم، پێم بڵێی، بۆچی لەو بڕوایەدای، من دەبێ بە پێی یاسا منداڵەکەت بدەمێ.

گروشە:

من بە باشترین شێوە بەخێوم کرد، هەمیشە بۆ خواردن شتێکم بۆ دەدۆزییەوە. زۆربەی کات پەناگەیەکی هەبووە و لە بەر ئەو من هەموو جۆرە مەینەتییەکم کێشاوە، پارەم لێ سەرف کردووە. ئاگام لە ئیسراحەت و خۆشیی خۆم نەبوو. من منداڵەکەم بۆ میهرەبانیی بەرامبەر هەموو کەسێک و هەر لە سەرەتاوە بۆ کار پەروەردە کردووە، ئەوەندەی توانیویەتی، هێشتا بچووکە.

پارێزەری یەکەم:

گەورەم، جێگای سەرنجە، کە ئەم کەسە خۆی هیچ پێوەستێکی خوێن لە نێوان خۆی و منداڵەکەدا کاریگەر ناکا.

ئەزداک:

دادگای باڵا قبووڵی دەکا.

پارێزەری یەکەم:

سوپاس، گەورەم. مۆڵەت بدەن، ژنێکی وەکو گۆچان چەماوە چەند وشەیەکتان ئاڕاستە بکا، کە مێردەکەی لە دەست دا و ئێستاش دەبێ لەوە بترسێ، منداڵەکەی لە دەست دەدا، خانم ناتێلا ئەباشڤیلی...

ژنی شاردار:

(بە دەنگی نزم): چارەنووسێکی زۆر دژوار، گەورەم، ناچارم دەکا، بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکەم لە ئێوە بپاڕێمەوە. تاوانی من نییە، ئازارەکانی ڕۆحی دایکێکی دزی لێکراوتان بۆ دەربڕم، ترسەکان، شەوە بێخەوەکان، کە...

پارێزەری دووەم:

(لە پڕ هەڵدەچێ): نارەوایە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ژنە دەکرێ. لێی قەدەغە دەکرێ بچێتە ناو کۆشکی مێردەکەیەوە، داهاتی شتەکانی دادەخرێن، خوێن ساردانە پێی دەڵێن، شتەکان پابەندی میراتگرەکانە، بە بێ منداڵەکەی ناتوانێ هیچ بکا، ناتوانێ پارەی پارێزەرەکانی بدا! (بە پارێزەری یەکەم، کە بە نیگەرانییەوە سەبارەت بە هەڵچوونەکەی شێتگیرانە ئاماژەی بۆ دەکا، کە بێدەنگ بێ): ئیلۆ شوبۆلادزەی ئازیز، بۆ دەبێ نەوترێ، ئەمە پێوەندی بە شتومەکەکانی ئەباشڤیلییەوە هەیە؟

پارێزەری یەکەم:

تکایە، ساندرۆ ئۆبۆلادزەی بەڕێز! ئێمە ڕێک کەوتین... (بە

ئەزداک): بێگومان ڕاستە، ئەنجامی دادوەرییەکە هەروەها بڕیاری ئەوەش دەدا، ئایا ئەو ژنە بریکاردەرە بەرزە بە بڕیاری دادپرس دەبێتە خاوەنی شتومەکە زۆرەکانی ئەباشڤیلی، بەڵام من بە دەستی ئەنقەست دەڵێم «هەروەها»، واتە، تراژیدیای مرۆڤانەی دایکێک لە پێشی پێشەوەیە، وەکو ناتێلا ئەباشڤیلی لە سەرەتای لێدوانە دڵداخورپێنەکەیدا بە حەق ئاماژەی بۆ کرد. هەتا ئەگەر میخل ئەباشڤیلی میراتگری شتومەکەکان نەبوایە، هێشتا هەر منداڵی زۆر خۆشەویستی بریکاریی دەرەکەمە!

ئەزداک:

ڕاوەستن! ناوهێنانی شت و مەکەکان وەکو بەڵگەی مرۆڤایەتی هەستی دادگا دەبزوێنێ.

پارێزەری دووەم:

سوپاس، بەڕێز. ئیلۆ شوبۆلادزەی ئازیز، بە هەر حاڵ دەتوانین بیسەلمێنین، کە ئەو کەسەی منداڵەکەی پرپێدا کردووە، دایکی منداڵەکە نییە! ڕێگەم بدەن، ڕاستییە ڕووتەکان بخەمە بەرچاوی دادگا. منداڵەکە، میخل ئەباشڤیلی بە هۆی زنجیرەیەک بارودۆخی نەگبەتەوە لە کاتی هەڵاتنی دایکیدا بە جێ هێڵرا. گروشە، کچی مەتبەخەکەی کۆشک، لەو یەکشەمەیەی جەژندا ئامادە بوو و چاودێری کراوە، چۆن خۆی بە منداڵەکەوە خەریک کردووە...

ژنە ئاشپەزەکە:

خانم تەنیا بیری دەکردەوە، چی جلێک لەگەڵ خۆی بەرێ!

پارێزەری دووەم:

(بە بێ جوولانەوە): نزیکەی ساڵێک دوای ئەوە گروشە لە گوندێکی چیا لەگەڵ منداڵێکدا دەرکەوت و هاوسەرگیریی لەگەڵ...

ئەزداک:

چۆن گەیشتیتە ئەو گوندەی چیا؟

گروشە:

بەڕێز، بە پێ، منداڵەکەیش هی من بوو.

سیمۆن:

بەڕێز، من باوکی منداڵەکەم.

ژنە ئاشپەزەکە:

گەورەم، من سەرپەرشتیم دەکرد، بە ٥ پیاستەر.

پارێزەری دووەم:

* ئەو پیاوە دەزگیرانی گروشەیە، دادگای بالا، لە بەر ئەوە لە شایەدیدا جێگای متمانە نییە.

ئەزداک:

تۆ ئەوەی کە لە گوندەکەی چیا گروشە هاوسەرگیریی لەگەڵ کرد؟

سیمۆن:

نەخێر، گەورەم. گروشە شووی بە جوتیارێک کرد.

ئەزداک:

(بە ئاماژە گروشە بۆ لای خۆی بانگ دەکا): لە بەر چی؟

(دەست بۆ سیمۆن درێژ دەکا): لە ناو جێدا هیچ نییە؟ ڕاستیی بڵێ.

گروشە:

ئێمە نەگەیشتبووینە ئەوە. من لە بەر ئەم منداڵە شووم کرد. بۆ ئەوەی پەناگەیەکی هەبێ. (دەست بۆ سیمۆن درێژ دەکا): گەورەم ئەو لە جەنگ بوو.

ئەزداک:

ئێستا جارێکی دیکە دەیەوێ لەگەڵ تۆدا بێ، وا نییە؟

سیمۆن:

دەمەوێ بۆ پرۆتۆکۆل بڵێم...

گروشە:

(بە تووڕەییەوە): جەنابی بەخشندە، من ئازاد نەماوم.

ئەزداک:

ئەی ئەو منداڵە، بانگەشەی ئەوە دەکەی کە لە سۆزانیەتییەوە هاتووە؟ (لە بەر ئەوەی گروشە وەڵام ناداتەوە). من پرسیارێکت لێ دەکەم: ئەم منداڵە چۆنە؟ زۆڵی جادەو کۆڵانە یان منداڵێکی ناسکی خێزانێکی دارایە؟

گروشە:

(بە پەستییەوە): منداڵێکی ئاساییە.

ئەزداک:

مەبەستم ئەوەیە: زۆر زوو خەسڵەتی ناسکیی پیشان دا؟

گروشە:

لووتی لە ڕوخساریدا پیشان دا.

ئەزداک:

لووتی لە ڕوخساریدا چاویدا پیشان دا. من ئەمە وەکو وەڵامێکی گرینگ لە تۆوە سەیر دەکەم. دەربارەی من دەگێڕنەوە، کە من لە بڕیارێکی دادگا چوومەتە دەرەوەو بۆنی بنچکی گوڵەباخێکم کردووە. ئەمانە وردەکارین، کە هەتا ئەمڕۆش پێویستن. ئێستا من لە کورتی دەیبڕێنمەوەو ئیتر گوێ لە درۆکانتان ناگرم، -بە گروشە- بە تایبەتی درۆکانی تۆ. دەتوانم بیر بکەمەوە، ئێوە -شکاتکار- چیتان لە ژێر سەردایە، کە فێڵم لێ بکەن، من دەتانناسم. ئێوە ساختەچین.

گروشە:

(لە ناکاو): من بڕواتان پێ دەکەم، کە دەتانەوێ لە کورتی بیبڕنەوە، پاش ئەوەی کە بینیم، ئێوە چۆن وەرتان گرت.

ئەزداک:

دەمت داخە. من لە تۆم وەرگرتووە؟

گروشە:

(لەگەڵ ئەوەیشدا ژنە ئاشپەزەکە دەیەوێ بیگرێ): لەبەر ئەوەی من هیچم نییە.

ئەزداک:

ڕاستە. لە ئێوەی لە برسا مردووەوە هیچم نادرێتێ، لەوانەیە لە برسان بمرم. ئێوە دادپەروەریتان دەوێ، بەڵام دەتانەوێ پارەی تیا خەرج بکەن؟ کە بچن بۆ لای قەساب، دەزانن دەبێ پارە بدەن، بەڵام ئێوە بۆلای دادوەر دەچن، وەکو بچن بۆ خواردنی پرسە.

سیمۆن:

(بە دەنگی بەرز): دەوترێ، «کاتێ هاتن ئەسپەکە ناڵ بکەن، قالۆنچە پێی بەرز کردەوە».

ئەزداک:

(بە جۆش و خرۆشەوە شەڕ فرۆشتنەکە وەردەگرێ): «گەنجینەیەک لە چاڵە پیساییدا لە بەردێک لە کانی شاخەکاندا باشترە.»

سیمۆن:

ماسیگر بە کرمی گوت: «ڕۆژێکی خۆشە، نەچین بۆ ماسیگرتن؟»

ئەزداک:

«من خۆم ئاغای خۆمم، نۆکەرەکە ئەمەی گوت و پێی خۆی بڕییەوە.»

سیمۆن:

«قەیسەر بە جوتیارەکانی گوت، من ئێوەم وەکو باوک خۆش دەوێ و سەری کوڕی قەیسەری پەڕاند.»

ئەزداک:

«بەدترین دوژمنی شێت، شێت خۆیەتی.»

سیمۆن:

بەڵام «تڕ بێ لووتە».

ئەزداک:

١٠ پیاستەر سزا بۆ قسەی ناشیرین، بۆ ئەوەی فێر بی، دادگەریی چییە.

گروشە:

ئەمە دادگەرییەکی پاکە. ئێمە سزا دەدەی، لە بەر ئەوەی ئێمە ناتوانین ناسک قسە بکەین وەکو ئەوانە لەگەڵ پارێزەرەکانیان.

ئەزداک:

وایە. ئێوە گێلن. ئەمە حەقە کە سزاتان بە سەردا بسەپێنرێ.

گروشە:

لە بەر ئەوەی تۆ دەتەوێ منداڵەکە بدەیتە ئەو ژنە، کە زۆر ناسکە، وەکو ڕۆژێک لە ڕۆژان زانیبێتی دایبییەکەی بگۆڕێ! تۆ لە من زیاتر لە داد نازانی، تێبینی ئەوە بکە.

ئازداک:

ئەمەیان تا ڕادەیەک وایە، من مرۆڤێکی نەزانم، من پانتۆڵم لە ژێر جبەی دادوەرییەکەمدا لە بەر نییە، خۆت سەیر کە. لای من هەموو شتێک خواردن و خواردنەوەیە، من لە قوتابخانەیەکی کلێسادا گەورە بووم. من تۆش بە ١٠ پیاستەر سزا دەدەم بۆ سووکایەتیکردن بە دادگا. جگە لەوەش تۆ کەسێکی زۆر گەمژەی، کە من دەکەیتە نەیاری خۆت، لە جیاتی ئەوەی چاوبازیم لەگەڵدا بکەیت و کەمێک سمتتم تێکەی، بە جۆرێکی وام لێ بێ لایەنگیرت بم. ٢٠ پیاستەر.

گروشە:

ئەگەر بیکەیتە سیش، من پێت دەڵێم، من دادپەروەرییەکەت بە چی دادەنێم، بەدمەست. چۆن دەتوانی پرکێشی بکەیت و وەکو پیاوێک ئاوا قسە لەگەڵ مندا بکەی، وەکو (یاشایاهو) پرکێشیی کردبوو و لە پەنجەرەی کلێساوە بازی دابوو؟ کاتێ

لە دایکتەوە دەریان هێنای نەخشەی بۆ دانەنرابوو، کە تۆ بە دەستیدا دەدەی، کاتێ قاپێک هەرزنی لە هەر شوێنێک بردبێ و، تۆ شەرم ناکەی، کە دەبینی، من لە بەردەمتدا هەڵدەلەرزێم؟ بەڵام تۆ خۆت کردۆتە نۆکەریان، کە خانووەکانیان هەڵناگیرێ، لە بەر ئەوەی دزیویانن؛ لە کەیەوە خانووەکان هی مۆرانەکانە؟ بەڵام تۆ ئاگاداری، ئەگینا ناتوانن پیاوەکانمان بۆ جەنگەکانیان پەلکێش بکەن، بەکرێگیراو.

(ئازداک هەستاوەتە سەر پێ. ڕوخساری دەست بە گەشانەوە دەکا. بە چەکوشە بچووکەکەی لە مێزەکە دەدا، بە نابەدڵییەوە، وەکو بیەوێ ئارامیی بخوڵقێنێ، بەڵام کە جنێودانی گروشە تەشەنە دەسێنێ، تەنیا هاوئاهەنگ چەقوش بە مێزەکەدا دەدا).

من لێت ناترسێم. لە دزێک یان لە جەردەیەکی بکوژ زیاتر لێت ناترسێم، دزێک یان جەردەیەکی بکوژ ئەوە دەکا کە دەیەوێ. تۆ دەتوانی منداڵەکەم لێبەری، سەد بەرامبەر بە یەک، بەڵام من تەنیا شتێکت پێدەڵێم: بۆ پیشەیەکی وەکو ئەوەی تۆ دەبوایە مرۆڤ تەنیا منداڵ ئەتککەرو سوود خۆر هەڵبژێرێ، بۆ سزا، کە دەبێ لە سەرووی مرۆڤی هاوڕەگەزیانەوە دانیشن، کە لەو خراپترە بە سێدارەوە هەڵواسرابی.

ئەزداک:

(دادەنیشێ): ئێستا کردمنە ٣٠ پیاستەر من لەوە زیاتر وەکو لە مەیخانەدا لەگەڵ تۆ دەمەدەم ناکەم، ئابڕووی دادوەریم بەرەو کوێ دەچێ، من لەم کەیسە تاقەتم چووە. ئەو دووانە لە کوێن، کە تەڵاقیان دەویست؟ (بە شاوڤا) بیانهێنە ژووری. ئەم کەیسە

بۆ چارەکە سەعاتێک ڕادەگرم.

پارێزەری یەکەم:

(لە کاتێکدا شاوڤا دەڕوا): ئەگەر ئێمە هیچی تریشی نەخەینە بەردەم، بڕیاری دادگامان لە گیرفاندایە، خانم.

ژنە ئاشپەزەکە:

(بە گروشە): لە خۆتت تێ کدا. ئێستا منداڵەکەت پێ نادا.

(ژن و مێردێکی زۆر پیر دێنە ژوورەوە).

ژنی شاردار:

شالڤا، شووشەی عەترەکەم.

ئازداک:

من وەردەگرم: (پیرەکان لێی تێ ناگەن). بیستوومە، دەتانەوێ لە یەک جیا ببنەوە. چەندە بە یەکەوەن؟

پێرێژنەکە:

٤٠ ساڵە، گەورەم.

ئازداک:

ئەی بۆچی دەتانەوێ جیا ببنەوە؟

پیرەمێردەکە:

ئێمە هاوسۆزی یەکتر نین، گەورەم.

ئەزداک:

لە کەیەوە؟

پیرێژنەکە:

هەمیشە، گەورەم.

ئەزداک:

من بیر لە خواستەکەتان دەکەمەوەو بڕیار دەدەم، کە کەیسەکەی دیکە کۆتایی پێ بهێنم. (شاوڤا دەیانباتە پشتەوە). من منداڵەکەم دەوێ. (دەست بۆ گروشە ڕادەوەشێنێ و بۆ لای خۆی بانگی دەکا، بۆ لای گروشە خۆی دادەچەمێنێتەوە، نامیهرەبان نییە). بینیم کە تۆ مەیلت بۆ دادپەروەریی هەیە. من بڕوات پێ ناکەم، کە منداڵی تۆیە، بەڵام ئەگەر منداڵی تۆ بوایە، حەزت نەدەکرد دەوڵەمەند بوایە؟ تۆ دەبێ تەنیا بڵێی، کە منداڵی تۆ نییە. یەکسەر کۆشکێکی دەبوو و ئەو هەموو ئەسپە لە تەویلەکەیداو ئەو هەموو سواڵکەرە لە ئاستانەی دەروازەکەیداو، سەربازێکی زۆر لە خزمەتیداو ئەو هەموو داواکارە لە دەرباریدا، وا نییە؟ چی وەڵامم دەدەیتەوە؟ دەوڵەمەندیت ناوێ؟

(گروشە قسە ناکا).

گۆرانیبێژ:

گوێ بگرن، ژنە تووڕەکە چۆن بیری کردەوە، بەڵام نەیگوت.

(گۆرانی دەڵێ):

ئەگەر بە پێڵاوی زێڕینەوە ڕێ بکا
ئەگەر پێ بە خەڵکە لاوازەکاندا بنێ
ڕەنگ بێ کاری بەد بکاو
لەوانەیە پێبکەنێ.
ئاخ، بۆ هەڵگرتن ئێواران و بەیانیان

دڵێکی بەردین قورسە

چونکە دەستەڵاتداریی و بەدڕەفتاریی

مرۆڤ زۆر عەزیەت دەدەن.

دەبێ لە برسێتی بترسێ

بەڵام نەک لە برسییەکان.

دەبێ لە تاریکیی بترسێ

بەڵام نەک لە ڕووناکی.

ئەزداک:

من لەو بڕوایەدام، لێت تێدەگەم.

گروشە:

من نایدەمەوە. من بەخێوم کرد و من دەناسێتەوە.

(شاوڤا منداڵەکە دەهێنێتە ژووری).

ژنی شاردار:

شڕەو پڕەی لە بەرە!

گروشە:

ڕاستە. کاتیان نەدامێ، کراسێکی باشی لە بەر کەم.

ژنی شاردار:

لە گەوڕی بەرازدا بوو؟

گروشە:

(تووڕەیە): من بەراز نیم، بەڵام بەرازی دیکە هەیە. منداڵەکەت لە کوێ بەجێ هێشت؟

ژنی شاردار:

پیشانتی دەدەم، بازاڕیی. (دەیەوێ بچێتە گیان گروشە، بەڵام پارێزەرەکان دەیگرن). ئەم ژنە تاوانبارە! دەبێ قامچیکاریی بکرێ!

پارێزەری دووەم:

(دەمی دەگرێ): خانمی ناتێلا ئەباشڤیلی! تۆ پەیمانت دا... گەورەم، ئەعسابی شکاتکارەکە...

ئازداک:

شکاتکارو شکات لێکراو: دادگا گوێی لە کەیسەکەتان گرت و، ئەوەی بۆ ڕوون نەبووەوە، کێ دایکی ڕاستەقینەی ئەم منداڵەیە. من وەکو دادوەر ئەو ئەرکەم لە سەر شانە، کە دایکێک بۆ ئەو منداڵە هەڵبژێرم. من تاقیکردنەوەیەک دەکەم. شاوڤا، پارچە تەباشیرێک بێنە. بازنەیەک لە سەر زەوییەکە بکێشە. (شاوڤا بازنەیەک بە تەباشیر لە سەر زەوییەکە دەکێشێ). منداڵەکە بخەرە ناو بازنەکەوە! (شاوڤا میخل دەخاتە ناو بازنەکەوە، میخل زەردەخەنە بۆ گروشە دەکا). شکاتکارو شکات لێکراو، لە تەنیشت بازنەکەوە ڕاوەستن، هەردوو کتان! (ژنی شاردارو گروشە دەچنە تەنیشت بازنەکەوە). دەستی منداڵەکە بگرن. دایکی ڕاستەقینە ئەو وزەیەی تێدا دەبێ، منداڵەکە لە بازنەکەوە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

پارێزەری دووەم:

(بە خێرایی): دادگای باڵا، من ناڕەزایی دەردەبڕم، کە چارەنووسی شتومەکە گەورەکانی ئەباشڤیلی، کە پێوەستی ئەو

مناڵەن وەکو میراتگر، دەبێ پابەندی شەڕێکی جێگومانی ئاوا بن. سەرەڕای ئەوەش: بریکاردەرەکەم هەمان وزەی ئەم کەسەی تێدا نییە کە فێرە کاری جەستەیی بکا.

ئەزداک:

بۆ من بە هێز دیارە. ڕایکێشن!

(ژنی شاردار مناڵەکە لە بازنەکەوە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. گروشە دەستی مناڵەکەی بەرداوە، بە حەپەساوی ڕاوەستاوە).

پارێزەری یەکەم:

(پیرۆزبایی لە ژنی شاردار دەکا): چیم وت؟ پێوەستی خوێن!

ئەزداک:

(بە گروشە). چیتە؟ تۆ ڕات نەکێشا.

گروشە:

من توند دەستیم نەگرتبوو. (بۆ لای ئەزداک ڕادەکا). گەورەم، لەو شتانەی کە دژی ئێوەم وتن پەشیمانم، داوای لێبووردنت لێ دەکەم. گەر بمتوانیبا مناڵەکە لە لای خۆم بهێڵمەوە، هەتا هەموو وشەکان فێر دەبێ. ئێستا چەند وشەیەک دەزانێ.

ئەزداک:

کار مەکە سەر دادگا! گرەو دەکەم، خۆت تەنیا بیست وشە دەزانی. باشە، من تاقیکردنەوەکە جارێکی دیکە دەکەم، بۆ ئەوەی بە یەکجارەکی بۆمان دەرکەوێ.

(هەردوو ژنەکە جارێکی دیکە ڕادەوەستن).

ڕاکێشن!

(جارێکی دیکە گروشە دەستی مناڵەکە بەر دەدا).

گروشە:

(داماو) من بەخێوم کردووە! قۆڵی لە بن دەربهێنم؟ ناتوانم.

ئازداک:

(هەڵدەستێتە سەر پێ): بەمەیش دادگا بۆی دەرکەوت، کێ دایکی ڕاستەقینەیە. (بە گروشە): مناڵەکەت بگرەو بیبە. ئامۆژگاری ئەوەت دەکەم، لەگەڵیدا لە شار نەمێنیتەوە. (بە ژنی شاردار): تۆش ونبە لە بەرچاوم، هەتا لە بەر ساختەبازیی حوکمم نەداوی. شتومەکەکان دەبنە هی شار، بۆ ئەوەی باخچەیەکیان بۆ مناڵان لێ دروست بکرێ، پێویستییان پێیەتی، من بڕیار دەدەم، کە بە ناوی منەوە «باخچەی ئازداک» ناو بنرێ.

(ژنە شاردار بووراوەتەوەو جێگر دەیباتە دەرەوە، پارێزەرەکان پێشووتر ڕۆیشتوون. گروشە لە جێی خۆی وشک بووە. شاوڤا مناڵەکە بۆ لای گروشە دەبا).

جبەی دادوەرییەکە لە بەر دادەکەنم، چونکە بۆ من زۆر گەرمە. من لای کەس خۆم ناکەمە پاڵەوان. بەڵام هێشتا بانگهێشتی ئاهەنگێکی سەماتان دەکەم، لە چیمەنەکەی دەرەوە، بۆ ماڵئاوایی. بەڵێ، لە مەستیدا خەریک بوو شتێکم لە بیر بچێ، واتە کە من جودابوونەوەکە کۆتایی پێ بهێنم. (کورسی دادوەرییەکە وەکو مێز بە کار دەهێنێ، شتێک لە سەر کاغەزێک دەنووسێ و دەیەوێ بڕوا. مۆسیقای سەما دەستی پێکردووە).

شاوڤا:

(کاغەزەکە دەخوێنێتەوە): بەڵام ئەمە تەواو نییە. ئێوە بڕیاری

تەڵاقی دوو پیرەکەتان نەداوە، بەڵکو گروشە لە مێردەکەی.

ئەزداک:

بڕیاری تەڵاقیانم بە هەڵە دەرکردووە؟ بە داخەوەم، بەڵام وا دەمێنێتەوە، لە هیچ شتێک پەشیمان نابمەوە، ئەگینا نەزم نامێنێ. (بە ژن و مێردە زۆر پیرەکە): لە جیاتی ئەوە بۆ ئاهەنگەکەم بانگهێشتتان دەکەم، بۆ سەما یەکتر بە باش دەزانن (بە گروشەو سیمۆن): لە ئێوە بە یەکەوە ٤٠ پیاستەر وەردەگرم.

سیمۆن:

(کیسەکەی دەردەهێنێ): ئەمە هەرزانە، گەورەم. زۆر سوپاس.

ئەزداک:

(پارەکە دەخاتە گیرفانییەوە): پێویستم پێی دەبێ.

گروشە:

باشترە هەر ئەمشەو لە شار دەرچین، وانییە میخل؟ (دەیەوێ منداڵەکە بخاتە سەر پشتی. بە سیمۆن): منداڵەکەت بە دڵە؟

سیمۆن:

(منداڵەکە دەخاتە سەر پشتی): بە گوێڕایەڵی ڕایدەگەیەنم، کە بە دڵمە.

گروشە:

ئێستا پێت دەڵێم: منداڵەکەم لەگەڵ خۆم برد، لە بەر ئەوەی لەو یەکشەمەی جەژنەدا لە تۆ مارە بڕرام. کەواتە ئەمە منداڵێکی خۆشەویستییە، میخل، سەما دەکەین.

(لەگەڵ میخل سەما دەکا. سیمۆن ژنە ئاشپەزەکە دەگرێ و سەمای لەگەڵ دەکا. ژن و مێردە پیرەکەیش سەما دەکەن. ئازداک نوقمی بیرکردنەوەیە. سەماکەرەکان هەر زوو دەوری دەگرن. جاروبار دەبینرێ، هەتا پیاو و ژنی زۆرتر دێن و سەما دەکەن ئازداک کەمتر دەبینرێ).

گۆرانیبێژ:

پاش ئەم ئێوارەیە ئازداک ون بوو و نەبینرایەوە.
بەڵام گەلی گروزنیا لە بیری نەکردو هێشتا یادی
کاتی درێژی دادوەرییەکەی وەکو کاتێکی کورت
سەردەمی زێڕینی دادپەروەریی دەکردەوە.
(سەماکەرەکان بۆ دەرەوە سەما دەکەن. ئەزداک دیار نەماوە).
بەڵام ئێوە، گوێگرانی حیکایەتی بازنەی تەباشیر
بیرو ڕای پیرەکان وەرگرن:
هەموو شتێک دەبێ لەو شوێنەدا بێ، کە بۆی باشە،
واتە منداڵان بۆ دایکان، بۆ ئەوەی برەخسێن
گالیسکە بۆ گالیسکەوانی باش، بۆ ئەوەی باش بیان ئاژوون
پێدەشت بۆ ئاودەرەکان، بۆ ئەوەی بەر بگرێ.

(مۆسیقا)